

25

ڕێزگرتن لە ئاڵای کۆنفدرالیزم



46

کوردێن شەبەک.....



30

بایەخ و ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی



52

شەنگال بۆ ئێزیدیەکان و ریفراندۆمیش بۆ ئێوە

# ئازادیی کۆمەڵگە

Azadî Komelge

ژمــارە 16
ساڵی دووەم
نیسان ٢٠١٧
بانەمەڕ ٢٧١٧

www.komelge.com

Political, Intellectual and Social monthly Magazine

گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە

# باشوور پێویستی بە ئەزموونی شەنگالە



# Azadî Komelge



١٦

# ئازادیی کۆمەڵگە


گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە

**خاوەنی ئیمتیاز**
**محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)**

**سەرنووسەر**
**گۆران عەلی حەسەن ( گۆران پێنجوێنی)**

**دەستەی نووسەران**
**د. سالار باسیرە**
**سەردار ستار**
**بەیان عەلی**
**نەجیبە قەرەداخی**
**کامەران گوڵپی**
**کوردۆ شوانی**

**راوێژکاری یاسایی**
**پارێزەر هیلال ئیبراهیم**

پەیوەندییەکان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبن
07702227274
07501539197
goran.a.hesen@hotmail.com
www.komelge.com
www.facebook.com\ Azadi Komelge
چاپ: چاپخانەی بەهەست
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 1500 دینار


٣٣



١٥



٤٠




ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان – سلێمانی – گەڕەکی ئاشتی – باخی سەعید بەگ

# ڕاپرسی و جیابوونەوە لە کێ بکەین، بەغدا یان ئەنقەرە؟

ماوە ماوە پرسی ڕاپرسی و هەڕەشەی جیابوونەوە لەلایەن دەسـەڵاتـی سیاسی هەرێمی کوردستان باس دەکرێت، هەرچەندە ساڵی ٢٠٠٥ ریفراندۆمێکی نافەرمی کرد و ئەنجامیشی هێنا، بەڵام وەك کارتێکی فشار بەهاران دەست ئەکرێ بە «هەڕەشەی جیابوونەوە، ریفراندۆم و چیتر ناتوانین لەگەڵ بەغدا بەردەوامبین».

لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ تاکو ساڵی ٢٠٠٣ هیچ دامودەزگا و پەیوەندیەکی فەرمی لەنێوان هێزە کوردیەکان و بەغدا نەبوو، لە دەرەوەی هێنانی سوپای عێراق لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦، بەڵام پەیوەندی و هەبوونی دامودەزگای دەوڵەتی تورك، بەتایبەتی لەڕووی سەربازی و هەواڵگرییەوە، بەشێوەی ئاشکرا و نهێنی لە هەرێمی کوردستان هەبووە لە ساڵی ١٩٩٢ دەستی پێکرد و لە ١٩٩٥ و ١٩٩٧ چالاکی و ئۆپەراسیۆن پێکەوە ئەنجامدراوە.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣، هێزە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا خولێکی نوێیان لەپەیوەندی دەستپێکرد و دەستوور و حکومەت و عێراقی نوێیان لەگەڵ پێکهاتەکانی تری عێراق دروست کردەوە، بەڵام هیچ دامودەزگایەکی بەغدا نەگەڕاوەتەوە هەرێمی کوردستان، ئەگەر دەزگایەکیش هەبێ ئەوا بەرپرسەکانی کوردبوونە.

پەیوەندی و دامەزراوەکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان زیاتر بەرەو پێشەوە دەچوو، ئەو هێز و بنکە و کامپە سەربازیانەی دەوڵەتی تورکیا خۆیان بەدامەزراوە کردووە، پاشان لەلایەنی ئابووری لەڕووگای کۆمپانیا بازرگانیەکانەوە بەتەواوی خۆی بەدامەزراوە کردووە، نمونەش دروست کردنی فڕۆکەخانەی» اربیل» و کردنەوەی لەلایەن سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی دەوڵەتی تورکیا» ئەردۆغان». هەروەها جێگیرکردنی ١٩ سەربازگەی ئەرتەشی تورکیا، لە هەمانکات بەدەیان بنکەی پەروەردەی و پەیمانگا و زانکۆ لەلایەن دەوڵەتی تورك کراوەتەوە، نمونەی « کۆلیژەکانی ئیشق و جیهان» و پەیمانگەی سەلاحەدین و قوتابخانەکانی نولیفەر. ئەوە ئەزانین کە هیچ کۆمپانیا و ناوەندێکی خوێندن و هەتا ئەوەندەی سەرۆك وەزیرانی هەرێم و بەرپرسەکانی ئەوەندی چوونەتە ئەنقەرە نیوەی ئەوەندە نەچوونەتە بەغدا.

بێگومان بڕیاری ریفراندۆم لەدەستی خەڵکی هەرێمی کوردستانە، لەبەر ئەوەی هێشتا ناوچە کێشە لەسەرەکان نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان بۆیە ناتوانن لەو ناوچانە ڕاپرسی بکەن. ماددەی ١٤٠یان پەسند کرد، بەڵام تائێستا چارەسەری ناکەن، لەشوێنی ئەمە ئاڵای هەرێمی کوردستان هەڵ ئەکەن!!

شەنگال ناپارێزن و خەڵکەکەی تەسلیم بەداعش ئەکرێت، لەولاشەوە خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیانەی پەسند ناکرێ و هێرشیش دەکرێتە سەر هێزەکانی یەبەشە کە سێ ساڵ شەڕی داعشیان کرد و چەندین شەڕڤانیان لێ شەهید کردن.

لە ئێستا بڕیاردەری سەر هەرێمی کوردستان لە بەغدا زیاتر ئەنقەرەیە، بینیمان زیاتر لە دە ساڵە داوای کشانەوەی هێزەکانی دەکرێت، داوا دەکرێت نەوتی هەرێم هەرزان فرۆشی تورکیا نەکرێت، بەڵام ئەبینین هەرێم کەوتۆتە ژێرباری قەرز و قەیران لەبەر ئەو پەیوەندی و هەبوونەی تورکیا لەهەرێمی کوردستان. بۆیە ئەگەر بڵێین ئایا ڕاپرسی بکەین بۆ جیابوونەوە لە ئەنقەرە باشتر نیە؟!، چونکە بەغدا هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر هەرێمی کوردستانەوە نیە و بۆخۆشی چەندین پارچەیە و لەوپەڕی لاوازیە.

خۆناکرێت ریفراندۆمی ١٦ی نیسانی تورکیا دوای ستەم و کوشتاری و زوڵمێکی زۆر بکرێتە نمونە، کەهێشتا ئەنجامەکانی لە ژێر پرسیاردان و گوومانی زۆر ئەوەیە کە دەنگی «نەخێر» سەرکەوتووە، سەرکەوتنی کورد لەو ریفراندۆمە نابەرانبەرە بەنرخ و واتادارە.

# د.فایەق گوڵپی:
# حیزبەکانی ئێمە خۆیان ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەوەی داگیربکرێن

ئازادیی کۆمەڵگە

دیدار: گۆران پێنجوێنی



دکتۆر فایەق مەحمەد ئەحمەد گوڵپی

سەبارەت بە دوایین بارودۆخی باشوری کوردستان و شەنگال و پرسی ریفراندۆم ئازادیی کۆمەڵگە دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر فایەق مەحمەد ئەحمەد گوڵپی سەرۆکی بۆردی ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراتی سازکرد، بەشێوەیەکی بەرفرەوان قسەوباس سەبارەت بەهەموو بابەتەکان کراوە .

**ئازادیی کۆمەڵگە: پێش ئێستا تورکیا هێزی نوێی هێنایەوە ناوچەکانی بادینان و سیدەکان، ئەگوترێ لە گەڵ پ د ك -عێراق پێکەوە هێرشیان کردۆتە سەر شەنگال، هەمانکات ئەگوترێ باسەکەیان گۆڕی لە دەستدرێژی بۆسە شەنگال بۆ پرسی ئاڵا و ریفراندۆم. ئایا هۆکاری ئەمانەچیبوو؟**

د.فایەق گوڵپی: پارتی و تورکیا دەیانویست شەڕێك دروستببێت لە عێراق و باشوری کوردستان، ئەمەش لە کاتێکدایە تەنها ئەو دوو هێزە ئەم خواستەیان هەبوو، هێزەکانی تر وەك پارتی کرێکارانی کوردستان و بەشێك لە پارتەکانی تری باشوور، عێراق، ئەمەریکا، ئێران و روسیا نەیان دەویست شەڕ دروستبێت، شەڕێك هەبوو لەنێوان دوو ئیرادەدا، ئیرادەیەکی شەڕخواز و ئیرادەیەکی ئاشتی خواز، بێگومان ئەو هێرشکردنە و هێز جوڵاندنەی پارتی و تورکیا کەکردیان بەزووی کۆتای هات، ئەمە لەخۆیدا شکستێك بوو هەم بۆ تورکیا و هەمیش بۆ پارتی، بۆ ئەمەشە پارتی دەیەوێت بە شتێکی تر قەرەبووی ئەو شەڕەبداتەوە، یەکێکیش لەوانە مەسەلەی ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆی هەرێمی کوردستانە کەدەیکاتە رۆژەڤ، ئەمەش هەڵوێستێکی ستراتیژی پارتی نییە، بەڵکو تاکتیکێکی تری پارتی یە بۆ شاردنەوەی شکستەکانی خۆی.

**ئازادیی کۆمەڵگە : ئەو شەڕەی تورکیا و پارتی دژی پەکەکە یە یان کۆمەڵگەی ئێزیدی کوردی باشوور؟**

د.فایەق: ئامانجێکی سەرەکی تورکیا شەڕە دژی گەلی کوردە ئەویش قۆناخ

بە قۆناخ ئەم شەڕە دەکات، لەسەرەتادا دەیەوێت شەڕ دژی پەکەکە و شەڕی پەیەدە و رۆژئاوا بکات، دوابەدوای ئەوەش بە گوێرەی ئامانجەکانی خۆی شەڕی باشوری کوردستان و یەکێتی و تەنانەت شەڕی پارتیش بکات، ئەو شەڕەی شەنگالیش لەو چوارچێوەیەدا بوو کە زەربەیەك لە پەکەکە بدات و لەوێشەوە پەل بهاوێژێت بۆ دەسکەوتەکانی رۆژئاوای کوردستان، ئەگەر شەڕی لە دژی باکووری کوردستان و رۆژئاوا سەرکەوت دواتریش شەڕی باشوور دەستپێدەکات.

**ئازادیی کۆمەڵگە: دەستکەوتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق لە ئەنجامدانی پیلانەکانی تورکیا دا چییە؟**

د. فایەق گوڵپی: دەتوانین بڵێین پارتی دوو سیفاتی زۆر خراپی هەیە! یەکەمیان بەداخەوە لە مێژووی ئەم پارتەدا وڵاتانی ئەقلیمی بۆ مەرامی سیاسی خۆیان بەکاریان هێناوە لە بەرامبەر چەند دەسکەوتێکی مادی کە لە بەرانبەردا بەکاریان هێناوە لە دژی دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان، دەتوانم بڵێم ئەو هاوپەیمانییەی ئێستای نێوان پارتی و تورکیا؛ داواکاری تورکیایە، تورکیا دەڵێت من دۆستایەتیت دەکەم تۆش لەبەرامبەردا دژایەتی دەسکەوتەکانی گەلی کورد بکە (دەسکەوتەکانی رۆژئاوا و خۆبەڕێوەبەری شەنگال..... هتد). دووەمیان پارتی وەك هێزێکی دەسەڵاتخواز کێبڕکێ لە گەڵ هێزە کوردستانیەکاندا دەکات بۆ ئەوەی لە ژێر هەژموونی ئەودابن یان لە نفوسی ئەو کەمنەکەنەوە، بۆ نمونە پارتی



ئاڵای لایەنەسیاسیەکانی هەرێمی کوردستان

کرێکارانی کوردستان PKK بەشێوەیەکی گشتی وەك جوڵانەوەیەکی سیاسی، نەتەوەیی و دیموکراتی لە پارچەکانی تری کوردستان بۆتە هێزێکی سیاسی، پارتی لەم هێزە دەترسێ کەلە باشووری کوردستان ئاستەنگی بۆ دەسەڵاتەکەی دروست بکات، بۆ ئەمەش پارتی هەڵدەستێت بە دژایەتی کردنی بەتایبەت لە پارچەکانی تری کوردستان: ئەوەش دەبینین کە لە باشووری کوردستان چ هەڵوێستێکی نادیموکراتانەی هەیە، بێگومان لێرەدا تورکیا و پارتی یەك ئەجێندایان هەیە، ئەویش لاوازکردنی پارتی کرێکارانی کوردستانە.

**ئازادیی کۆمەڵگە: رەهەندەکانی داگیرکاری تورکیا لە ناوچەکەدا چییە؟**

د.فایەق گوڵپی: دەتوانین رەهەندەکان پۆلێن بکەین بۆ(سیاسی، ئابووری، کلتوری و سەربازی)، ئەگەر باس لە ئابوریەکە بکەین ئێستا بەشی هەرە زۆری نەوت و غازی هەرێمی کوردستان

بۆ تورکیایە، بە جۆرێك سامانە ژێر زەویەکان بە رێکەوتنێکی نهێنی حیزبی نێوان پارتی و تورکیا بۆ ماوەی پەنجا و پێنج ساڵ کە بۆی هەیە نەوت و غازی تورکیا لێرەوە بۆی هەناردە بکرێت، بێگومان تورکیاش سودێکی بێشوماری لێوەردەگرێت، ئەمەش لە کاتێکدا کە شێوازی مادییەکەی بە نادیاری ماوەتەوە، لە روویەکی ترەوە تاکو هەرێمی کوردستان لە رووی ئابووری و پیشەسازی و گەشت و گوزارییەوە بەو شێوەیە بمێنێتەوە هەرێمی کوردستان ساخکردنەوەیەکی شتومەکی تورکیایە ئەمە لە روانگەی ئابوریەوە.

لە روانگەی کلتورییەوە باش ئەوە دەزانین تورکیا ئەو کلتورەی خۆی بەباشی دەزانی لە هەوڵی بڵاوکردنەوەیەتی لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە رێگەی فیلمەکان و کەناڵە راگەیاندنەکانیەوە کە بەشێکیان راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە خزمەت ئەجێندای تورکیان.

لە روانگەی سەربازیەوە ساڵەهای ساڵە بنکەی سوپای تورکیا بوونیان هەیە لە ناوچەکەدا، پاریش بنکەیەکیان هێنایە باشیك؛ کەئەمەش بەشێکە لە داگیرکاری.

لە روانگەی سیاسیەکەیشەوە دەبینین ئەوەی تورکیا دەیکات، ئێمە لە عێراقدا هەرێمێکی فیدڕاڵین بە گوێرەی دەستووری عێراقی، بەڵام تورکیا ئامادەنیە بە گوێرەی دەستوری عێراقیش دانبنێت بە فیدڕاڵی هەرێمی کوردستان، کەتائێستاشی لە گەڵ بێت دەڵێت»شیمالی عێراق»، لە زۆرینەی وتارەکانیشیاندا بەئاشکرا دەڵێن



وێنەی یەکێك لە بنکە سەربازیەکانی تورکیا لە هەریمی کوردستان

ویلایەتی موسڵ وکەرکوك هەرێمی کوردستان بە بەشێکە لە خاکی تورکیا و هەوڵدانی هەیە بیخاتە ژێر رکیفی خۆیەوە، بێگومان دەبینین ئەمڕۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ تورکیا دەست ناخاتە ناو ئاویشەوە.

> **ئەکەپە دەیەوێت سیاسەتی دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیندوبکاتەوە**

لەبەر ئەم هۆکارانەش دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان رەهەندەکانی سەربازی، کلتوری، ئابووری و سیاسیەوە لە لایەن تورکیاوە داگیر کراوە.

**ئازادیی کۆمەڵگە: هۆکاری پێداگیری کردنی تورکیا بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستان چییە؟**

د.فایەق: ئەو سیاسەتەی ئێستای ئەکەپە پەیڕەوی دەکات دەیەوێت سیاسەتی دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیندوبکاتەوە، ئێستا هەوڵدەدات سوریا داگیربکات، باشووری کوردستان داگیربکات و هەوڵدەدات هیچ مافێك نەدات بە گەلی کورد لە باکووری کوردستان، ئیستاش دەیەوێت ئەوەی لە رابردوودا وەك قوبرس داگیری کرد بەهەمان شێوە لە هەوڵی بەرفراوانکردنی خاکی تورکیایەتی، ئەگەر سیاسەتی عێراق نەبوایە لە رزگارکردنی موسڵ تورکیا بەشداری بکردایە ئەوە هێزی خۆی زیاتر لە ناوچەکەدا جێگیر دەکرد، بەدڵنیاییەوە دەبووە داگیرکاری عێراقیش، نەك بەتەنها کوردستان، یانی ئەکەپە سیاسەتێکی ئیستیعماری نوێی هەیە و دەیەوێت لە هەموو رووێکەوە

ولاتانی دراوسێی خۆی داگیر بكات، بەڵام بۆچی لە هەرێمی كوردستان بۆی دەچێتە سەر و لە شوێنەكانی تر بۆی ناچێتەسەر، دەتوانم بڵێم هەرێمی كوردستان خۆی ئامادەیە بۆ ئەمە، پارتیش كەهێزێكی دەسەڵاتداری هەرێمی كوردستانە رازییە بەوەی كە توركیا داگیربكات، رازییە بەوەی وەك سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیی كە ئیمارەتێكی هەرێمی كوردستانی هەبێت سەربە عوسمانیەت بێت بە كارێكی ئاسایی ئەزانێت، ئەگەر بێت و لە هەرێمی كوردستاندا سیاسەتێكی بە ئیرادە و یەكێتییەكی نەتەوەیی هەبوایە، ئەوكات دەوڵەتی توركیا نەی دەتوانی هەژموونی خۆی چ وەك كلتوری، سیاسی، ئابوری و سەربازییەوە وەك ئەمڕۆ كەدەیبینین بەو شێوازە بوایە.

**ئازادیی كۆمەڵگە: كەواتە دەتوانین بڵێین پارتی بۆ پەردەپۆشكردنی هێرشەكەی بۆ سەر شەنگال پرسی ریفراندۆم و ئاڵای كردۆتە رۆژەڤ؟**

د.فایەق گوڵپی: پارتی دیموكراتی كوردستان-عێراق هەموو كات پرسی ریفراندۆم، ئاڵا و سەربەخۆیی هەرێمی كوردستانی بۆ پەردەپۆش كردنی شكستەكانی خۆی بەكارهێناوە، نەك هەر ئەمجارەی شەنگال، بەڵكو دەتوانین بڵێین ئەو رۆژەڤەی بۆ ئەوە زیندوكردۆتەوە بۆ ئەوەی شەنگال بخاتەوە ژێر ركێفی خۆی و توركیا بهێنێتە شەنگال، بەڵام بۆی نەچووەسەر و لە پلانێكی تر دەگەڕێت كە پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆییە.

**ئازادیی كۆمەڵگە: كەواتە پارتی چی لە شەنگال و ئێزیدیەكان دەوێت؟**

د.فایەق گوڵپی: پارتی دەیەوێت هەرچی تاكی كورد هەیە ئینتیمای بۆی هەبێت و گوێڕایەڵی مەسعود بارزانی و بنەماڵەی بارزانی بن، هەربۆیە

> **ئەو رۆژەڤەی بۆ ئەوە زیندوكردۆتەوە بۆ ئەوەی شەنگال بخاتەوە ژێر ركێفی خۆی و توركیا بهێنێتە شەنگال**

شەنگالییەكان لەم حاڵەتەدا یاخیبوون لە ئێستادا خاوەن رێكخستن و سیاسەتی خۆیانن و دەشیانەوێت خۆیان خۆیان بەڕێوەببەن ئەم ئیدارەخۆكردنە بۆ پارتی كفرە، نەك بە تەنها بۆ شەنگالییەكان، بەڵكو دەترسن ئەو دیاردەیە بڵاوببێتەوە بۆ مەسیحییەكان، شەبەكەكان و پێكهاتەكانی تری كوردستان، داوای ئەو خۆبەڕێوەبەرییە بكەن ئەمەش واتە دیموكراسیەت و بڵاوبونەوەی دیموكراسیەت لە ناو كۆمەڵگە و سیاسەتی هەرێمی كوردستان، گرفتەكەش ئەمەیە پارتی دیموكراسیەتی قبوڵ نییە، پارتی تاكڕەویەتی حیزبی و تاكڕەویەتی فەردی قبوڵە، بۆیە ئەو ناكۆكیانە دروستدەبێت. ئەمەش جیاواز لەوەی كە پێگەی ستراتیژی شەنگال تایبەتە لە كاتێكدا هاوسنورە لە گەڵ رۆژئاوا و باشوور كە پارتی هەوڵەدا لە رێگەی داگیركردنیەوە هاوكات لە گەڵ توركیادا هێرش بكەنە سەر رۆژئاوا، بەڵام خۆشبەختانە نەیانتوانیەوە.

**ئازادیی كۆمەڵگە: وەك دیارە باشووری كوردستان بەهەلومەرجێكی داگیركاریدا تێدەپەڕێت، رۆڵی لایەنە سیاسیەكان چیدەبێت؟**

د.فایەق گوڵپی: خۆی لە خۆیدا لایەنە سیاسیەكان زەمینەیان سازكردوە بۆ ئەم داگیركارییە، ئێمە وەك كورد ئەزمونێكی خۆمان هەیە خاوەن هەرێمێكی فیدراڵینە ئەم هەرێمە فیدراڵیە بە گوێرەی دەستووری عێراق بەشێكە لە عێراق و كورد نوێنەرایەتی هەیە لە پەرلەمانی عێراق، لە رووی پەیوەندیشەوە هەرێمی كوردستان

> **شەنگالییەكان لەم حاڵەتەدا یاخیبوون لە ئێستادا خاوەن رێكخستن و سیاسەتی خۆیانن و دەشیانەوێت خۆیان خۆیان بەڕێوەببەن**

لەگەڵ ئەمەریكا و ئەوروپا.....هتد، پەیوەندیمان هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەمان خۆیان بەگوێرەی دەستوور لە گەڵ عێراق ناجوڵێنەوو بە گوێرەی

## پارتی دیموکراسیەتی قبوڵ نییە، پارتی تاکڕەویەتی حیزبی و تاکڕەویەتی فەردی قبوڵە

بەرژەوەندی شەخسی، حیزبی لەگەڵ ئێران و تورکیا دەجوڵێنەوە، ئەمەش وای کردوە ئێمە چەند پەیوەندیمان لە گەل عێراق هەبێت هێشتا هەر لەگەڵ ئێران و تورکیا پەیوەندیمان بەهێزتر بێت، لە کاتێکدا ئێران و تورکیا هیچ پەیوەندییەکان بە ئێرەوە نییە، حیزبەکانی ئێمە خۆیان ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەوەی داگیر بکرێن، خۆمان ڕێخۆشکەری دوژمنانین بۆسەر خاکەکەمان.

**ئازادیی کۆمەڵگە: چۆن رزگارمان ببێت لەمەترسی داگیرکەری؟**

د.فایەق گوڵپی: بەڕاستی پێویستمان بە شۆڕشێکی هزری سیاسی هەیە، ئێمەش میلەتێکین وەك میلەتانی جیهان بۆچی دەبێت ئێران و تورکیا بەڕێوەمانببەن، بۆچی خۆم خۆم بەڕێوەنەبەم، ئێمە بەشێکین لە عێراق بۆیە هەندێك کار دەبێت لە ڕێگەی عێراقەوە چارەسەر بکەین، ئەگەر هێزێکی سیاسی بە خۆیدا چویەوە یان هێزێکی سیاسی خاوەن ئیرادە دروستبوو ئەو کات دەتوانین سنورێك بۆ ئەو داگیرکاریە دابنێین، ئەگەر تا ئەم حیزبانە لە سەر دەسەڵاتبن هەر داگیرکاری بەردەوام دەبێت، چونکە خۆیان ڕێگە خۆشکەری ئەوەن و دیارە بەرژەوەندییەکی مادیشیان تێداهەیە.

**ئازادیی کۆمەڵگە: ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی بۆ پرسی ریفراندۆمە یان سەپاندنی هێزی پارتییە؟**

د.فایەق گوڵپی: زۆر کەس دەڵێن یەکێتی کەوتۆتە ژێر رکێفی پارتییەوە! بەڵام من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدانیم و وای نابینم، یەکێتی لەسەر پرسی شەنگال لە گەڵ پارتی نەبوو، هۆکارێکیش لە هۆکارەکانی شکستی پارتی لە شەنگال ئەمەبوو. لە ماوەی

## حیزبەکانی ئێمە خۆیان ئامادەکاری دەکەن بۆ ئەوەی داگیربکرێن

رابردوودا لە کەرکوك دووجوڵەی سیاسی کرا، هەردووکیشیان لەلایەن یەکێتییەوە بوو، لەلایەك دەستیان گرت بەسەر کۆمپانیای نەوتی باکوور کەپارتی زۆر پێی نیگەران بوو، جوڵەکەی تر بەرزکردنەوەی ئالای هەرێمی کوردستان بوو لە کەرکوك وە بڕیاری راپرسی بوو بۆ گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەمەش دەسکەوتی یەکێتی بوو، سیاسەتی یەکێتی بۆ پرسی نەتەوەیی ئەوەبوو کەدەیوت سەرەتا ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان پاشان ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، بەڵام پارتی باسی ناوچە دابڕاوەکانی نەدەکرد، بەڵام ئێستا پارتی کەوتۆتە سەر ئەوسکەیە کە دەبێت ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە سەر هەرێم دواتر راپرسی ئەنجام بدرێت، بۆیە بەباوەڕی من لێرەدا پارتی کەوتۆتە شوێن سیاسەتی یەکێتی و دەتوانین بڵێین پارتی کەوتۆتە ژێر رکێفی یەکێتییەوە.

**ئازادیی کۆمەڵگە: ئەگەر پرسەکان بەم شێوەیە بڕوات بوونی هێزەکانی تورکیا لەم ناوچەیە مەترسی چی دەبێت؟**

د.فایەق گوڵپی: بوونی ئەو بنکە سەربازیانەی تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق، ئەمەریکا، عێراق و ئیران و رووسیا و هێزەکانی تری باشووری نیگەران کردوە و بە پێشێلکردنی سەروەری خاکی عێراقی دەزانن، تەنها هێزێك کە لە گەڵ لەشکرکێشی تورکیابێت پارتیە، بۆیە دوای نەمانی شەڕی داعش، ئەمەریکا و عێراق و دۆستەکانیان ئاوڕێك لە تورکیا دەدەنەوە، ئەگەر تا ئەوکاتەش پارتی هەر لە گەڵ تورکیادابێت ،ئەوە بێگومان ئەو کات پارتیش وەک تورکیا دەکەوێتە بەر هێرشی عێراق و ئەمەریکا هێزەکانی تری کوردستانیش.

# نووسەرێك: دیموكراسییەت لەبەڕێوەبەرایەتی سیاسیی باشوور بوونی نەبووە

ئازادیی کۆمەڵگە

ئا: ئاسۆ جەوهەر

چالاکانی سیاسیی رایدەگەیەنن، ئەجێندایەکی تورکیی لە ناوچەکەدا هەیە، ئەو شەڕەی تورکیاش بە پەکەکەی دەکات، بە پاڵپشتی بودجەی باشووری کوردستان دەکرێت، جەختیشدەکەنەوە: تورکیا کولتووریی کوردیی جینۆساید دەکات.

خوێندکارێکی زانکۆش رایدەگەیەنێت، هەرێمی کوردستان جگە لەوەی کراوە بە ناوەندێک بۆ ساغکردنەوەی کاڵای تورکیی، هەروەها کراویشە بە ژینگەیەک بۆ ناوەندی ئەکادیمی و دینی و کولتووریی تورکیا.



عەزیز رەوف، نووسەر، ئاماژە بەوەدەکات کە: مێژووی تەراتێنی هێزە سییەکان لە هەرێمی کوردستان، مێژوویەکی تازە نییە، ناشتوانین بیبەستینەوە بە چرکەساتی ئێستاوە، لە دوای ساڵی١٩٩١-ەوە هەرێمی کوردستان شوێنی تەراتێنی هێزە هەرێمییەکان و هێزەکانی ناوچەکە بووە، چ ئێران و چ تورکیا و عێراقیش. ئەو، بە ئازادیی کۆمەڵگەی راگەیاند: هەمیشە ئەو هێزانە بەشاراوەیی بێت یان بە ئاشکرا، پاڵپشتیی هێزێک لە هێزە کوردییەکانیان کردووە، لە هەرێمی کوردستان؛ ئەمەش ئێستا لە چڵەپۆپەیایەتی بۆ بەرگری کردن لە پارتێکی وەکو پ د ك و ئێستا زۆر بە ترسناکی بەرچاو دەکەوێت و دەبینرێت، پارتیی فشارێکی زۆر گەورەی لەسەرە، زۆربەری ناوچەکانی بادینان هەژموونی پارتیی کرێکارانی کوردستانی بەسەرەوەیە، لەو لاشەوە شەنگال، بۆیە پارتیی کەوتووەتە پەلەقاژەیەکی گەورە و مادام هاسنوریشە لەگەڵ تورکیا، ئەوا ئەمە بە مەترسییەکی! گەورە دزانێت. لە خۆرئاواشەوە کانتۆنەکان هەیە، ئەو سنوورە داخراوە، بۆیە بە هەرپێوەرێک بێت دەیەوێت شەنگال بگرێتەوە و لەو سنوورە فشارەکانی بۆ سەر خۆرئاوا دەستپێبکاتەوە. هەر بۆیە بە بڕوای من ئەمە بوعدێکی تاریخی هەیە، هی چرکەساتی ئێستا نییە و ساڵی ١٩٩٧ مان بیرە، لەشەڕی ناوخۆی هێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان، کە پارتیی دەستی تورکیای گرت و تورکیا کۆمەکێکی باشی پارتیی کرد، بە هێزی پیادە و ئاسمانی کۆمەکی پارتیی کرد. ئەمە ئەجێندایەکە روون و ئاشکرا دیارە، ئەگەر هێزەکانی تر بە نهێنی یارمەتی هێزە کوردییەکانی تر بدەن، ئەم هێزە زۆر بەئاشکرا سەرۆکایەتیی بەناو یان ماوە بەسەرچووی هەرێم لە تورکیا دەگەڕێتەوە و شەڕەکە دەستپێدەکات! تاکە شتێک کە ناشاردرێتەوە و زۆر ئاشکرایە ئەوەیە، ئەم ئەجێندایەی هەیە ئەجێندایەکی تورکییە لە ناوچەکەدا، رۆڵی هەیە لە فراوانخوازیی دەسەڵاتی تورکیی لەم ناوچەیە و مەترسییەکی زۆریشی هەیە، لە ناوچەی سلێمانیی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی و گۆڕاندایە و دەرگەیان کراوەتەوە بۆ گەریلاکانی پەکەکە، هەر بۆیە کورد لە ململانێیەکی گەورەدایە لەم ناوچەیە.

ئەو نووسەرە، هێمای بۆ ئەوەشکرد «ئەم داگیرکارییەی تورکیا تەنها بۆ سەر هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو بۆسەر

خۆرئاوای کوردستانە، تورکیا بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی کانتۆنەکانی خۆرئاوا دەکات، بە مەترسییەکی زۆر گەورەشی دەزانێت و فشاری زۆر دەخاتە سەریان و داعشیان بۆ دروست دەکات، بەڵام لە هەرێمی کوردستان جیاوازە و جیاوازییەکە چەند خاڵێکە: یەک لەوانە، ئابووریی هەرێمی کوردستان دەچێتە بازاڕەکانی تورکیاوە، چ لەو شمەک و کاڵایەی لە بازاڕی هەرێمی کوردستان خاڵی دەبێتەوە، جگە لەو نەوتەی بە تاڵان دەدرێت بە تورکیا، ئەمانە وادەکات هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی کراوە و گرنگە بۆ تورکیا، ئەگەر ئەم هەرێمە هەیمەنەی گۆڕان و یەکێتیی بەسەردا هەبێت ئەوا هەیمەنەی پارتیی کزدەبێت، هەیمەنەی تورکیاش لێرە کزدەبێت. هەر بۆیە هاتووە بەدوای هاوپەیمانیەتییەکادا دەگەڕێت، تەنانەت ئامادەبێت لە سیناریۆیەکدا دێت ئاڵای هەرێمی کوردستان لە ئەنقەرە هەڵبکات، ئاساییە لای ئەم پەیوەندیانە بەردەوام بێت. خاڵی دووەمیش پەیوەندی بەو فەراخە فیکرییەی هەرێمە کوردستان هەیە، هەستیپێدەکرێت کە گەنجێکی زۆر رووەو ئاڕاستەی پارتیی کرێکارانی کوردستان و تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان دەچن، کە هەستدەکەی جۆرێک لە جوڵە دروست بووە، بە تایبەتی بە شێکی زۆر لە خاکی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بادینان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پەکەکەوە، لە خواکوڕکەوە هەتا دەگاتە شەنگال، ئەمە مەترسییەکی ئێجگار گەورەیە بۆ تورکیا و بۆ پەکەکە کە ئەم لێشاوە هاتووەتە پێشەوە.

عەزیز رەوف، ئەوەشی وت: تورکیا بەردەوام دەبێت لەم سیاسەتانەی، بەڵام خۆشبەختانە ئەم سیاسەتەی تورکیا لە ئاستی نێودەوڵەتییدا بەهەڵە لە قەڵەم دەدرێت و ئەوروپا فشارەکانی بۆ سەر تورکیا چڕ کردوەتەوە، چونکە مافی مرۆڤی تێدا ناپارێزرێت و توندوتژیی! بەرهەم دەهێنێت و کۆمەکی هێزە ئیسلامییەکان دەکات؛ ئەوەشی پەیوەندی بە کەیسی ئەورپاوە هەیە، ئەردۆغان سەرکێشییەکی زۆر گەورەدەدکات.

**ئەم داگیرکارییەی تورکیا تەنها بۆ سەر هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو بۆسەر خۆرئاوای کوردستانە**

محەمەد حیکمەت، خوێندکاری بەشی ئابووریی - زانکۆی سلێمانیی، ئاماژە بەوە دەکات تورکیا و هەرێم لە نێوان کۆنتاکتی ئابووریی و دەمارگیریدان، گەر بە مێژووی عوسمانی و پەیوەندی میرە کوردییەکان بچینەوە، دەبینین کورد لەچوارچێوەی مێنتاڵێتە خێڵەکی و دەربەگایەتییە خۆیەتییەکەیدا، داتاشراوە بە دەوڵەتی عوسمانییەوە(پاشکۆ و دەسکەلا)، کورد لە قۆناخی عوسمانییدا، ساڵانە و مانگانە باج و خەراجێکی زۆریان لەکۆی ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان (ناوچە کوردنشینەکان) کۆکردوەتەوە و وەک دیاری پێشکەشی خەلیفە و ئەمیرەکانی عوسمانییان کردوە. ئەو، بە ئازادیی کۆمەڵگەی وت: لەم مۆدێلەی کورد (ئاغا و سەپان)دا دەسەڵاتێکی ئابووریی سەربەخۆیان نەبووە، لەلایەک کوڕانی خێڵ خاوەنداریەتی سیاسیی و ئابووریان کردوە، لەلایەکی ترەوە دەسکەلای عوسمانی بوون، لە ئابووریی لە مینتاڵێتی خێڵەکی کورددا واتە سیستمێک لەلایەک پشتی بەڕەتاندنی جوتیاری کورد بەستوە(کاری بێگار) و لەلایەک ئاغا و میری کورد، ئەم رەنج و ماندوێتیەی جوتیاری کوردیی، دەرخواردی دەوڵەت و خەلیفەی عوسمانی داوە، ئەمە جگە لەوەی دراوی بەکارهاتووی کورد یان هەرهەمان دراوی دەوڵەتی عوسمانی بووە، یان دراویان بەناوی خەلیفە و دەوڵەتی عوسمانییەوە لێداوە، ئەمە شیرازەی پەیوەندی بەرهەمهێنان و ئابووریی کورد بووە لەو مێژوودا.

ئەوەش دەخاتەڕوو، کە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی کراوە بە ناوەندێک بۆ ساغکردنەوەی شمەکی تورکیی، هەروەها کراویشە بە ژینگەیەک بۆ ناوەندی ئەکادیمی و دینی و کولتووریی تورکیا.

جەختیکردەوە: ئێستا و بە هەڵهێنجانێکی ئەو مێژووە، دۆخەکە هەمان مێژووە لەشیرازەی نوێدا، تورکیا بە پشت بەستن بەسیاسەتی عوسمانی نوێ یان پان عوسمانی، هەمان میتۆدی کۆن نمایش دەکات، لەم سەردەمەدا ئەوەی خەونی تورکیایە، گەڕانە بەدوای بازاڕێکدا بۆ دەسخستنی وزەی خۆیی و ساغکردنەوەی کاڵای خۆی، باشترین بازاڕیش باشووری کوردستانە، دەبینین باشوور جیا لەوەی سێنتراڵێکە بۆ شمەک و کاڵای تورکی،

ژینگەیەکیشە بۆ ناوەندی ئەکادیمی و دینی تورکیا، گەر هەندێک لەپرۆژە و تاکتیکی ستراتیژیەتی تورکیا بخەینەڕوو باشتر دەزانین، چەند زانکۆ و بواری پەروەردەیی تورکی لەهەرێم هەن و کولتووری تورکی نمایش دەکەن، زۆربەی فەزای میدیایی و راگەیاندن لەژێر سیاسەتی تورکدا رۆژانە وانەی تورکی دەڵێنەوە بۆ دروست کردنی کاریگەری کۆمەڵایەتی چەواشەکردنی پرسەکان، سەرجەم مارکێتە گەورەکان چ لەهەولێر چ لە سلێمانیی ئەو شمەکانە ساغ دەکەنەوە کە لە ئەستەمبوڵ (پایتەختی ئابووریی تورکیا) بەرهەم دەهێندرێت، ئەمانەش وەک نمونەی کاریگەری تورکیا، نمونەش وەک ماجدی مۆڵ لقەکانی...

لەوەش دەدوێت: هەوڵی تورکیا، ئەوەیە لایەنی سیاسیی و ئابووریی باشووری کوردستان لەبازاڕێکی گەورەدا کۆبکاتەوەو کاڵاکانی خۆی بخاتەڕوو، لەیەکی تریش دەیەوێ ئابووریی و بەرهەمی ناوخۆی باشوور لە کەمترین سەرچاوە کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەم پاروە ئاسانتر قوت بدا، سەرجەم سێکتەرەکانی تری وەک کشتوکاڵ و پیشەسازی بفەوتێنێ و خەونی تورکیا بەدی بهێنێت، بۆ بەڵگەی ئەم قسەیەشمان باشوور خاوەنی هیچ بەرهەمێکی ناوخۆیی نییە، سەرچاوەی مامەڵەی هەرێمیش تەنها سەرچاوەیە و ئەویش نەوتە، نەوتیش وەبەرهێنانی لەناوخۆدا بۆناکرێت، واتە ئەرکی حکومەتە میکرۆ دەوڵەتۆچکە کوردییەکەی باشوور ئەوەیە، ئەم شمەکە(نەوت) لەشمەکی سەرەتاییەوە(دۆخی سروشت)وەربگرێت، تحویلی بکات بۆشمەکی نیمچە دروست کراو و بینێرێتە تورکیا، واتە پیشەسازیەکی تەواوکاریی بۆ ناکرێت (دەستی کار ناڕەخسێت لەباشوور و بازاڕ نابوژێتەوە)، لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە دەنێردرێتە بازاڕی جیهانییەوە، کە داهاتی بۆ تورکیا دەچێت، لێرەشدا ئەوەی سەرپەرشتی ئەم فرۆشتنە دەکا زاوای ئەردۆغانەوە و زۆربەی داهاتی نەوت بەپێی بەڵگەنامەی ویکلیکس داهاتی لە ٪٦٠ ئەم ڕێژەیە تورکیا خاوەنداریەتی لێدەکات و لە ٪٤٠ وەک داهات دێتەوە هەرێم، ئەمەش هەژموونی تیۆری ئابووریی تورکیایە بەسەر باشوورەوە، لەم چوارچێوەیەشدا باشوور ناتوانێت ببێتە خاوەنی هیچ

> **لە نێوان مانگی ٨ ساڵی ٢٠٠٧ ی مانگی ٩ ساڵی ٢٠١٥ دەبینین ٧٣٢ پرۆژە هەیە ٣٣٣ لەهەولێر کاری تێدادەکرێت**

بوژانەوەیەک و ناشتوانێت خاوەنداری لە بەرهەم و دەزگای بەهێزی بەرهەمهێنان بکات، هیچ دەزگایەکی حکومیش بوونی نییە بۆ کۆکردنەوەی باج، ئەمەش بەهۆی پشتگوێخستنی سێکتەری کشتوکاڵ و پیشەسازیی، لەبەرئەوە بۆشاییە کە بەشمەکی تورکیا پڕ دەکرێنەوە، لەم سیاقەشدا تورکیا کۆی هەوڵی ئەوەیە، هەژموون و کۆنتاکتی ستراتیژیی خۆی لە هەولێر دا چڕبکاتەوە، بەهۆی هەژموونی سیاسیی لێرە، بەمجۆرە ئاسانتر خەونی عوسمانی نوێ پراکتیزە، بکات. لە هەموو وڵاتێکدا پرسی ئابووریی و سیاسیی جیاوازە، بۆ نمونە لە ئەمریکا، نیۆرک پایتەختی ئابوورییە واشنتۆن پایتەختی سیاسییە یان لەتورکیا ئەستەمبوڵ پایتەختی ئابوورییە و ئەنکەرە پایتەختی سیاسییە. لە ئیمارات، دوبەی پایتەختی ئابوورییە و ئەبوزەبی پایتەختی سیاسییە.

لە درێژەی لێدوانەکەیدا محەمەد حیکمەت، وتیشی: ئەمەش بۆ ئەوەیە بەجۆرێک کەئاسانتر بتوانێ زهنیەتی سیاسیی و ئیستیعماری و پاوانخوازیی ئابووریی بسەپێنێت، لەم هەوڵەشدا، چەندین کۆمپانیای زەبەلاح لەهەرێم هەن، وەک تۆتاڵ و ئیکسۆن مۆبیل و شیڤرۆن هەموویان لەهەولێر کاردەکەن، ئەمان پێشتر لەسلێمانیی بوون، بەهۆی ستراتیژیەتی تورکیاوە هەموویان گواسترانەوە بۆ هەولێر، جگە لەبنکەی گەشتە نێودەوڵەتییەکان(Turksh Airlines , Fly Arilanes , Qatar Airways ,Australia Airlines) ,Lufthansa) کەسەرجەمیان بنەکەکانیان لەهەولێرە، کە هەموویان سەرچاوەی داهاتن، گەر وەک داتا سەیری پرۆژەکان بکەین، لە نێوان مانگی ٨ ساڵی ٢٠٠٧ - مانگی ٩ ساڵی ٢٠١٥ دەبینین ٧٣٢ پرۆژە هەیە ٣٣٣ لەهەولێر کاری تێدادەکرێت و ٢٠٤ لە سلێمانیی کاری تێدادەکرێت، واتە تورکیا لەڕێگەی بە ناعەدالەتی کردنی جیۆگرافیای باشوور، هەم وادەکا هەرێم لەدۆخی پارچە پارچەیی و دۆخی خۆپیشاندان و کێشەی ناوخۆیدا بێت، هەم سەرمایە لەناوچە جیاجیاکانی هەرێم کۆچ پێبکات بۆ ناوەندێک، ئەم ناوەندەش بازاڕێک بێت ئاسانتر دەستەمۆی خواستی بازاڕی تورکیا بێت و پاوانخوازی و هەژموونی ئابووریی- سیاسیی خۆی تێدابسەپێنێت....

رۆژنامەونووسێک بۆچوونی جیاوازی هەیە، پێوایە بوونی هێزی سەربازیی و لەشکرکێشی تورکیا لە هەرێمی کوردستان داگیرکاری نییە.



ئیبراهیم عەباس، رۆژنامەنووس، پێیوایە «ناکرێت تەواجد و ئامادەبوونی سەربازیی و سیاسیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان بە داگیرکاریی ناو ببەین، چونکە چ لە سەدەی رابردوو کاتێک تورکیا سوپای بۆ داگیرکردنی قوبرس نارد و چ کاتێک بە بەهانەی شەڕی داعش، سوپای وڵاتەکەی لە چەند جێگایەکی گرنگ جێگیر کرد. بە هیچ جۆرێک لە ئامادەیی سیاسیی و سەربازیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان ناچێت.»

ئیبراهیم وتی: چونکە لە ١٩٩٢-ەوە کە بە بەهانەی شەڕی پەکەکە و بەتایبەت لە ١٩٩٥ و ١٩٩٧ لە پەنای شەڕی ناوخۆ و براکوژیی، تورکەکان بەشێک لە سوپاکەیان لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان جێگیر کرد، ئەوە ئەو وڵاتە داگیرکارەی کوردستان نەبوو سوپاکەی لەسەر خاکی کوردستان جێگیرکرد، بەڵکو ئەوە حیزبەکانی خۆمان بوون بە ڕیزەوە دەستی سوپای تورکیایان گرت و جێگیریان کردن. بەڵام کاتێک ململانێکانی ناوخۆمان کەمێک هێوربوونەوە و شەڕی ناوخۆ کۆتایی هات و گەریلاکانیش کەوتنە ئاگربەست، بەهیچ جۆرێک نەمانتوانی سوپای تورکیا بۆ وڵاتەکەیان بنێرینەوە و تا ئەم ساتەوەختە هێزیان لەزیادبوونەو ئامادەگییەکی سیاسیی بە هێزیان لەسەر حکومەتی هەرێم و حیزبەکانی کوردستان هەیە.

ئەو رۆژنامەنووسە، وتیشی: هەرگیز نابێت وای وێنەی بکەین، کە رۆژێک هەرێمی کوردستان دەبێتە مستەعمەرەیەکی تورکیی، چونکە: ١. تورکیا خۆی بەهێز لە هەرێمی کوردستانە و کاریگەری سیاسیی هەیە. ٢. نەوت و گازی سروشتیی هەرێمی کوردستان کە تورکیا سودمەندی سەرەکییە، کوردستانیش بازاڕێکە بۆ ساخکردنەوەی

**هەرێم، بەهۆی سامانە سروشتییەکان کە ئەوروپی و ئەمریکییەکان و ئیسرائیل و دۆستەکانی خۆرئاوا لێی سودمەندن**

کاڵا تورکییەکان. ٣. هەلومەرجی ئێستای هەرێم، بەهۆی سامانە سروشتییەکان کە ئەوروپی و ئەمریکییەکان و ئیسرائیل و دۆستەکانی خۆرئاوا لێی سودمەندن، رێگا بەتورکیا نادات ئەو کارە بکات. ٤. دبلۆماسییەتی سەکردەکانی هەرێم کە تا ئاستێکی باش باڵانسی تێدایە، رێگا بەم کارە نادات. ٥. لەگەڵ چەندان هۆی تر کە ئێمە زانیاری پێویستمان لەسەرنین، بەڵام زۆرجار رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێکدەچرژێت ئەوەی پێشبینی ناکرێت روودەدات، هەر بۆیە گرەنتی داگیرنەکردنەوەو شێواندنی کوردستان تەنها سەرکردەکانی کوردن.

ئاماژە بەوەشدەکات، «واقیعی تاڵی شەڕی ناوخۆ و پێشتریش ئامادەیی هێزەکانی پەکەکە لە نزیک سنوورەکانی ئیبراهیم خەلیل، هۆکارو پاڵنەری ئەوە بوون.

ئیبراهیم عەباس، ئەوەش دەخاتەروو: تا چەند مانگیش دوای پێشرەوییەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە ئابی ٢٠١٤، ئێران کاریگەری زیاتری لە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەبوو، چونکە ئێران پەیوەندییەکی بەهێزی سیاسیی و ئابووریی و هەماهەنگی ئەمنی لەگەڵ هەردوو زۆنەکەی ئیدارەی سلێمانیی و هەولێر هەبوو، بەڵام هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، کە کوردیش تێیدا بە هێزەوە ئامادەیە، پاشەکشەی بەرۆڵی ئێران کرد، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی بڵێین ئێران هەژموونی لەسەر کوردستان نەماوە. هەڕەشە جۆراو جۆرەکانی ئێران کە هەمیشە پیاوە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە لە هەرێمی کوردستان و هەولێری دەکەن، ئاماژەی روونن کە ئێران بە کەمکردنەوەی هەژموونی خۆی رازی نابێت. بەڵام یەک راستیی هەیە، هەقە سەرکردەکانی کورد لە هەرێمی کوردستان عەقڵانی تر مامەڵە لەگەڵ ئێران بکەن و هەرگیز کارێک نەکەن بکەونە ئەو ململانێ توندەی ئێران و ئیسرائیل دەیکەن، چونکە ئەگەری هەیە ئەم هۆکارە ببێتە شەڕێکی ئاسمانی یان مووشەکی یان سەربازیی پریشکی ئەو ئاگرە هەرێمی کوردستان بسوتێنێت.



ئامانج هەرتەلی، خوێندکاری بەشی مێژوو- زانکۆی ڕاپەڕین بە ئازادیی کۆمەڵگەی ڕاگەیاند: لە ئێستادا، بوونی دوڵەتی تورکیا لە باشووری کوردستان، لە ڕووی سەربازیی و ئابوورییەوە بووەتە بارێکی قورس، بۆ سەر گەلی کورد؛ بە هاوکاریی پارتیی. تورکیا ویلایەتی موسڵ بە بەشێک لەخۆی دەزانێت، ئێستاش بۆ ئەم مەبەستە هێزێکی زۆری هێناوتە باشووری کوردستان، جگە لەوە نزیکەی (١٨) بنکەی سەربازیی و هەواڵگریی هەیە. ئەم کارەی تورکیا چەند ڕەهەندێک لەخۆدەگرێت، ڕەهەندی سەربازیی و سیاسیی و ئابوورییە.

ئەو، ئاماژە بەوەش دەکات: ئێستا، تورکیا ڕەوشی گەلێک دژوارە، هەرگیز لەو بڕاویەدا نەبووە، لە ڕووی سیاسیی و دبلۆماسییەوە، بگات بەم ڕۆژە؟! تورکیا دوای ئەوەی هەنگاوەکانی خوێنا، لە ڕووی دبلۆماسیی و سەربازیی، لەهەموویاندا بەشکست لێی هاتەدەر. تاکە کارتێک کە باشووری کوردستانە بۆ ئەوەی تەرازووی خۆی بەرامبەر بە تورک و جیهان ڕاست بکاتەوە، وەک چۆن پێشتر لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردنەکان، لەسەر کۆتایی هێنان بە پرۆسەی ئاشتیی، سەرکەوتوبوو، توانی ڕێژەی دەنگەکان بەرزکاتەوە. تورکیا دەشیەوێت، بە هاوکاریی پارتیی، لەگەڵ نزیک بوونەوە لەبارەی ڕاپرسی، ئامادەکاریی بۆ شەڕێکی گەورەبکات!

لەناو خاکی باشووری کوردستان. بەمەش بەر لەچەند هەفتەیەک لەخانە سۆر، پەلاماری بارەگای یەبەشەیاندا، تیایدا چەندان شەهید و بریندراری لێکەوتەوە، ئەمەش دوای ئەو سەردانەی بارزانیی بوو بۆ تورکیا، ئەم شەڕەی تورکیا بە پەکەکەی دەکات لە باشوور، لە چەندین

> **شەڕی ئەم جارەی پارتیی کە بە پەکەکەی دەکات، خزمەتێکی ڕاستەوخۆیە بە تورکیا**

ڕووە قازانجێتی و لەڕووی ئابوورییەوە، ئەم جەنگە بە پاڵپشتی بودجەی باشووری کوردستان دەکرێت، هەروەها دەیەوێت وڵاتان و بەتایبەتیش سۆزی خەڵکی تورکیا بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، تالەم ساتەدا ئەوەی هەوڵ نەدەدات بۆ دەستوور، بە دوژمنی تورک لەقەڵەمیان بدات و ڕاپرسی بباتەوە.

ئەو خوێندکارە هێما بۆ ئەوەشدەکات: شەڕی ئەم جارەی پارتیی کە بە پەکەکەی دەکات، خزمەتێکی ڕاستەوخۆیە بە تورکیا، ئەگەر بۆ هەموو شەڕێکی براکوژی پاساوێک هەبووبێ، بۆ ئەمجارەی پارتیی هیچ پاساوێکی نییە، جگە لە تێکدانی دۆخی هەرێمی کوردستان و ناشیرنترکردنی گەلی کورد! ئەگەر بە پەکخستنی پارلەمان ڕووی تەواوی خۆی نیشانی نەدابێت، ئەوا بەشەڕی دژی گەریلاکانی پەکەکە ڕووی ڕاستەقینەی خۆی نیشانی جیهاندەدا، چونکە ئەو دەوڵەتەی پارتیی ڕۆژانە بانگەشەی بۆ دەکات، دەیان بارەگای دەوڵەتی تورکیی تێدا جێگیر کردوە، ئەگەر گەریلاکانی پەکەکە نەبوو نایە، لەسایەی دەوڵەتی تورک، ئێستا داعش حاکمی هەولێر و پایتەختی بێ پارلەمان دەبوو. پەکەکە لە شەنگال شەرمەزارییەکی گەورەی لەو هێزە ڕاکردوەی شەنگال کەم کردوە، کە سەدان کچ و ژن کرانە قوربانی.

ئامانج هەرتەلی، ئەوەشی خستەڕوو: شەنگال، لەئێستا و ئایندەدا، ناوەندێکی گرنگە بۆ کورد، ستراتیژییەتی شەنگال وای کردوە، تورکیا بخاتە هەڵەکە سەما! چونکەئەوشاندانەیڕوودەکەنەشەنگال، سەنگ و قورسای خۆیان دەبێت، بۆیە دەیانەوێت ڕێگری لەو هێزانە بکەن، کە بە عەقڵیەتی ئەوان کارناکەن. بە دەرکردنی ئەم هێزە لە شەنگال، ڕووی ڕاستەقینەی ئەو هێزانە دەردەخات، کە بە درێژای مێژوو هێزگەلی سەقت بوونە و بە پەیڕەی ناسیۆنالیزمی کوردییدا هەڵگەڕاون بۆ مانەوەی خۆیان، ڕەوایەتیان لە ناکۆکی دروستکردنی نێوان گەلان وەرگرتووە. ئەوەی ئەمڕۆ لە باشوور دەگوزەرێت، درێژەدانە بەمانەوەیەکی نامەشروع! لە پۆستی کورسیەکەیدا، جگە لە خۆی، کەس بە جوانیی نابینێ! هەر ئەوەشە لەپێناوی خۆیدا، ئامادەی شەڕێکە کە هەموو کوردستان بکاتە سوتماک!

ئەو خوێندکارەی بەشی مێژووی زانکۆی ڕاپەڕین، داوای ئەوە لە هێزە کوردستانییەکان دەکات «ڕێگری لەم شەڕە نەگریسە بکەن.» وتی: ئەم شەڕە، تەنها خزمەت بە دووژمنانی کورد دەکات، لە کۆتایدا کوردستان دەبێتە

ئەو خاکە سوتماکە، کە کەس حەز بە بینینی ناکات، دوژمنان نەبێت! ئەم شەڕە کە ئێستا دەکرێت لە باشووری کوردستان، بە ئامادەیی پارتیی و بێدەنگی بەغداد و خۆئامادەکردنی ئێران، شەڕێکە تاکە شتێک کە قوربانییە کوردە! لە ئەنجامیشدا هەموو ئامانجی تورکیا وێران کردنی کوردستان و بردنی نەوتەکەیەتی. تورکیا چەندیین ساڵە لە ڕێگەی پارتییەوە ئامادەکاری ئەوە دەکات، بۆ تێکدانی ژێرخانی ئابووریی و بردنی نەوت و برسی کردنی خەڵکی باشووری کوردستان.

هەروەها شارەزایان، ئەوەش دەخەنە ڕوو، تەنها داگیرکاریی سیاسیی و سەربازیی تورکیا بەسەر هەرێمی کوردستاندا خۆی نەسەپاندوە، بەڵکو داگیرکردنی کولتوریی کوردیش هەیە، جەختدەکەنەوە: کە مەترسی ئەم جینۆساید و داگیرکردنە کولتوورییە لەوێدا بە تەواویی خۆی بەرجەستە دەکات، کە واتایەک بۆ شوناسێکی سەربەخۆیی کوردان ناهێڵێتەوە.



هێمن کاکە ئەحمەد، خوێندکاری ماجستێر لە کۆمەڵناسیی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پسپۆڕان؛ پەروەردە بە گرنگترین ڕێگەی گەیاندنی کولتوور بە نەوەی نوێ دەزانن. دەش پرسێت ئایا سیستەمی پەروەردەیی ئێمە، کار لە بارەی کولتوورەوە دەکات؟ بەو هەموو گرفتەی هەیەتی، توانای گەیاندنی کولتووریی بە نەوەی نوێ هەیە؟

## سۆسیۆلۆجیستەکان لە ڕێگەی چەمکی "کولتوور وەرگرتنە"ەوە باس لە پەیوەندی و کاریگەری کولتوورەکان دەکەن

ئەو، بە ئازادیی کۆمەڵگەی وت: لایەنی کولتووریی واتایی (مەعنەوەی) کوردیی توشی کورتهێنان هاتووە. بەڵام بەهۆی کرانەوەی دەروازەکانی هەرێم بە ڕووی دونیا و هاتنی بەرهەمی پێشکەوتووی زۆرەوە، لایەنی ماددیی کولتووریی پێشکەوتووە. بەمەش بۆشایی لە نێوان لایەنی ماددیی و واتاییدا دروستبووە. ئەم بۆشایی و کورتهێنانە کولتوورییە دەرفەتێکی گونجاوە بۆ ئەو دەوڵەتانەی چاویان لەسەر هەرێمە، تا بەو جۆرەی دەیانەوێت پڕیبکەنەوە. لە نێویدا تورکیا وەکوو دەوڵەتێک کە میراسی ئیمپراتۆریای عوسمانییە و ڕۆژگارێک هەرێمی کوردستانی عێراق ویلایەتێک بووە لە ئیمپراتۆریاکەی، نایشارێتەوە کە بە موڵکی خۆی دەزانێت و لە هەوڵی ئەوەدایە بیگەڕێنێتەوە سەر جێوگرافیای سیاسیی دەوڵەتی تورکیا. بۆ ئەم مەبەستەش سەرەڕای هاتنەژوورەوەی تورکیا بۆ خاکی هەرێم بە شێوەیەکی سەربازیی و کردنەوەی چەندین سەربازگە، ئاڵوگۆڕێکی بازرگانیی فراوان بە قەبارەی هەشت ملیارد ساڵانە. هەروەها کردنەوەی چەندین قوتابخانە و زانکۆی تورکیی، بڵاوکردنەوە و وەرگێڕانی دراما تورکییەکان بە شێوەیەکی فراوان، بیناسازی مۆڵ و زانکۆ و یەکەی نیشتەجێبوون بە ستایلی میعماری تورکیی و هاتنی کۆمپانیای جل و بەرگ. هەموو ئەمانە دەتوانن کاریگەری بەهێز لەسەر تاک و کولتووری کوردیی بکەن و دەسکاری خەیاڵ و ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاکی کورد بکەن.

هێمن کاکە، جەخت لەوەدکاتەوە: سۆسیۆلۆجیستەکان لە ڕێگەی چەمکی «کولتوور وەرگرتنە»ەوە باس لە پەیوەندی و کاریگەری کولتوورەکان دەکەن، بەسەر یەکترەوە و شتێکە کە دەکرێت ڕووبدات، بەتایبەت لە نێوان میللەتە دراوسێکان، ئاسانتر ڕوودەدات. لە حاڵەتی بەهێزی و لاوازی لایەنەکان لەم پەیوەندیەدا، لایەنی بەهێز زیاتر کاریگەری دادەنێت. لە واقیعی پەیوەندی کولتووری هەرێمی کوردستان و تورکیادا، بێشک تورکیا کاریگەری زیاتری دەبێت و کولتووری کوردیی جێنۆساید دەکات! ئەگەر ڕێگری لێنەکرێت. چونکە کولتووری کوردیی لە دۆخێکی قەیراناوی خراپدایە و زۆر لاوازە، بەڵام کولتووری تورکیا بە دامەزراوە و بەهێزە و بە زانابوونیشەوە کار لەسەر گواستنەوەی دەکەن بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردیی. مەترسی جینۆساید و داگیرکردنی کولتووریی هەیەو بە تەواویی خۆی بەرجەستە دەکات و واتایەک بۆ شوناسێکی سەربەخۆیی کوردان ناهێڵێتەوە و داگیرکردنی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش، لەلایەن تورکیاوە ئاسان دەکات.

# پارتی بۆچی پەلاماری خانەسۆریدا و چی لە ئێزیدیەکان دەوێت؟؟



ئازادیی کۆمەڵگە
ئارام کەریم

## بەدواداچوون

- **سەرەتای پەلامارە داگیرکەریەکەی سەرخانەسۆری شەنگال**

رۆژی ٣ ی ئاداری ٢٠١٧، کۆمەڵێك چەکداری نەناسراو بە جلوبەرگی پێشمەرگەوە بەسەروروی دەمامەکدراو و بە کەل و پەلێکی سەربازی زۆرەوە، لە چەکی سووکەوە بگرە، تا مودەرعە و دۆشکای بیست و سێ ملیم و ...هتد، کاتژمێری دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ بەرەو کۆمەڵگەی خانەسۆر ملیان نا، بەڵام ئەم چەکدارانە لەلایەن ئاسایشی کۆمەڵگەی خانەسۆر لەنزیك کۆمەڵگەکەوە بەمەبەستی پرس و را وەستێندران و لەئەنجامی دیالۆگی ئاسایش و چەکدارەکاندا، رێگە نەدرا تێبپەڕن، بەڵام گرووپەکە ویستیان بەملهوڕانە بازگەکەی ئاسایش تێپەڕێنن و دەربازی کۆمەڵگەکە ببن، بەڵام لەملاوە بەپێداگری ئاسایش و بانگێشتکردنی یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال «یەبەشە و یەژەشە»، چەکدارەکانیان لەوشوێنەدا بەربەست کرد و رێگای بپەڕێنەوە بۆ ناو گوندەکە نەدرا.

سەرەتا گرووپە چەکدارە دەمامکدارەکان خۆیانیان بە پێشمەرگەی رۆژ بەئاسایشی خانەسۆر دابووە ناسین و رایانگەیاندبوو کە دەیانەوێت بچنە سنوری رۆژئاوای کوردستان و لەوێدا بەجێ ببن و سنورەکە دەپارێزن، بەڵام ئاسایش مەرامەکەی ئەویان زوو خوێندبووە و زانیبوو ئامانجی چەکدارەکان شتێکی ترە، بۆیە ئاسایشی ئێزیدیخان و یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال «یەبەشە و یەژەشە»، پێیان رادەگەیەنن کە ئێوە ناتوانن لە کۆمەڵگەی خانەسۆرەوە تێپەڕن، چونکە ئەم کۆمەڵگەیە و سنورەکەشی هیچ مەترسیەکی لێ نیە و ئێوە ئەگەر دەتانەوێت بچنە رۆژئاواش و سنور بپارێزن یاخود دەتانەوێت بچنە رۆژئاواوە، ئەوا لە دەرگای سێملکاوە تا رەبیعە سنوری رۆژئاوا و دەرگای باشور . رۆژئاوایە و ئێوەش دەتوانن بچن بیپارێزن و بشپەڕنەوە، بەڵام ئەو چەکدارە دەمامکدارانەی کە خۆیان وەکو پێشمەرگەی رۆژ ناساندبوو، پێداگربوون لەسەر ئەوەی هەر دەبێت بپەڕنەوە، بەڵام ئاسایش و یەبەشە و یەژەشە رێگایان پێنەدان.

> **ئەو چەکدارە دەمامکدارانە خۆیان وەکو پێشمەرگەی رۆژ ناساندبوو**

چەکدارەکانیش لەشوێنی ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ دواوە، هەرلەو شوێنە لەچەند ماڵێکدا خۆیان حەشاردا و لەنیوەشەویشدا، بەنهێنی ژمارەیەك چەکداری تریان بۆ زیاد دەکەن و هەموو ئامادەکاریەکیش دەکەن بۆ ئەوەی سەرلەبەیانی بەهەڵهاتنی خۆر پەلاماری خانەسۆر و یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال بدەن. چەکدارەکان ئەو شەوە کاتژمێر دوازدەی نیوەشەو پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی شەنگالەوە لەخانەسۆر دەکەن کە دەیانەوێت بەیانی یەکتر ببینن و کێشەکەیان چارەسەر بکەن، بەڕێوەبەرایەتی شەنگالیش داواکاریەکەیان قەبوڵ دەکات و بڕیار وا دەبێت کە پاش نیوەڕۆی ٣ی ئادار بەیەکەوە کۆببنەوە، بەڵام چەکدارەکان دیار بوو ئەو فێڵەشیان بەتایبەتی بۆ

هەڵخەڵەتاندن و دەرفەت قۆزستنەوە بوو، وەکو دەرفەتێك بەکارهێنابوو.

- **هێرشەکە چۆن دەستی پێ کرد؟**

لەملاشەوە یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال «یەبەشە و یەژەشە و ئاسایشی ئێزیدخان»یش لەچاوەڕوانی کۆبوونەوەکەی سەرلەبەیانی سێ ی ئادار دابوون و تەنیا لەو شوێنەی ئەو چەکدارانە بەجێ ببوون، ئەو هێزانەش بەبێ ئەوەی لەحاڵەتی شەڕدابن بەجێ دەبن و ژمارەیەك راگەیاندنکار و تەنانەت دوو گەریلای هێزەکانی پاراستنی گەلیش بەمەبەستی ناوبژیوانی خۆیان دەگەێننە بازگەکەی ئاسایشی ئێزیدخان.

چەکدارەکان دەرفەتەکە دەقۆزنەوە و هەموو بەرنامە و پیلانی خۆیانیان ئامادە دەکەن بۆ پەلامارێکی لەناکاو.

کاتژمێر شەشی بەیانی بە ٣٠ هەمەر و لەسێ قۆڵەوە و بەهەموو هێزێکیانەوە پەلاماری یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال و ئاسایش دەدەن و دەیانەوێت بازگەکە تێپەڕێنن، هەرچەندە ئاسایش و هێزەکانی یەبەشە و یەژەشەش دەیانەوێت بەدیالۆگ پێش بەپێشڕەوی ئەو چەکدارە دەمامکدارانە بگرن، بەڵام هەوڵەکان بۆ راگرتنیان بێ ئەنجامە و ئەوان لەلای خۆیانەوە بڕیاریان داوە، کێ بێتە رێگەیان دەستپارێزی لێ ناکەن، لەگەڵ ئەوەی کە هەردوو گەریلاکەی هەپەگە»هێزەکانی پاراستنی گەل»، بەجەستەوە و بەبێ هیچ بەرگریەك پێش ئۆتۆمبێلی دەرعەکەی چەکدارەکان دەگرن، کەچی ئەو چەکدارانە، دەست لەئاسایش و هێزەکانی بەرخودانی شەنگال «یەبەشە و یەژەشە»ش دەکەنەوە و دەستڕێژ لە هەردوو گەریلاکەی هەپەگەش دەکەن و بەهەردوو گەریلاکەی هەپەگەوە حەوت ئەندامی ئاسایش و یەبەشە و یەژەشە شەهید دەخەن، بەناچاریش هێزەکانی یەبەشەش دەکەونە حاڵەتی پاراستنەوە و رێگا لەو گرووپە چەکدارە دەگرن و ناهێڵن بەهیچ شێوەیەك بپەڕنەوە، هەر لەگەڵ بەرخودانی هێزەکانی یەبەشە و یەژەشەش، گەلی ئێزیدیش ئاگاداری رووداوەکە دەبێت و بەچەك و چۆڵی خۆیانەوە شانیان نا بەشانی رۆڵەکانیان و لەبەرامبەر بەو چەکدارانە سەنگەریان گرت و بەوشێوەیە پێش بەپێشڕەوی ئەو چەکدارانە گیرا، پیلانی چەکدارەکان تا ئێرە شکستی هێنا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دیار بوو دەیانویست بەهەرنرخێك بێت، دەبێت هەرێمەکە داگیربکەن، بۆیەش ئەو چەکدارانە جارێکیتر خۆیان لەو خانووانەی ئەوێدا حەشاردەدەنەوە و سەنگەر لەبەرامبەر بەیەکینەکانی بەرخودانی شەنگال دەگرن و رێگای هاتووچۆی نێوان کۆمەڵگەی

> **ئەم بێ رۆڵکردنە بەڕوونی دەگاتە ئەو کەسانەی لە زانکۆ و ناوەندە زانستییەکان کار دەکەن**

خانەسۆر و ناحیەی سنوونێ دادەخەن و دەست بەپشکێنینی خەڵکەکە دەکەن.

- **ئەو چەکدارانەی پەلاماری خانەسۆریاندا کێن؟**

ئەو چەکدارانەی ناوی پێشمەرگەی رۆژیان لەخۆیان نابوو و لەسێ ئاداردا هێرشیان کردە سەرکۆمەڵگەی خانەسۆر و یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال، پاش پەلامارەکەیان هەندێکیان هەروەکو لەراگەیەندراوەکەی یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال «یەبەشە و یەژەشە»دا روونکرابوویەوە، ئاشکرا بوون، لەوانە:

بەشێك لەو چەکدارانە لەوانەی پێکدەهات کە پێشتر لەسوریا و رۆژئاوای کوردستان ئەندامی دەزگای موخابەراتی سوری بوون و راستەوخۆ لەخزمەتی رژێم و ئەندامی بەعسی سوری بوون. ئەوانە هەر پاش شۆڕشی گەلانی سوریا هەندێکیان لەترسی گیانیان روویان لەهەندەران و هەندێکیشیان روویان لەتورکیا و هەرێمی کوردستان کردبوو، جا بۆچی روویان لەم شوێنانە کرد، هەرکەس دەزانێت، هەر بەنەمانی رژێمی بەعسی سەددام، هەرێمی کوردستان و تورکیا بوونە ئارامگە و مۆڵگەی بەعسیە کۆنەکانی رژێمی پێشووی سەددام حسێن و هەر دوولایەنیش پلانی ئەوەیان هەبوو کە بەعسیەکانی سوریاش لەلای خۆیان پەنا بدەن، هەر بۆیەش هەم پارتی»بارزانی» و هەمیش ئەردۆغان «دەوڵەتی تورك»، بەدەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی سوریا، جاڕی ئەوەیان لێدا کە رژێم لەچەند هەفتەیەکدا دەڕوخێت، دەیانەویست بەو کۆنە بەعسیانەی بەدەوری خۆیاندا کۆیانکردبوونەوە بەدیلێك بۆ داهاتووی رژێمەکەی بەشار ئەسەد ئامادە بکەن، ئەم لۆژیکەش هەم لەلایەن بەکرێگیراویەتی و چەمکی ناسیونالیستی کوردی»پارتی»یەوە و هەمیش لەلایەن دەوڵەتی تورك بەسەرۆکایەتی ئەردۆغانەوە باشترین زەمینە بوون لەخۆرهەڵاتی ناویندا.

بەشێکی تری ئەو چەکدارانەش لەو زیندانیانەی کە حوکمی هەتاهەتایان

لەسەر بوو لەسوریا پێکدەهاتن. ئەم کەسانەش بەدەست پێ کردنی شۆڕشی گەلانی سوریا و دەرکەوتنی هەندێ لەگرووپە بەناو بەرهەڵستکارەکان دژ بەرژێمی سوریا و تەنگاوبوونی رژێم لەرووبەڕووبوونەوەیاندا. رژێمی سوریا چەند مەرجێکی خستە بەردەم ئەو زیندانیانە بۆ ئەوەی لەزیندان دەریانخات و بەوشێوەیەی دەیەوێت بەکاریان بهێنێت. بەشار ئەسەد بەو مەرجەی ئەو زیندانیانە هاوشانی هێزە سەربازیەکانی سوریای شەڕی ئەو گرووپانەی بۆ بکەن ئازاد دەکرد، ژمارەیەك لەو کەسانەش ئەم مەرجەی رژێمەکەی ئەسەد پەسەند دەکەن و رازی دەبن و لەزیندانەکانی رژێمی بەعسی سوریا دەردەکەون، بەڵام هەر پاش دەرکەوتنیان نیوەیان هەڵدێن و خۆیان دەگەیننە تورکیا و هەرێمی کوردستان.

بەشێکی تری ئەو چەکدارانەش لەو چەتانەی داعش کە چوونەتە سوریا و بەشێوەیەك لەشێوەکان هەڵهاتوون پێکدێن. ئەو داعشانەی بەشێوەیەك لە شێوەکان فریو درابوون و رەوانەی بەرەکانی شەڕی سوریا کرابوون و نەیانەویست لەوە زیاتر لەوێدا بمێنن و نایانەوێت شەڕ بۆ داعش بکەن هەڵدێن، بەڵام ئەوانەش پاش هەڵهاتنیان بەتایبەتی ئەو داعشانەی لەوڵاتانی ئەوروپیەوە رێگای سوریایان گرتبووە بەر بەئاسانی ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو وڵاتەی لێوەهاتوون، بۆیەش ئەوانەش بەناچاری رێگای تورکیا و هەرێمی کوردستانیان گرتووەتە بەرو لەترسی ئەوەی ئەوانە رادەستی وڵاتەکانیان نەکرێتەوە لەلایەن دەزگای میت و زرێڤانی و پاراستنەوە بەکاریان دێنن.

بەشێکیش لەو چەکدارانەش لەو گەنجە خوێن گەرم و نەزانانە پێکدێت کە فریوی کوردستان»باشوری کوردستان»یان خواردووە و بەهۆی پڕوپاگەندە چەواشەکاریەکانەوە بەتایبەتی ئەو گەنجانەی کە ویستوویانە بێنە باشوری کوردستان و پەرە بەخوێندن بدەن، یانیش ئەو گەنجانەی لەبەرهەلومەرجی سوریا و شەڕ روویان

> ## پەکەکە هەڵهاتووەکانیش بەشێکی تری ئەو چەکدارانەن

لەهەرێمی کوردستان و تورکیا کردوە بۆ ئیش و کار و لەوێدا بەمەرج وەرگیراون و لەژێر چاودێریدا دەبن، پێکدێن.

پەکەکە هەڵهاتووەکانیش بەشێکی تری ئەو چەکدارانەن. ژمارەیەك لەو چەکدارانەش لەو کەسانە پێکهاتبوون کە پێشتر لەناو پەکەکەدا بوون و لەشۆڕش و تێکۆشانی نەتەوەیی و ئازادی ماندوو بوون یان بەشێوەیەك لەشێوەکان هەڵهاتبوون پێکدێن. ئەو کەسانە بەهۆی ئەوەی پاش هەڵهاتنیان زەمینەی کۆمەڵایەتیان بۆ دەستەبەر نابێت و ناتوانن لەکۆمەڵگەدا بەئازادانەو وەکو خۆیان دەیانەوێت بژین، جارێکی تر بەدوای هەڵهاتنێکی دیکەوە دەبن و باشترین شوێنیش لەو شوێنە نادۆزنەوە، چونکە ئەو کەسانەی لەپەکەکە هەڵهاتوون بەتایبەتی ئەوانەی رۆژئاوا و باکوری کوردستان بەهۆی ئاستی بەرزی وڵاتپارێزی گەلەکەمان ناتوانن بەئاسانی نە لەناو بنەماڵەکانیاندا و نە لەکۆمەڵگەدا پۆزی شۆڕشگێڕی و فیدایی بوون و شەهید بوون بکەن و کۆمەڵگەش قەبوڵیان ناکات، بۆیەش ئەوانە هەموویان لەزەمینەی هەرێمی کوردستاندا خۆیانیان بەجێ دەکەن، تەنانەت عوسمان ئۆجالان نمونەی هەرە بەرچاویانە کە لەهەردوو سنورەکەی سەوز و زەرد دا بەجێ کراوە.

هەندێکیشیان لەو لیوایانەی دەوڵەتی تورك و بارزانی پێکدێن کە بەیەکەوە لەبەعشیقە و لەژێر ناوی حەشدی وەتەنی»نیشتیمانی»، کۆکراونەتەوە و پەروەردە و پڕچەك کراون. ئەو حەشدی وەتەنیەی کە هەموویان لەعەرەبە سوونەکانی دەشتی نەینەوا و تورکمانە سوونەکان پێکدێن و پێشتریش لە ٢٠١٤ لەکاتی پەلاماردانی چەتەکانی داعش وەکو دەست و پێی داعش لەهەرێمەکە بوونە چاوساغ و هاوکار و هاوبەشی تاوانەکانی چەتەکانی داعش، واتا ئەو کەسانەی لەهێرشی سەر خەڵکی ئێزیدیش گەورەترین تاوانی سەدەیان ئەنجامدا و بەهەزاران ئێزیدیان شەهید و بریندار و بەسەد هەزارانیشیان بێ جێگا و رێگا و حاڵ و ماڵ کرد و بەهەزاران ژن و کچ و منداڵ و پەککەوتووشیان لەبازاڕەکانی وڵاتانی عەرەبی کڕین و فرشتنیان پێوە کرد و هەندێکیشیان راستەوخۆ لەو عەرەبانەیە کە بەفەرمانی بارزانی لیوایان لێ پێکهێناون و داهاتی هەرێمی کوردستانیان بۆ خەرج دەکرێت.

بەشی هەر سەرەکی ئەو چەکدارانەش، ئەندامانی دەزگای ئیستخباراتی ملی»نەتەوەیی»، تورك و جەندرمە و پێشمەرگەی زرێڤانی پارتین کە سەرکردایەتی ئەو گرووپەیان لەئەستۆ بوو و راستەوخۆ لەدهۆکەوە جوڵەیان

بەو چەکدارە دەمامکدارانە کردبوو و هاتبوونە هەرێمەکە.

- **ئەو گرووپە چەکدارە چۆن چۆنی ئاشکرا بوون؟**

پاش پەلاماری سەر خانەسۆر و خۆڕاگری یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال»یەبەشە و یەژەشە»و ئاسایشی ئێزیدخان، ئەو کەسانەی کە لەو پەلامارەدا کوژران و برینداربوون، زۆرینەیان رەوانەی نەخۆشخانەی شارەکانی دهۆك و زاخۆ و لەوێشەوە ئاودیوی تورکیا کران، لەترسی ئەوەی نەکا ناسنامەکانیان ئاشکرا بێت و نەبرانە نەخۆشخانەی سنونێ. ژمارەیەکیش لەو چەتانە لەکاتی پەیوەندیکردنیان بەخەڵکەوە زمانەکانی کوردی»کرمانجی و عەرەبی»یان نەدەزانی و تەنیا بەتورکی قسەیان دەکرد، زۆرینەی ئەو چەتانە سەرچاویان داپۆشراوبوون و کەس روویانی نەدەبینی و تەنانەت هەر لەساتەکانی هاتنیان واتە لە ٢ی ئادار تا کاتی پەلامارەکەیان، شەبەکەی مۆبایلی تورك سێل لەنزیکی ئەو چەتانەوە کەوتبوە ئیش کردن و تەنانەت دیمەن و فۆتۆی ئەو کەسانەش لەراگەیاندنەکاندا بڵاوکرایەوە کە لەدهۆکەوە رەوانەی سنونێ و خانەسۆر کرابوون، هەر ئەو کاتە بەرپرسانی شەنگال و یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال»یەبەشە و یەژەشە» و ئاسایشی ئێزیدخان رایانگەیاند کە ئەوانە «چەتەی ئەردۆغان و بارزانین و دەیانەوێت ئەو ئیشەی بەداعش نەکرا، واتا داگیرکردنی شەنگال بخەنە بواری جێبەجێ کردنەوە»، ئەوەشی وەکو پێشمەرگەی رۆژ بەکارهێنرابوون، تەنیا رووپۆشێك بوو، بۆ بەلاڕێدابردنی رای گشتی و بەئامانج گەیشتنی

> **ئەم چەتانە لەژێر رێنمایەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورك و دەزگای پاراستن و زێرەڤانی پەدەکە و میتی تورکەوە لەهەرێمی کوردستانن**

چەتەکانیان، ئەو چەتانە تەنانەت کاتێك لەراگەیاندنەکانەوە دەردەکەوتن تەنیا یەك ئێزیدیشیان لەگەڵدا نەدەبینران و ئەمەش راستی لێدوانەکەی یەبەشە و یەژەشەی پشتڕاست دەکردەوە.

- **هەڵخەڵەتاندن و بەلاڕێدابردنی رای گشتی و خاوەنداری وەزارەتی پێشمەرگە لەچەتەکان !!**

کاتێك چەتەکان نەیانتوانی بەئاسانی بکەونە ناو کۆمەڵگەی خانەسۆرەوە، وەزارەتی پێشمەرگە کەوتە خۆی و بەیانێکی دەرکرد و وتی: ئەوانە پێشمەرگەی رۆژن»رۆژئاوا»، و راشیگەیاند کە ئەوانە بەشێکن لە وەزارەتی پێشمەرگە.

پێشتر ئەم گروپە وەکو باڵێکی سەربازی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی سوریا»ئەنەکەسە»، ناسێندرابوون، پاشان کرانە بەشێك لەهاوپەیمانی نیشتیمانی سوریا، زەمەنێکیش بوونە بەشێك لەبەناو سوپای ئازادی سوریا و هەرە دوایش بەتەسریحاتەکانی سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەرکەوت کە ئەوانە سەر بەوەزارەتی ناوخۆن و ئەوانە سەر بەزێرەڤانین»هێزی تایبەتی پارتی»ن و تەنیا پارتی لێیان بەرپرسە.

لەم لێدوانانەشدا بەسەنگەر گواستنانەوە دەردەکەوێت، کە ئەم کۆمەڵە کەسە چەکدارە»چەتە»یە سەرلێشواون وبەهیچ شێوەیەکیش خاوەن ناسنامەیەکی تایبەت بەخۆیان نین، بۆیەش ئەم بێ ناسنامەیەی ئەم چەتانە دەریخات کە ئەمانە خاوەن هیچ بەرنامە و پلانێکی نەتەوەیی، نیشتیمانی، پێکەوە ژیانی گەلان، دیموکراتی و ئازادی نین، تەنیا ئامانجی ئەم گرووپە چەتەیە، تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە، دژایەتی بیری نەتەوەیی . دیموکراتیك و دەسکەوتەکانی گەلەکەمان لەباشور، رۆژئاوا و باکوری کوردستانە بەگشتی. لەم گۆشەنیگای ئەم راستیانەوە دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە، تەنیا ناوێك کە بەپێی بەژن و باڵای ئەو گرووپەدا دێتەوە، گرووپێکی چەتەی هاوشێوە و هاوبیری داعشین و هیچی تر.

- **ئەم پێکهاتە، کۆکتیلە چەتەیە تا ئێستا لەکوێ بوون؟**

ئەم چەتانە لەژێر رێنمایەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورك و دەزگای پاراستن و زێرەڤانی پەدەکە و میتی تورکەوە لەهەرێمی کوردستان بەهۆی زەمینەی لەباری سیاسی»بەتایبەتی لەهەرێمەکانی بادینان، هەولێر و بەعشیقە»، و بەپشتگیری دارای وڵاتانی سعودیە و قەتەر و بەهاوکاری دەزگای سیخوری ئیسرائیلی لەکەمپەکانی»دهۆك و زاخۆ و بامەڕنێ و شێلادزێ و کانی ماسی و بەعشیقە»، مەشق و راهێنانیان پێوە

کراوە و لەپێناو ئامانج و ئەجیندای ئەم وڵاتانە بەکاریان دەهێنن.

• چەك و چۆڵی ئەم چەتانە لەکوێوە دابین کراوە؟

بەشێك لەچەك و جبەخانەی ئەم گرووپە چەتەیە لەهێزە عێراقیەکانەوە بۆیان ماوەتەوە. کاتێك هێزە عێراقیەکان لەموسل و دەوروبەری هەڵهاتن، چەکەکانیان زۆرینەی کەوتە دەست ئەو سەرۆك عەشیرەت و هۆزە عەرەبانەی دەشتی نەینەوا هەر بەو شێوەیەش بوونە هاوکار و دەستە راستی داعش. هەندێ لەو چەکی سەربازانی عێراقیش کەوتە دەست پێشمەرگە لەو میحوەرانەی داعشی پەلاماری هێزە عێراقیەکانیدا.

بەشێکیش لەو چەکانەی چەتەکان، چەکی وڵاتانی هاوپەیمانی ناتۆیە. تورکیاش وەك وڵاتێکی ئەندام لەناتۆدا، ئەو چەك و جبەخانانەی وەردەگرێت، زۆرینەی خستووەتە خزمەت ئەو گرووپە چەتانەوە و بەشێکیشی راستەوخۆی لەچیاکانی کوردستان لەبەرامبەر بەگەریلا بەکاریان دێنێت و بەشێکی مەزنی ئەو چەکانەش، چەکی وڵاتانی هاوپەیمانی دژ بەداعشە کە رادەستی پارتی و هەولێر و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردوە، بەتایبەتی چەکی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتاڵی و ئینگلیزی و رووسی و ... نموونەی ئەو چەکانەش لەدیمەن و ڤیدیۆی کامیراکانی راگەیاندنە ئازادەکان کە لەهێرشی سەر خانەسۆردا بەکارهاتبوو بڵاوکرایەوە، ئەو چەکانەی وڵاتانی هاوپەیمانی دژ بەداعش رادەستی پارتی و حکومەتی هەرێم کرابوو، دژ بە شەنگالیەکان لەخانەسۆر بەکارهات، تەنانەت زۆر جاریش بەرپرسانی میحوەری کەرکوك ئەوەیان نەشاردۆتەوە کە ئەو چەکانەی لە وڵاتانی هاوپەیمانی دژ بەداعش رادەستی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستانی کراوە، وەکو پێویست نەگەیشتووەتە دەستی هێزەکانیان لەمیحوەری کەرکوك، تەنانەت ئەو چەکانەی ئەڵمانیا و وڵاتانی هاوپەیمانی دژ بەداعش ژمارەیەکیان لەبازاڕی رەشدا لەهەولێر و کەرکوك و دهۆك و زاخۆوە کڕین و فرۆشتنیان پێوەکرا و ئەوەش راستەوخۆ لەلایەن خودی بەرپرسانەوە خرابوونە بازاڕەوە و کڕین و فرۆشتنیان بەو چەکانەشەوە کرد. هەر بۆیەش لەئێستادا چەکێکی

> ئەو چەتەنە لەژێر ناوی پێشمەرگە رەوانەی خانەسۆر و پەلاماری ئەو کۆمەڵگەی دەدەن کە نزیکەی دوو ساڵە و چوارمانگە لەلایەن شەرڤانانەوە رزگارکراوە

زۆر و زەبەند لەدەستی پ د ك . عێراق دا کۆبووەتەوە و دەیەوێت ئەو چەکانەش بەدەستی ئەو چەتانەی پەروەردەیان کردوون لەبەرامبەر بەدەسکەوتەکانی گەلی کورد و ئێزیدیەکان بەگشتی بەکاربهێنێت.

• بۆچی پەلاماری خانەسۆردرا؟

لەگەڵ ئەوەی بەدەیان کۆمەڵگە و ناوچە و گوندی تری ئێزیدیەکان لەدەستی چەتەکانی داعش دایە و تا ئێستا رزگار نەکراون و تەنانەت یەك پێشمەرگەش ئامادە نیە شانبەشانی یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال«یەبەشە و یەژەشە» و گەریلاکان ئەو شوێنانە رزگار بکەن و خۆیانی لێ دەدزنەوە کەچی ئەو چەتەنە لەژێر ناوی پێشمەرگە رەوانەی خانەسۆر و پەلاماری ئەو کۆمەڵگەی دەدەن کە نزیکەی دوو ساڵە و چوارمانگە لەلایەن شەرڤانانەوە رزگارکراوە و ئارامترین شوێنی شەنگالە.

• گرنگی خانەسۆر بۆ ئەو چەتانە چی بوو، لەچەند خاڵێك روونی دەکەینەوە؟.

هەرکەس و لایەنێك باش دەزانێت کە بەهێرشی چەتەکانی داعش بۆ سەر شەنگال و هەڵهاتنی پێشمەرگەکانی پارتی کۆمەڵگەی خانەسۆریش کەوتە بەر شاڵاوی فەرمان و رادەستی داعش کرا، بەڵام هەرپاش داگیرکردنی ئەو کۆمەڵگەیە لەماوەیەکی کورتدا، شەرڤانانی یەبەشە و یەژەشە و گەریلاکان پەلاماری داعشیاندا و جارێکی تر لەدەستی داعش دەریانهێنایەوە و نزیکەی دوو ساڵ و چوار مانگە ئەو کۆمەڵگەیە رزگار کراوە و بۆنی هیچ مەترسیەکیش لەسەرنیە، بەڵام بۆچی ئەو چەتانە ئەوێیان هەڵبژارد بۆ پەلاماردان، گرنگە و دەبێت رای گشتی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

کۆمەڵگەی خانەسۆر تاکە دەروازەیە بۆ پەڕینەوە لەهەرێمی شەنگالەوە بۆ رۆژئاوای کوردستان و دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای باشوری کوردستانەوە. پ د ك .عێراق، پاش ئەوەی دەروازەی سەحێلای دهۆکی لەسەر خەڵکی شەنگال داخست و رێگەی نەدا خەڵکی ئێزیدی بەگشتی بگەڕێنەوە هەرێمەکەی خۆیان، لەگەڵ

ئەوەش ڕێ بەبچووکترین کەل و پەل و پێداویستی ژیانی بەخەڵك نەدا و تەنانەت ڕێ لەبریندار و نەخۆشەکانیشی دەگرت کە بچنە دهۆك و زاخۆ بۆ نەخۆشخانە و دکتۆر و هەرکەسێك لەو دەروازە تێبپەڕیبا، دەبوو لەشەنگال کەس و کاری لەناو یەبەشەدا نەبووبا، یان دەبوو ئەو کەسە نفرەتی لەپارتی نەکردبا و کڕنووشی بۆ پارتی بردبایە، واتا لەگەڵ فەرمان و ڕادەستکردنی شەنگال بەداعش، گەمارۆش خرایە سەر شەنگال بۆ ئەوەی کەسی تێدا نەمێنێت و کەسیش نەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، لەبەر ئەو هۆکارانە خەڵکی ئێزیدی و ئەو کەسانەی بەگشتی لەپاش فەرمان و پاشانیش گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان تەنیا دەتوانن لەو دەروازەیەوە پێداویستی ژیانی خۆیان دابین بکردبا و لەوێشەوە هاموشۆی، نەخۆشخانە و دکتۆریان بکردبایا، گەلی ڕۆژئاوای کوردستانیش تەنیا لەڕێگەی ئەو دەروازەیەوە دەیانتوانی هاوکاریەکانیان بگەیننە دەست خەڵکی شەنگال و تەنانەت ئەو هاوکاریە مرۆییانەشی بۆ شەنگال دەنێردران لەوێوە ڕەوانەی شەنگال دەکران، هەر بۆیەش ئەم دەروازەیە و کۆمەڵگەیە هەم لەڕووی دانوستانی کلتوری، کۆمەڵایەتی و هەمیش لەڕووی گەیاندنی پێداوێستی ژیانی، مرۆیی بۆ هەردوولا گرنگ بوو، تەنانەت ئەمە تاکە دەروازەیە کە شەرڤانان توانیان لەوێوە پەلاماری داعش بدەن و ڕێڕەوێك بۆ ڕزگارکردنی سەدان هەزار ئێزیدیش بکەنەوە.

لەلایەکی تر، بەهۆی بارودۆخی ئاسایی و پاراستنی ئەم کۆمەڵگەیە، خەڵکی ئێزیدی لەوێدا زیاتر خۆی بەرێکخستن کردوە و ناوەندی زۆرینەی دامودەزگا خۆجەییەکانی خۆی هەر لەناوەندی ئاسایش، چاند و هونەر، پەروەردە و پارتی ئازادی و دیموکراسی ئێزیدیەکانی لەوێدا بەجێ کردوە و بۆ ئێزیدیەکان شوێنێکی ستراتجیە لەڕووی خۆپەروەردەکردنی تاك و جڤاکەوە.

> **ئەو پێشمەرگەی ڕۆژە هیچ پەیوەندیان بە وەزارەتی پێشمەرگەوە نیە**

هەر بۆیەش بەشێك لەئامانجی ئەو هێرشە لەدژی ئەو ئێرادەیە بوو کە لەخانەسۆردا خۆی بەرێکخستن کردبوو، لەدژی دام و دەزگاکانی ئێزیدیەکان بوو، چونکە نەك پارتی و نەش هێزە داگیرکەرەکان لەوانە تورکیا و هەندێ وڵاتی عەرەبیش نایانەوێت گەلی ئێزیدی خاوەن ئێرادە و رێکخستن بێت، بوونی ئێزیدیەکان وەك خۆی پەسەند ناکەن، بۆیەش ئەم هێرشەی سەرخانەسۆر هەرچەندەش هاوکاتی ساڵیادی دوازدەی ئادار و شانزدەی ئاداریش بوو، بەئامانجی داگیرکردنی ئەو ئیرادە سەربەخۆیەی ئێزیدیەکان پێکهات، واتا دەیانەویست لەکەسایەتی خانەسۆردا، ئەوەی بەداعش نەکرا، تەواوی بکەن و بۆ ئەوەش لەو چەتانەی بەناو پێشمەرگەی ڕۆژ کەڵکیان وەرگرت.

- **بێ هەڵوێستی لایەنە سیاسی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لەبەرچی بەلاڕێدا دەبن؟!**

دوابەدوای هێرشەکەی سەرخانەسۆر و خەڵکەکەی و یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال»یەبەشە و یەژەشە» و بێ ئاکامی هەوڵە داگیرکاریەکەی چەتەکان، دەزگا بەناو سەربەخۆکانی ڕاگەیاندنی پارتی کەوتنە هۆنینەوەی قسەی ناڕاست و چیرۆکی چەواشەکەرانە و ڕایانگەیاند» پێشمەرگەی ڕۆژ ویستوویەتی بچێت سنورەکەی باشور بپارێزێت لەگەڵ گەریلاکانی پەکەکەدا بووەتە دەماقاڵێیان و شەڕو ئاڵۆزی دەرکەوتووە».

لەم چەواشەکاریەیاندا هەموو هەوڵیاندا خۆشیان وەکو بێلایەن لەئاراستەکردنی ڕووداوەکە نیشانبدەن، بەڵام پاش ڕاگەیەندراوەکەی یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بەپەلەپروزێکەوە، بەیانە قوچاوەکەی کردەوە و وتی: ئەوانە پێشمەرگەی ڕۆژن و سەر بەوەزارەتەکەی ئەون و هەر ئەوانیش ئەمریان پێ کردوون بچنە خانەسۆر، بەڵام وەزارەتەکە ئەوەی لەبیر کردوە کە ئەو هێزە سەر بەزێرەڤانین و زێرەڤانیش سەربە وەزارەتی ناوخۆیە، واتا ئەو پێشمەرگەی ڕۆژە هیچ پەیوەندیان بە وەزارەتی پێشمەرگەوە نیە، تەنها ئەوە نەبێ کە لەئێستا وەزیری ناوخۆ و وەزیری بەوەکالەتی پێشمەرگە یەك کەسە« کەریم سنجاری»، ئەوانە تەنها خۆیان بینی، هیچ باسی لەدامەزراوە خۆجێەکانی گەلی ئێزیدی نەکرد کە لەخانەسۆرن و خاوەن ئیرادە و بڕیارن، واتا ویستی بڵێت ئێمە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە حیساب بۆ کەس ناکەین، جا ئەوە کێ دەبێت با بێت و هاوشێوەی رابردوو حیسابی بۆ ئیرادەی ئێزیدیەکان دەکەین و ملهوڕانە ئاماژەی پێ کرد، کە ئەوان لەپشت هێرشەکەی

سەرخانەسۆرن و بەئەمری ئەوان ئەو هێرشەش پێکهاتووە و ئەو چەتانەش بەشێکن لەوەزارەتەکەی ئەوان.

بەڵام ئەوەی جێگای داخە، هەم راگەیاندنە حیزبیەکان و هەمیش ئەوانەی گوایا سەربەخۆن، ئەوانیش بەبێ ئەوەی باسێك لەبوون و بەئیرادەبوونی ئێزیدیەکان و رێکخستن بوونی ئێزیدیەکان بکەن، خۆیانیان خستە ژێر کاریگەری راگەیاندنەکانی پارتیەوە لەراستی رووداوەکە و پەلامارەکە خۆیان دزیەوە و ئاویان کردە ئاشەکەی چەتەکانەوە و نەیانوویست دڵی دەسەڵاتە خەسێندراوەکە لەخۆیان بشکێنن و خۆیانیان لەئاستی ئەو دەسەڵاتەدا دووقات تر بچووك کردەوە.

هەندێ لایەنی سیاسی چ ئەوانەی باشوری کوردستان و چ ئەوانەی رۆژهەڵاتیش وەکو ئەوەی کە لە بۆسەدابن و لەو ئاوە لێڵەدا ماسیکیان دەسکەوتبێت خۆیانیان پیشاندا و ئەوانیش خۆیانیان بێ بەری کرد و وتیان، ئەوە شەڕی پەکەکە و پارتیە و ئەوانیش نابنە لایەنگر و خۆیان بەبێلایەن دانا. لێ ئەوەش وەکو رۆژ رووناك دیار بوو و هەرکەس و لایەنێکیش باش دەزانێت، ئەو کاتەی ئەم چەتانە پەروەردە کران، بەناوی حکومەتە پێنج لایەنەکە و پەرلەمانە خەسێندراوەکە و وەزیری وەزارەتەکانیش فەرمانڕەوا بوون و لەپێش چاوی هەموویانەوە بوودجە و مووچەیان بۆ ئەو چەتانە لەقووتی خەڵکی بەش مەینەتی باشوری وڵاتەکەمانیان بۆ دابین دەکرد.

کاتێك داود ئۆغلو هاتە هەرێمی کوردستان، ئەوانەی هاوڕێ داود ئۆغلو بوون و ئەو بەناو پێشمەرگانەی تورکیا و میتیان بەسەرکردەوە شاندێکی فول حوکمی بوون بەسەریانیان کردەوە، واتە لایەنەکانیش دەیانەوێت خۆڵ بکەنە چاوی جەماوەر و دەنگ کۆبکەنەوە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو و لەم بگرە و بەردەیەشدا شەنگالیش بەشێك نەبێت لەکوردستان و کێشە تەنیا پەکەکە و پەدەکەن و بەو شێوەیەش خۆیان لەبەرپرسیاریەتی نیشتمانی، نەتەوەیی، ئەخلاق و دیموکراتی دەدزنەوە و هاوشێوەی لۆژیکی داگیرکەران خۆیان نمایش دەکەن.

## هەندێ کەسایەتی بەناو رۆشنبیریش کەوتوونەتە خۆ و گوایا شەنگال دەروازەیەکە بۆ ئێران و نەخشە و رێگایان بۆ کێشاوە

تەنانەت بەدەر لەوانەش بەبێ شەرمانە هەندێکیشیان باس لەوە دەکەن گوایا پەکەکە میوانی هەرێمی کوردستانە و تورکیا خاوەن ماڵە و دەبێت پەکەکە رەعایەتی حکومەتی هەرێم و یاسا نێودەوڵەتیەکانیش بکات، کەچی کاتێك خودی بارزانی دەچێتە هەندێ کۆبوونەوە بۆ خۆ دەرخستنیش بێت، دەڵێت، ئێدی دەوڵەتێك بەناو عێراق و سوریا نەماوە و تەنیا دەیەوێت لەملاوە ستوونە رووخاوەکەی دەوڵەتە داگیرکەرەکەی تورکیایان بۆ محکەم بکاتەوە.

هەم راگەیاندنەکان حیزبی و سەربەخۆکان و هەم ئەو لایەنانەی گوایە پرسی کوردستانیان کردوەتە بەرنامەی خۆیانی تێکۆشان، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەدەمیاندا نەهاتووە، بڵێین تورکیا دەزگا سیخوڕی و بارەگاکانت کە هەموو باشوری کوردستانیان داگیرکردوە بچووە دەرەوە. ئەو لایەنانە لەشوێنی ئەوەی داوا لەپەکەکە بکەن با لەشەنگال بچێتە دەرەوە، دەبێت داوای دادگایی ئەو کەسانە بکەن کە شەنگالیان رادەستی داعش کرد، بەشێکی ئەم ئەرکەش دەکەوێت ئەستۆی پەرلەمان و حکومەتەکەی هەرێمی کوردستان بۆ خۆی.

هەموو کەسیش دەزانێت لەکاتی مەترسی بۆ سەر باشوری کوردستان پەکەکە یەکەم هێزبوو بەهانای تەنانەت هەولێریشەوە هات، نەك تەنیا شەنگال. لەمەشدا پەکەکەش ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە و چاوەڕوانی دەستخۆشی لەکەس نەکردوە و ئەوە بەشێك لەبیروباوەڕ و فەلسەفەی پەکەکەیە.

جا پەکەکە لەکوێ پەلامار و هێرش بکرێتە سەرگەل و نرخەکان لەوێیە، لایەنەکانیش بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەش دەیانەوێت خۆیان لەکوێری و کەڕی بدەن و خۆیان لەو بەرپرسیاریەتیە مێژوویە بدزنەوە.

هەندێ کەسایەتی بەناو رۆشنبیریش کەوتوونەتە خۆ و گوایا شەنگال دەروازەیەکە بۆ ئێران و نەخشە و رێگایان بۆ کێشاوە و دەیانەوێت بەوشێوەیە لەو بەکرێگیراویەتیەی بۆ ئەردۆغان خۆیان بێ بەری کەن و هاوشێوەی کەویش سەریان لەژێر برفەکەدا کردوە و ... لەدەرەوەیە.

- **حکومەتی ناوەند و هێزە نێودەوڵەتیەکان لەکوێ هێرشەکەی**

**خانەسۆردان؟!**

کاتێك داعش پەلاماری شەنگالیدا و پێشمەرگەکانی پارتی بەبێ تەقە و بەرگریەك هەرێمەکەیان بەگشتی رادەستی داعش کرد و بەهەزاران کچ و ژن و منداڵ و گەنج و پیر شەهید و بەخسیر و دەربەدەر بوون، کین و نەفرەتی ئێزیدیەکان لەپارتی و بارزانی گەیشتە لوتکە و بڵیسەکەشی تا قیامەت نانیشێتەوە، چونکە بەپلەی یەکەم ئێزیدیەکان پارتی بەبەرپرسیار دەزانن لەکۆمەڵکوژکردنیان و لەپلەی دووهەمدا، بەغداد، واتا بەغداش کەمتر لەپارتی نەبێت، ئەویش پشکێك لەو تاوانەی بەردەکەوێت و بۆ ئەوەی ئەو تاوانە لەسەرخۆی لادات، دەبێت هەموو دەرفەتێك بۆ ئێزیدیەکان بخوڵقێنێت تا بتوانن بگەڕێنەوە سەرخاك و ماڵی خۆیان و ئەوانەی بەدیلگیراون رزگار بکەن و ئەوانەشی زەرەرمەند بوونە قەرەبوو بکەنەوە و ناوچەکەشیان بۆ ببوژێنەوە، چونکە ئێزیدیەکان لەهەرێمەکەدا لەهەموو کەسێك زیاتر تووشی ماڵوێرانی و زەرەر و زیان بوون.

لەگەڵ ئەوەی کە بەغدا لەم رووانەدا تا ئێستا ئیشێکی ئەۆتوی بۆ ئێزیدیەکان نەکردوە، کەچی لەبەرامبەر بەپەلامارەکەی سێ ئاداردا بۆ سەرخانەسۆر لەلایەن ئەو کۆمەڵە چەتەیەوە هیچ کاردانەوەیەکی ئاشکرا نە بەباش و نەش بەخراپ نیشان نەدراوە و ئەمەش جەسارەتی زیاتری دایە چەتەکان و هەر لە ١٤ی/٣/٢٠١٧ش، ئەو چەتانە پەلاماری خۆپیشاندانە نارەزایەتیەکەی ئێزیدیەکانیان کرد و شەهید و برینداری لێکەوتەوە، بەڵام حکومەتی ناوەند و سەرۆکوەزیران حەیدەر عەبادی نقەی لێوەنەهاتووە، ئەم نزیکبوونەوەی حکومەتی ناوەند هێدی هێدی خەڵکی ئێزیدی دەخاتە گۆمانەوە کە ئاخۆ جارێکی تر حکومەتی ناوەند ئەوان بفرۆشێتەوە بەبارزانی و چەتەکان و ئێزیدیەکان و ئیرادەکەیان لەبەرچاو نەگرێت.

> **بەدەرلە حکومەتی ناوەندی، هێزەکانی هاوپەیمانی دژ بەداعشیش هەڵوێستێکی راشکاوانەیان نیشان نەداوە**

دادگای فیدراڵی حکومەتی عێراق دەبوو، بەرپرسانی مەلەفی ئەمنی و ئیداری شەنگالیانیان دادگای بکردبا، دەبوو هەوڵی رزگارکردنی ژن و کچی ئێزیدیەکانیان بدایا، واتا تا ئەم چرکەساتە حکومەتی ناوەندی بەرژەوەندی ناوەندی و حوکمی بەبنەما وەرگرتووە و دەیەوێت جارێکی تر هاوشێوەی رابردوو هەڵسوکەوت بکات، راستە کە داعش بەرەو کۆتایی دەچێت، بەڵام حکومەتی ناوەندیش حیساباتی تری لەدەستدایە.

دیارە حکومەتی ناوەندیش دەیەوێت هاوشێوەی هەرێمی کوردستان و پەدەکە خۆی لەبەرپرسیاریەتی لەبەرامبەر بەکۆمەڵگەی ئێزیدیەکان بدزێتەوە. ئەم بێدەنگیە هێدی هێدی تورەیی ئێزیدیەکان و کۆمەڵگەکەیان لەبەرامبەر بەناوەند زیاتر دەکات و ئەگەر بێدەنگی ناوەند و سەرۆك وەزیرانیش لەوەی کە هەیە زیاتر بەردەوام بێت، ئەوا ئەوانیش دەکەونە بەر نەفرەتی ئێزیدیەکان.

ئەگەر حکومەتی ناوەند دەیەوێت پاش کۆتایی هاتنی داعش سەقامگیری و ئاسایش و یەکگرتوویی عێراق بپارێزێت، دەبێت هێزی پاراستنی ئێزیدیەکان»یەبەشە و یەژەشە» و ئاسایش و دامودەزگاکانی ئێزیدیەکان و ئیرادەکەیان وەك خۆیان پەسندیان بکات، هەرچەندەش تا ئێستاش دژایەتی نەکردوە، بەڵام بەفەرمیش دانی پێدا نەناوە.

دەبێت هۆکارێکی تری ئەو بێدەنگیەی حکومەتی ناوەند بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە، کە ئەو ناوچە و کۆمەڵگە و گوندانەی لەقەزای شەنگال دابڕاون لەداهاتوودا دەبێت بگەڕێنەوە سەر شەنگال و وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ لەگەڵیدا مامەڵە بکات. لەبەر ئەو هۆکارەش بێت، حکومەتی ناوەند لەپێکدادانی نێوان یەبەشە و پارتیش بێدەنگی هەڵبژاردوە و بەهێزی هەردوولایان بەقازانجی خۆی دەبینێت، ئەگەر وەها بێت، ئەوا هیچ جیاوازیەك لەنێوان بیرکردنەوەی پارتی»بارزانی» و حکومەتی هەرێمدا نامێنێت لەنزیکبوونەوەیان بۆ کۆمەڵگەی ئێزیدیەکان و بۆ شەنگالیش بەتەواوەتی.

بەدەرلە حکومەتی ناوەندی، هێزەکانی هاوپەیمانی دژ بەداعشیش هەڵوێستێکی راشکاوانەیان نیشان نەداوە، لەئێستادا شەڕی داعش لەموسل و ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنی موسل بەباشی بەرێوە دەچێت، هێزەکانی یەبەشە و یەژەشەش دژ بەداعش و هاوبیرەکانیان و لەچوارچێوەی پاراستنی کۆمەڵگەی ئێزیدی و پێکهاتەکانی شەنگال دامەزراوە و نوێنەرایەتی ئەو وڵاتانەش لەنزیکەوە ئەو هێزانەیان بەسەرکردۆتەوە، بەڵام بۆچی بێدەنگن، جێگای گومانە، ئاخۆ ئەوان

چیان دەوێت، دەیانەوێت ئەو چەتانە بەکاربێنن لەچوارچێوەی مەرامەکانی خۆیاندا لەخۆرهەڵاتی ناوین لەداهاتووی سوریا و رۆژئاوای کوردستان، عێراق و باشوری کوردستان، پەکەکە و پارتی، یانیش نایانەوێت شەڕی موسل و رزگارکردنی موسل و رەقە بەم زووانە بەکۆتا بێت و داعش لەناو نەچێت. ئەو هەڵوێستەبچوکەی کەنەدا و ئەمریکاش دوای ئەوەی پارتی تاوانەکەشی ئەنجامدا، بەڵام دیسان هەڵوێستەکانیان وەك پێویست نەبوو.

- **بۆچی دەیانەوێت شەنگال بکەنە چەقی شەڕەکەیان؟!**

١٦ی نیسانی»٢٠١٧«، لەباکوری کوردستان و تورکیا راپرسی لەسەر ئەو دەستورەی ئاکەپە و مەهەپەیە کە بەرێککەوتن و بەهاوبەشی هەردوولایان بۆ تورکیایان ئامادەکردوە و لەچوارچێوەی گۆڕانی سیستەمدا وتووێژەکانیان چڕکردۆتەوە، واتا دەیانەوێت بەو شێوەیە هەم دیکتاتۆریەتی ئەردۆغان مسۆگەر بکەن و هەمیش کورد بەبێ ماف بهێڵنەوە. دەبێت هەندێ کەس بپرسێت، خۆ لەدەستوری کۆنیشدا، شتێکی بۆ کورد تێدا نیە، ئەوە راستە، بەڵام هەری کەم هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستی تاکە کەسێکدا قۆرخ نەکراوە، پەرلەمان و هەندێ دامەزراوەی تر لەتورکیا بوونیان هەیە. لێ ئەمجارە لەژێر ناوی گۆڕانکاری دەستوری پایەکانی دیکتاتۆر لەرۆژهەڵاتی ناوین بەهێزتر دەکەن و کوردیش بۆ سەد ساڵی تر بگەڕێنەوە بۆ دواوە، هەر بۆیەش کورد بەگشتی و بەتایبەتی ئازادیخوازان و پارت و رێکخراوە دیموکراتیەکان دەیانەوێت بەدەنگی نەخێر بچنە سەرسندوقەکانی دەنگدان و مەهەپە و ئاکەپەش دەیانەوێت دەنگی بەڵێ سەرخەن و بۆ گەیشتن بەو مەرامەشیان دەست لەهیچ ناپارێزن و هەموو پیلان و پیلانگێڕیەکیش لەبەرنامەیاندا جێ دەگرێت.

> **ئەم سەرکەوتنانەش تەنیا تورکیای توڕە نەکردوە، هاوپەیمانەکەشی لەهەرێمی کوردستان"بارزانی" و پارتەکەشی تەنگەتاوکردوە**

لەلایەکتر دەوڵەتی تورك زۆر هەوڵیدا لەرۆژئاوای کوردستان، کورد لەبەدەستخستنی مافەکانی بەربەست بکات و رێ لەپێشڕەویەکانی یەپەگە و یەژەشە و هەسەدە بگرێت کە نەچنە ئەو بەری رووباری فورات و بەرەو مەنبج و رەقەش پێش نەچن، لەم چوارچێوەیەشدا پەلاماری عەفرین و گوندەواری کانتۆنی عەفرینیاندا، پەلاماری مەنبجیاندا، خاکی رۆژئاوایان داگیرکرد، ویستیان بەگشتی باب بخەنە دەستی خۆیان پێیان نەکرا، لەباکوری کوردستان لەئامەد و لیجە و زۆر شوێنی تر ئۆپەراسیۆنیان بەڕێوەبرد، بەفرۆکە رۆژانە قەندیل و چیاکانی کوردستان بەگشتی بۆردومان دەکەن، مەسعودی بردە تورکیا و ئاڵای بۆ هەڵکرد، سوونەکانی سوریای کۆکردەوە، رووی هەموو چەتەکانی کردە رۆژئاوا. کاتێك دەوڵەتی تورکیان بەشداری شەڕی موسلیان پێ نەکرد، پیلانەکانی لەسوریا و عێراق شکستی هێنا، بەڵام نایەوێت دەستبەرداربن.

هەمانکات لەبەرامبەر بەچەتەکانی داعش ئۆپەراسیۆنی رەقە بەپێشەنگایەتی هێزەکانی سوریای دیموکراتیك و هێزەکانی هاوپەیمانان بەهەموو خێرایی خۆیەوە بەرەو پێشەوە دەچێت، لەئەگەری سەرکەوتن لەرەقە تورکیا بەگشتی لەسوریاش ناکام بمێنێت، چونکە بەرزگارکردنی رەقە لەسەردەستی هێزەکانی سوریا دیموکراتیك بەپاڵپشتی هاوپەیمانان، ئیدی بیانوەکانی تورکیا لەسوریا کۆتایان پێ دێت و ئەو هێزەش دەبێتە بەشێك لەچارەسەری راستەقینە بۆ سوریا و رۆژئاوای کوردستانیش، لەموسلیش بەرزگارکردنی موسل بوونی بارەگای تورکی لەبەعشیقە دەکەوێتە ژێرپرسیارەوە، بۆیە هەر لەئێستاوە دەیەوێت بەهەربیانویەك بووە ئەو چەتانەی لەوێدا کۆکردوەتەوە بخاتە حەرەکەتەوە، تاهەم رێڕەوێك بۆ هەڵهاتنی چەتەکانی داعش لەموسڵ خۆش بکات و هەمیش بەبیانوی پەکەکەوە جارێکی تر شەنگال داگیربکات.

ئەم سەرکەوتنانەش تەنیا تورکیای توڕە نەکردوە، هاوپەیمانەکەشی لەهەرێمی کوردستان»بارزانی« و پارتەکەشی تەنگەتاوکردوە، بۆیە لەئێستادا کەوتوونەتە خۆ و دەیانەوێت بەزەبری هێز قسە بکەن و دەرگاکانی دیالۆگ و گفتوگۆیان داخستووەو دەیانەوێت بەوشێوەیە ئەنجام وەربگرن.

شەنگالیەکان بەگشتی و هەرکەسیش باش دەزانێت ئیدی بارزانیان ناوێت و تەنانەت نەفرەتیشی لێدەکەن چ بگات



نازی نایف و نوژیان ئەرهان تیرۆری دەستی ستەم و زۆرداری

بەوەی بارزانی و پارتەکەی جارێکی تر هاوشێوەی پێش سێ ئابی ٢٠١٤ نزیکی شەنگال ببنەوە، ئەمەش ترسی خستۆتە دڵی بارزانی و ئەردۆغانیشەوە. بۆیە بارزانی دەیەوێت هەم لەراپرسیەکەی تورکیادا دەنگی بەڵێ ئاکەپە و مەهەپە سەربگرێت و هەمیش ئەو شەڕە لەشەنگال هەڵگرسێنێت، بۆ ئەوەی بەرەیەکی تر شەڕ بۆ پەکەکە بکاتەوە و بەو شێوەیەش هێزەکانی گەریلا و زیاتر پارچەپارچە بکەن و بۆریەکی هەناسەدانیش بۆ داعش و تورکیاش بکاتەوە و حکومەتی ناوەندیش تەسلیمی مەرجەکانی خۆی بکات. پێشتر خەلیفەکەی بەناو داعش»بەغدادی»، کاتێك لەموسل تەنگاو بوو، هەڕەشەی کشانەوەی چەتەکانی بۆ چیاکان کرد، بەڵام ئەم قسەیەی بەغدادی زۆر بەجددی وەرنەگیرا. کەچی لەئێستادا هێدی هێدی دەردەکەوێت کە ئامانجی بەغدادی ئەوەیە لەئەگەری دابەزینی گەریلا لەچیاکانی کوردستان و بەتایبەتیش قەندیل، چەتەکانی داعش لەرێگەی پارتیەوە بگوزانەوە بۆ چیاکانی کوردستان و لەوێدا بەجێیان بکەن و گوایە بەوشێوەیەش دەتوانن هەم هەڕەشە لەئێران و روسیا و چینیش بکەن، ئەو قسەیەی بەغدادی، پیلانەکانی ئەمڕۆی بارزانی و ئەردۆغان دەردەخاتە روو و ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەوە قسەی بەغدادی نەبوو، بەڵکو بەبەغدادی ئەو قسەیە درایە دەرەوە.

هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە بارزانی لەوە ترساوە ئەگەر ئاکەپە لەتورکیا دەنگی بەڵێ نەهێنێت و لەعێراق و سوریاش ئەجینداکانی سەرنەگرن، ئەوا مەرگی ئەویش لەگەڵ ئاکەپە بەیەکەوە دەبێت.

لەئەمانە گرنگتر ئەوەیە بۆچی دەیانەوێت ئەم شەڕە لەوێدا، واتا لەشەنگالەوە دەست پێ بکەن. هەموو لایەك دەزانێت کە پاراستنی ئێزیدیەکان بۆ پەکەکە بابەتێکی ئەخلاقی، نیشتیمانی و نەتەوییە و ئەمەش هەم بارزانی و هەمیش تورکیا لێ ئاگادارن. لەوەش ئاگادارن کە ئێزیدیەکان هەموو هیوایەکیان بەپەکەکەیە، ئەگەر لەشەنگال پەکەکە بشکێنن ئەوا هەم ئاواتی ئێزیدیەکان دەرۆخێنن و هەمیش دەتوانن لەوێوە چەتەکانیان لەگەڵ داعشدا ئاودێوی رۆژئاوا بکەن و دەسکەوتەکانی رۆژئاوای کوردستانیش بخەنە مەترسیەوە.

لەپشت ئەم پیلانەوە، بەدەیان هێزی گەورەتر لەبارزانی لەوانە تورکیا، سعودیە و قەتەر و هەندێ وڵاتی ئیقلیمیش و نێودەوڵەتیش جێ دەگرن. تەنانەت سەرێکی ئەم پیلانەش دەچێتە کۆبوونەوەکانی ئاستانە گوایا بۆ چارەسەری ئاڵۆزیەکانی سوریا رێکخرابوو و هەندێکیش گرێدراوی کۆبوونەوە بێ ئەنجامەکانی جنێفیش بێت.

# ڕێزگرتن لە ئاڵای کۆنفدرالیزم



ئازادیی کۆمەڵگە
مستەفا قەرەسوو
لە تورکییەوە: شوان مەریوان

پەککەکە ئەو ئاڵایەی کە نوێنەرایەتی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک دەکات وەکو ئاڵای بەڕێوەبەرایەتی گەل پەسەند کردووە. فیدراسیۆنی باشووری کوردستانیش ئاڵایەکی بۆ خۆی پەسەند کردووە. هەندێ لایەن ئاڵایی فیدراسیۆنی باشووری کوردستان وەکو ئاڵای گەلی کورد نیشان دەدەن و هەوڵ ئەدەن تێگەیشتنێکی بەو شێوەیە دروست بکەن. ئەوە، تێگەیشتنی سەردەمی بونیادنانی دەوڵەت – نەتەوەیە. ئاڵایەک کە نوێنەرایەتی سەردەستی چینی هەژمۆنگەرای نەتەوەییەک بە سەر گەلەکەیان دا دەکات وەکو ئاڵای تێکڕای گەل نیشان دەدەن و هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن. بێگومان ئەویش ئاڵایەکە، بەڵام ڕاست نییە ئەگەر بگوترێ کە نوێنەرایەتی تێکڕای گەل دەکات.

لە کۆندا هەر پاشایەک یان هەر دەرەبەگێک بۆ نیشاندانی جیاوازیی خۆیان ئاماژەی دیاریکراوی وەکو سیمبۆل، هێما یان ئاڵای تایبەت بە خۆیان هەبوو. لەگەڵ دەسپێکردنی سەردەمی دەوڵەت- نەتەوە دا بوو کە ئاڵاکان نوێنەرایەتی دەوڵەتیان کرد. لە کۆندا لە ناو دەوڵەت دا چەندین ئاڵا و هێما هەبوون، بەڵام لە دەوڵەت- نەتەوەدا تەنیا یەک ئاڵا پەسەند کرا. وەکو دەزاندرێ لە ساڵی ١٦٣٩ دا لە ڕێکەوتنی «وەستفالیا» دا چوارچێوەی دەوڵەت- نەتەوە پەسەند کراوە و لە سەر بونیادنانی حقوقێکی نێونەتەوەیی ڕێکەوتن پێکهاتووە. لە هەندێ دەوڵەت دا سەرەڕای دەسپێکردنی سەردەمی دەوڵەت – نەتەوەش کەچی لە نێو سنوورەکانی ئەو دەوڵەتەدا ڕێگە بە هەرێمە جیاوازەکان دراوە کە سیمبۆل و ئاڵاکانی خۆیان بەکار ببەن. بەڵام بە گشتی تەنیا یەک ئاڵا نوێنەرایەتی ئەو دەوڵەتەی دەکرد.

## قورسترین قاڵبی حکومڕانی

لە ڕۆژی ئەمڕۆدا لێپرسینەوەی جدیی لە دەوڵەت و لە ڤێرژنی مودێرنیتەی سەرمایەداری دەوڵەت ئەنجام دەدرێ. دەوڵەت- نەتەوە هیچ خێرێکی بۆ مرۆڤایەتی نەبووە، بەڵکو خاوەن کاراکتەرێکە کە ڕێگە بۆ قڕکردن و لەناوبردنی کلتور و ناسنامە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە خۆش دەکات. دەستووری زۆرترین قازانج کە لە لایەن سەرمایەدارییەوە لە چوارچێوەی دەوڵەت- نەتەوەدا پەرەی پێدرا ڕێگەی بۆ ئەوە کردووە کە مودێرنیتەی سەرمایەداریی بەئازارترین کارەساتەکانی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی بەسەر مرۆڤایەتی دا بێنێ و زۆر زیاتر لەو تاوانانەی لە درێژەی مێژووی مرۆڤایەتی دا ئەنجام دراون تەنیا لەم سەردەمەدا لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دراوە. بێجگە لە شەڕەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی ئەو هەڵسووکەوتانەی کە سەرچاوەکەی بۆ ئەو زهنیەتە دەگەڕێتەوە لە دژی مرۆڤایەتی تاوانی قورسی ئەنجام داوە. لە ناوچوونی ئەتنیک و کۆمەڵگە باوەڕییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە بەراوەرد لەگەڵ دووسەد ساڵ بەر لە ئێستا کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە سەر ئەم جوگرافیایە دەژیان، ڕوونترین بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستیانەی ئاماژەیان پێدرا. لەناوچوونی گەلانی ئەرمەنی، ئاشوورییەکان و سوورریانییەکان ئاکامێکی ئەو تێگەیشتنەیە. گەیاندنی دۆخی گەلی کورد بە ئاستی لەناوچوون لە ژێر حوکمڕانی ئەو دەوڵەت- نەتەوانەی بە سەریانا دابەش کراوە، بەرهەمی ئەو تێگەیشتنەیە. هەروەها دابڕاندن و کۆچبەرکردنی عەلەوییەکان، ئێزیدییەکان، دووڕزییەکان و گەلانی دیکە لە سەر خاکی خۆیان و ڕێگە

خۆشکردن بۆ لەناوچوونیان ئاکامی ئەو تێگەیشتنەیە. لەناوچوونی چەرکەسەکان لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان و تواندنەوەیان لە ناو ئەو گەلانەی کە لە سەریان حاکم بوون، بەرهەمی ئەو تێگەیشتنەیە.

ژماردنی خراپەکارییەکانی دەوڵەت-نەتەوە کۆتایی نایەت. ئیدی نەک تەنیا دەوڵەت - نەتەوەیی مودێرنیتەی سەرمایەداری، بەڵکو هەموو جۆرەکانی دەوڵەت لەلایەن مرۆڤایەتییەوە پەسەند ناکرێن و مرۆڤایەتی هێزی هەڵگرتنیانی نەماوە. خۆی لە خۆیدا یەکەمین کێشەکانی کۆمەڵایەتی لە دوای حاکمبوونی پیاو لە سەر ژن و لە نێو کۆمەڵگە دا پێکهاتنی کۆمەڵگەی پلەداری»هیرارشی» ئەوانەی سەرەوە لە سەر چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە و سەردەستکردنی هاتووتە ئاراوە و دەستی پێکردووە. مرۆڤ دەتوانێ دەوڵەتیش وەکو کەرەستەی چەوساندنەوەی کۆمەڵگە لەلایەن چینە سەردەستەکانەوە پێناسە بکات. لەگەڵ تێپەڕینی کات، قورساییەکەی سووک نەبووە، بەڵکو لەم سەردەمەدا وەرچەرخاوە بۆ پیسترین شێوەی سەردەستی. دەوڵەت – نەتەوە قورسترین قاڵبی حوکمڕانی گرتووە. دەوڵەت – نەتەوە کاراکتەری خاوەن کارێکی (کارساز) گرتووە کە سنوورەکانی خۆی کردووە بە دیواری ئەو کارگەیەی کە تێدا مرۆڤەکان بە هەموو شێوەیەك ئەچەوسێنرێنەوە و هەوڵ ئەدا لە سەر کۆمەڵگە حکومڕانی خۆی سەردەست بکات. لە رابردوودا دەوڵەتەکان تەنیا نوێنەرایەتی سەردەستی سیاسییان دەکرد، بەڵام لە سەردەمی کاپیتالیزم دا حکومی تێکڕای کۆمەڵگە دەکات، قاڵبێکی تۆتالیتاری پەرەپێداوە کە دەیەوێ سەردەستی خۆی لە سەرهەموو حوجرەکانی کۆمەڵگە درووست بکات.

لە کاتێکدا سیستەمی دەسەڵاتخوازی دەوڵەتگەرا پەرەی بە قوڵبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان داوە، لێپرسینەوە لە دەوڵەت و دەسەڵات لە هەموو کاتێک زیاتر پەرەی سەندووە. لە رابردوودا تەنیا ئانارشیستەکان دەوڵەتیان وەکو سەرچاوەی خراپەکارییەکان دەبینی و رووبەڕووی دەبوونەوە، کەچی ئێستا شیکردنەوەی ئایدیۆلۆژیک، سیاسی و پارادیگمایی کە بە سیستەم کراوە و بناخەیەکی مێژوویی هەیە پەرەی پێدراوە. رێبەر ئاپۆ شیکردنەوەی سیستەمی دەوڵەت و دەسەڵاتی لە رۆژی ئەمرۆدا بە لوتکە گەیاندووە. جیاوازی هەرە بەرچاوی رێبەر ئاپۆ ئەوەیە کە شیکردنەوەی بەرفراوانی لە سەر ژن و دەوڵەت ئەنجام داوە. هەروەها لەو چوارچێوەیە بەبەرفراوانی سەرمایەداری و دەوڵەت – نەتەوەیشی شیکردووتەوە. ئەو شیکردنەوانە تەواوکەری یەکدین و تێکڕا شیکردنەوەی بەرفراوان پێکدەهێنن. بەتایبەتی شیکردنەوەکانی رێبەر ئاپۆ سەبارەت بە ژن لە هەموو شیکردنەوەکانی دیکە بەرفراوانترە. لە کاتێک دا ئەو شیکردنەوانەی خەریکە دەگات بەکاراکتەری خۆی، گرنگییەکەی لە هەموو کاتێک زیاتر ئاشکرا دەبێ.

> **دەوڵەت سیستەمی سەردەستەکانە و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک سیستەمی گەلانە**

### چەندە دیموکراسی، هێندە دەوڵەتێکی بچووک

دەوڵەت و دەسەڵات بەرهەمی بەناوەند کردنی هێز و خۆگرتنیەتی. ناوەندگەراییە، لەو لایەنەوە دەوڵەت و دەسەڵات رووبەڕووی گەل دەبنەوە. پێکهاتەیەکە کە لە دژی گەل پەرەی پێدراوە. لەو ڕوانگەیەوە ئەوەی سەر بە گەل و کۆمەڵگەیە هیچ پەیوەندییەکی بە دەوڵەت و دەسەڵاتەوە نییە. دەسەڵاتداری و بەڕێوەبەرایەتی گەل لە بەرانبەر یەک وەستاون. بەڕێوەبەرایەتی گەل دیموکراسیيە. یان بە واتایەکی دیکە لە جێگای کۆکردنەوەی دەسەڵات، لە جێگای تەرخانکردنی هێز و دەسکەوتەکان بۆ بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە، دەبێ بکەوێتە خزمەتی گەل و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان بە سەر هەرێمەکان و لە بناخەوە کارکردن بێت. دیموکراسی و دەوڵەت هەتا ماوەیەک شان بەشانی یەکدی پێکەوە دەتوانن بژین. بەڵام دەبێ بزانرێ کە دەوڵەت و دیموکراسی پێکهاتەی دژ بە یەکن. تا چ ڕادەیەک دەوڵەت بەهێز بێ، بەو رادەیە دیموکراسی لاوازە، بەهەمان شێوەیش چەندە دیموکراسی پەرە بسێنێ بەو رادەیە دەوڵەت فورمول و دیالەکتیکی دەوڵەتی بچووک لە ئارادایە. ئێستاش لە سەردەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییش دا باس لە بچووککردنەوەی دەوڵەت دەکرێ.

ئیدی سەردەمی ئەوە هاتووە کە بیر لە ژیانی بێ دەوڵەت، کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت و ژیانی کلتوری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی بێ دەوڵەت بکرێتەوە. مرۆڤایەتی

ناچارە بۆ رزگاربوون لە زوڵمی دەوڵەت سیستەمێکی ئاڵتەرناتیڤ بدۆزێتەوە. ئێمە دەربازی سەردەمی هزری بێ دەوڵەت و ژیانی بێ دەوڵەت دەبین. ئەگەر بۆ ماوەیەکیش سازش لەگەڵ دەوڵەت بکرێ، گەل ناچارە سیستەمی سیاسی، ئابووری، کلتوری و کۆمەڵایەتی خۆی لە دەرەوەی دەوڵەت پێکبهێنێ و پەرەی پێبدات. ژیان کردن لە ژێر سیستەمی دەوڵەت دا قەدەرێک نییە کە پەسەند بکرێ. خۆی لە خۆیدا دیموکراسیش بە واتای تێپەڕاندنی دەوڵەت دێت.

ئاڵتەرناتیڤی سیستەمی دەوڵەت لەم سەردەمەدا، سیستەمی کۆنفدرالیزمی دیموکراتیکە کە خۆی دەسپێرێتە بەڕێکخستنبوونی دیموکراتیکی کۆمەڵگە. گەل لە سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک دا رووبەڕوی گووشار و چەوساندنەوە نایەت و خۆی خۆی بەڕێوەدەبات. سیستەمێکی دیموکراتیک و بەڕێوەبەرایەتییەکی دیموکراتیک دادەمەزرێندرێ. دەتوانرێ صلاحیة «ئۆتۆریتە»ی دیموکراتیکیشی پێ بگووترێ. لەو ئۆتۆریتەیەدا گووشار و زوڵم بوونی نییە، بەڵام راستی بەڕێوەبەرایەتییەک بوونی هەیە کە لە سەر بنەمای سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک کە خۆی دەسپێرێتە کۆمەڵگەی دیموکراتیک دروست بووە. دەوڵەت سیستەمی سەردەستەکانە و کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک سیستەمی گەلانە.

ئیدی دەوڵەت بە واتای قەیران، گێژاو، داڕووخان و بەدبەختییە بۆ مرۆڤایەتی. دەبێ لەو بەڵایە رزگار ببین. ژیان لە ژێر زوڵم و گوشار دا بە پێچەوانەی سرووشتی مرۆڤە. ئەگەر لە ناخی مرۆڤ دا شتێکی بەو شێوەیە نەبێ، ئیدی ئەو کاتە نە دەوڵەت و نە ئاڵاکەی نوێنەرایەتی گەل ناکەن.

لە ئێستا دا رێبەر ئاپۆ کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک کە خۆی دەسپێرێتە بەڕێکخستنبوونی کۆمەڵگەی دیموکراتیک و ئاڵتەرناتیڤی دەوڵەتە، نەک تەنیا بۆ گەلی کورد، بەڵکو پێشکەشی سەرجەم مرۆڤایەتی کردووە. لەوێدا وەکو دەوڵەت- نەتەوە تاکگەرایی بەبنەما ناگیرێ، بەڵکو سیستەمێکە

> **کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک ئاڵتەرناتیڤی دەوڵەتە ئەگەر باس لە سەردەم و چاخی گەلان بکرێ، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئەوە سەردەمی کۆنفیدرالیزیمی دیموکراتیکە**

کە رێگە بۆ ژیانی جیاوازییەکان خۆش دەکات. لەو سیستەمەدا هەموو پێکهاتە جیاوازەکان بەناسنامەی خۆیانەوە لە ناو سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک دا ژیانی ئازادی خۆیان بونیاد دەنێن. لەو روانگەیەوە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک سیستەمی ژیانی ئازادی گەلان و کۆمەڵگەکانە. دەتوانرێ وەکو دیموکراسیش ناودێر بکرێ. هیچ سیستەمێکی دەوڵەتگەرا ناتوانێ بەتەواوی دیموکراتیک بێ. لەو شوێنەی کە سەردەستەکان دەسەڵاتدارن کێ دەتوانێ باس لە دیموکراسی راستین و جەوهەری بکات؟ ئەمڕۆ لە وڵاتانی سوید، فینلاند و نەڕویژیش کە وەکو دیموکراسی ناودێر دەکرێن هەست بە قورسی چینە سەردەستەکان دەکرێت.

### سەردەمی گەلان

کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک ئاڵتەرناتیڤی دەوڵەتە. ئەگەر باس لە سەردەم و چاخی گەلان بکرێ، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئەوە سەردەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکە. لە دەوڵەت دا جێگای دیموکراسی و سۆسیالیزم نییە، دەوڵەت بە دەوڵەت ناکوژێندرێتەوە. تەنیا بە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک دەتوانرێ دەوڵەت تێپەڕێندرێ و بیکوژێنیتەوە. بە بونیادنانی دەوڵەت گەلان رزگار نابن و ژیان و دیموکراسی راستین دانامەزرێندرێت. گەلان بە سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک رزگار دەبن.

هێڵی سیاسی- ئایدیۆلۆژیکی رێبەر ئاپۆ ئەوەیە، پارادیگماکەی ئەوەیە. تێگەیشتنی بۆ دیموکراسی، ئازادی و سۆسیالیزم ئاوایە. لە دەرەوەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک بەڕێوەبەرایەتی گەل دانامەزرێت. لەو روانگەیەوە گەلان خاوەنداری لە دەوڵەت ناکەن. لە کاتێک دا رێبەر ئاپۆ لە دژی دەوڵەت و دەسەڵاتە، بە پشتبەستن بە هەموو ئەو شیکردنەوانەی کە ئەنجامی دا سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکی لە نەورۆزی ٢٠٠٥ دا وەکو سیستەمێکی هاوئاهەنگ لەگەڵ رۆحی نەورۆز راگەیاند. لە هەمانکات دا سیمبۆلی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک لە کوردستان چ دەبێ، یانێ ئاڵای کەجەکە خاوەن چ تایبەتمەندییەک بێ ئەوەشی

دەسنیشان کرد. لە دژی دەوڵەت وەکو ئالتەرناتیڤێک پەرەی بە کۆنفیدرالیزیمی دیموکراتیک دا و لە دژی ئاڵای دەوڵەتگەرایانەش ئاڵای کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکی بەرز کردەوە. بەو سیمبۆلە هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیک و پارادیگمایی و لە هەمانکات دا جیاوازبوونی خۆی نیشان دا. لە کاتێک دا لەگەڵ دروستبوونی فیدراسیۆنی باشووری کوردستان ئاڵای دەوڵەتگەرایانە بەرزکرایەوە، ئاڵای کۆنفدرالیزمی دیموکراتیک لە سەر زەمینێکی سەوز کە وێنەی خۆرەتاوێکی زەرد لە ناوەڕاستی دا و ئەستێرەیەکی سووری تێدایە دەسنیشان کرا. شۆڕشی رۆژئاوای کوردستانیش ئاڵایەک کە لە رەنگەکانی سەوز، سوور و زەرد پێکهاتووە وەکو ئاڵای کۆنفیدرالیزمی خۆیان بەشێوەیەکی جیاواز دەسنیشانیان کردووە.

ئەو دوو ئاڵا جیاوازن، هەر یەکە ئاڵای زهنیەت و سیستەمێکی جیاوازن. یەکێکیان ئاڵای سیستەمێکی دەوڵەتگەرایە کە پشت ئەستووره بە دەسەڵاتی سەردەستەکان، ئەوەی دیکەیان ئاڵای بەڕێوەبەرایەتی دیموکراتیکی گەلانە کە پشتی بە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک قایمە، واتا ئەو ئاڵایە، ئاڵای بەڕێوەبەرایەتی گەلە. جیاوازی نێوان ئەوانە بچووک ناکرێتەوە و بێ بایەخ نییە. بێگومان هێڵی ژیانی ئازادی و دیموکراتیکی رێبەر ئاپۆ و سیستەمی سەردەستەکان و تاقمی دەسەڵاتخواز سیمبۆلەکانیان جیاوازە و هەر یەکە خاوەن سیمبۆلی خۆیەتی. بە سیمبۆلەکانیش سەردەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیکی گەلان، لە سەردەمی سیستەمی دەوڵەتگەرا لە یەکدی جیادەکرێنەوە.

## سەوز و سوور و زەرد

بە درێژایی مێژوو سەوز، سوور و زەرد سیمبۆلی کوردان بووە. لە داستانەکان دا باس لەوە دەکرێ کە کاوەش ئاڵایەکی سێ رەنگی بەرز کردووتەوە. رێبەر ئاپۆ رایگەیاند کە ئەو سێ رەنگە پێناسە لە کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک دەکەن. پەکەکە رۆڵێکی گرنگی لە بڵاوبوونەوەی

**جیاوازی نێوان ئاڵای دەوڵەتگەرایانە کە سیمبۆلی دەسەڵاتداری سەردەستەکانە لەگەڵ ئاڵای بەڕێوەبەرایەتی دیموکراتیک گەلان شتێکی گرنگە**

رەنگەکانی سەوز، سوور و زەرد لە کوردستان دا بینی. هاوشێوەی نەورۆز ئەو رەنگانەش جیاوازی گەلی کورد نیشان دەدان و لە دژی کۆمەڵکوژی و قڕکردنی دەسەڵاتداران بە بەرزکردنەوەی ئەو سیمبۆلانە هەڵوێست و بەبڕیاربوونی نەتەوەیی دیموکراتیکی خۆیان نیشان دەدا. بۆ ئەوەی نەورۆز و سیمبۆلەکانی سەوز، سوور و زەرد بێ بە کلتور لە دەسپێکەوە تێکۆشان و هەڵوێستێکی جدی پەرەی پێدراوە. لەم لایەنەوە زاڵمەکانی نێو داستانەکانی میتۆلۆژیکیش ناتوانن نکۆڵی لە رۆڵی پەکەکە بکەن.

جیاوازی نێوان ئاڵای دەوڵەتگەرایانە کە سیمبۆلی دەسەڵاتداری سەردەستەکانە لەگەڵ ئاڵای بەڕێوەبەرایەتی دیموکراتیک گەلان شتێکی گرنگە. بەو شێوەیە هەنگاوێکی گرنگ بۆ رێگە گرتن لە بە پاشکۆبوونی گەلان بەو سیستەمی دەسەڵاتدارانەوە هەڵدەگیرێ. ئازادی نەتەوەیی لە روانگەی گەلانەوە بە مانای راستین و دروستی خۆی دەگات. لەو روانگەیەوە شەکانەوەی ئاڵای کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک نەک نوێنەرایەتی دەسەڵاتی سەردەستەکان ناکات، بەڵکو مانای داخوازی خۆبەڕێوەبردنی گەلانە. نابێ وەکو جیاوازییەکی ئاسایی تەماشای ئەوانە بکرێ و بێ نرخ ببینرێ. دروستکردنی گومان و لێڵی لەم مژارەدا خزمەت بە زهنیەتی چینی سەردەست و دەسەڵاتی سەردەستەکان دەکات.

لە ناو ئامانجەکان و رێگەچارەکانی رێبەر ئاپۆ و پەکەکەدا، بوون بە دەوڵەت و دەسەڵات بوونی نییە و بە هیچ شێوەیەک دەوڵەتگەرایی نییە. لە روانگەی پەکەکەوە هەموو مۆدێلەکانی چارەسەری و خۆسەری دیموکراتیک و فیدراسیۆنیش لە ناویان دا لە سەر بنەمای کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک رەوایە و پەسەندی دەکات. ئامانجی نەک دەوڵەتگەرایی، بەڵکو بونیادنانی ئۆتۆریتەی دیموکراتیکی گەلان بە رێگای دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی دیموکراتیک.

سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک پشتبەستوو بە کۆمەڵگەی دیموکراتیک و گەلان دەتوانێ سازش لەگەڵ سیستەمی دەوڵەتگەرایی کوردی و سیستەمە دەوڵەتگەراکانی هەرێمەکەدا



ئاڵای کۆنفدرالیزمی دیموکراتی

بکات. بێگومان سیستەمەکانی دەوڵەتگەرا پشتیان بە دەسەڵاتی خۆیان بەستووە. سازش تەنیا ئەو کاتە پێکدێ کە رێز لە سیمبۆلەکان و سیستەمی دیموکراتیکی گەلان بگرن. سازشێک کە لە سەر بنەمای سیستەمی دیموکراتیک و پێوانەکانی پێکهاتنی، دەتوانێ ئەنجام بدرێ. تێکۆشان لە سەر بناخەیەکی دیموکراتیک، پێوان و پلاتفۆڕمێکی بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێ.

ئایدیۆلۆژی و پارادیگمای رێبەر ئاپۆ و سیستەمی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی ئاڵای دەوڵەتگەرایی پێهەڵناگیرێ. ئەگەر وا بکات یان نکۆڵی لە سیستەمی ئازادیخوازی خۆی دەکات و یان دەبێ بە پاشکۆی سیستەمی دەوڵەتگەرا. لە نێو کوردان دا پارتی سیاسی جیاواز دەتوانێ ئاڵای دەوڵەتگەرایی هەڵدا و بەکاری بێنێ. بەڵام ناتوانن بە پەکەکە بڵێن بۆ هەڵینادات. ئەوە وەکو هۆکارێکی پێکدادان نابینرێت. پەکەکە بۆ ئەوەی جیاوازی خۆی نیشان بدات ئاڵای کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک هەڵدەدا. لە هەمانکات دا بەوانەی کە ئاڵای دەوڵەتگەرایی هەڵدەدەن نایەژێ کە ئێوە بۆ ئەو ئاڵایە هەڵدەدەن. لە هەمانکات دا ئەو ئاڵایە وەکو ئاڵای تێکڕای گەلی کورد نابینێ. لەو روانگەیەوە جیاوازی ئایدیۆلۆژیک، سیاسی و پارادیگمایی خۆی بەئاشکرا نیشان دەدا. لە ڕووی ئایدیۆلۆژیک سیاسی و پارادیگماییەوە لە دژی نیشاندانی ئاڵای دەوڵەتگەرایی وەکو ئاڵای گەل یان وەکو ئاڵای نەتەوەیی کورد دەوەستێتەوە. ئەو هەڵوێستەشی بە هەڵکردنی ئاڵای کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک نیشان دەدا. بەڵام رێز لە ئاڵای ئەو پارتە سیاسییانەش دەگرێ کە لە ژێر زهنیەتی دەسەڵاتخوازی و دەوڵەتگەرایانە دا ئاڵای دەوڵەتگەرایی هەڵدەدەن. لە هەمانکات دا چاوەڕوانی ئەوەی هەیە کە رێز لە هەڵکردنی ئاڵای کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک بگیردرێ. هەڵوێستی پەکەکە لەم مژارەدا ئاوەهایە.

هەندێ کورد لە نییەتێکی پاکەوە پرسیاری ئەوە دەکەن کە بۆچی پەکەکە ئەو ئاڵایەی لە باشووری کوردستان هەڵکراوە هەڵناکات یان ئاڵای دیکەی بۆ خۆی دەسنیشان کردووە و هەڵیان دەدا. وەڵامی ئەو پرسیارەمان بە ڕوونی و بەرفراوانی لە سەرەوە داوەتەوە.

# ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا

ئازادیی کۆمەڵگە

پ. د. سالار باسیرە

بەشی دووەم

لەهەرێمی کوردستان/ عێراق کەخاوەن حکومەتێکی هەرێمیە و دەسەڵاتە سیاسیەکەی لە زۆر لەبوارەکاندا وەك نیمچە دەوڵەتێك مامەڵە دەکات ئەم پێویستیە سیاسی و نەتەوەییە کە بریتیە لە ئەنجومەن و دەزگایەکی بەتوانای ئاسایشی نەتەوەیی هێشتا نامۆیە، چونکە ئەنجومەنەکە حیزبیە. خاڵی جەوهەریی سیاسەتی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت بریتی بێت لەمانەوەو بەردەوام بوون و تیروانین بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکان، بەرژەوەندیەکانی گەل و نیشتمان. ئەو بەرژەوەندیانەی دەبێت دیاری بکرێن گەر بمانەوێ سیاسەتی ئاسایش بەرنامە رێژبکرێ. مەسەلەی ئاسایش گرنگیەکی ژیانیە بۆ (هەرێمی) کوردستان بەتایبەت کە لەسەر خاکی خۆیدا دامودەزگایەکی نیمچە دەوڵەتی پێکهێناوە لەچوارچیوەی دەوڵەتێکی بەپێی دەستور عێراقێکی فیدرال دا، ئەو دەوڵەتەی کەهەرگیز لەمێژووی خۆیدا نەیتوانیوە ئاسایشی گەلێکی وەك ئەوەی کورد لەچوارچێوەی دەوڵەتەکەیدا بپارێزێت.

**کام ناو لەم ستراتیژە بنرێت؟**

کورد لەهەرێمی کوردستان رەخنەی لەسەر ناوی پرۆژەکەی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق موفق ربیعی هەبوو کە دەبوایە ناوی ئاسایشی نیشتمانی بوایە نەك نەتەوەیی، چونکە عێراق نیشتمانێکی فرە نەتەوەیەو هەتا ئێستە لەم دەوڵەتە شتێکیش نیە ناوی گەلی عێراق بێت و بەشێکی دانیشتوانی عێراق هەڵگری بیروڕای بەعێراقی بوونی خۆی نیە. ئایا لەبەر رۆشنایی ئەو واقعەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە وەك کەمە نەتەوەکانی عەرەب و کلدۆ ئاشوری و ئەرمەن، هەروەها کەمایەتیەکانی وەك تورکومان، دەزگایەکی ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان بە نەتەوەیی یان بە نیشتمانی ناوببرێت؟ دەوڵەتەکانی وەك ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، سویسراو بەلجیکا فرە نەتەوەیەو ئاسایشەکەشی ناوی «ئاسایشی نەتەوەیی»یە، بەڵام مافەکان و مافی هاوڵاتی بوون بەگشتی پارێزراون و هەستی بەئەمریکی بوون یان بە سویسری بوون ئەولەویەتی هەیە، بەپێچەوانەی کورد لەعێراق. لێرەدا دەپرسم جیاوازی ئەو پرۆژەی ئاسایشەی هەرێم لەگەل ئەوەی ناوەند دەبێت لەچیدا بێت؟

**«سەرۆکی پاراستن پلەی وەزیری هەیە و شەرعیەتی پەرلەمان بەدەزگاکەی داوە»**

لەکاتی شەڕی نێوخۆ کورد لە هەرێم «پەرلەمانی هەرێم» یەك لایەنە پەرلەمانی پارتی بوو، بەهۆی جەنگ و نەبوونی بەشداریی یەکێتی تێیدا شەرعیەتی نەمابوو. ئەم پەرلەمانەی ئەو قۆناخە سیاسیە شەرعیەتی یاسایی داوە بە دەزگای پاراستن و پلەی وەزیریشی دابوو بەسەرۆکی دەزگاکە (مەسرور بارزانی). ئەگەر سەرۆکی پاراستن پلەی وەزیری هەبێت، دەبوو لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا بەشداربوایە کە نەیکردوە، یان دەبوایە لەلایەن حکومەتەوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە بکرایە بۆ هەر لادانێك. یان پەرلەمان

دەبوایە سەرۆکی دەزگای ناوبراو کە پلەی وەزیری دراوەتێ بانگهێشت بکردایە بۆ پرسیارو وەڵام، یان پێداچوونەوە بەدەستورەکەدا. ئێستە لەبری پێکهێنانی پرۆژەو ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی دەسەڵاتی کوردی لە هەرێم دەیەوێ بەدروستکردنی ئەنجومەنێکی دەزگای هەواڵگری بەدەزگای زانیاری پێشمەرگەشەوە بەناوی (ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان) کۆتایی پێهێنێت و دەزگاکەش بخرێتە ژێر دەسەڵاتی «سەرۆکی هەرێم»و لەلایەن پەرلەمانەوە شەرعیەتی پێبدرێت. ئەم ستراتیژەو میتۆدەکەی مەترسی بە ئاڕاستەبردنی ئەم هەرێمەیە بەرەو سیستەمێکی عەسکەرتاریەت و کۆمەڵگەیەکی موخابەراتی و پاراستن و بەردەوامبوون بە دەسەڵاتی تاکی ئۆتۆکراسی. دەزگای هەواڵگری لەڕاستیدا دەبێت بەشێك بێت لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، هەروەك چۆن ئاسایشی نەتەوەیی ئاسایشی حیزبیش دەپارێزێ، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێم جۆرێکی تر مامەڵە دەکات، چونکە نیەتی تر لەپشتی ستراتیژیەتەکەدایە.

ئەو دەسەڵاتەی کە گەل دەنگی پێداوە بۆ ئەوەیە ئاسایش و ئارامی تاك و کۆمەڵ ونیشتمانی ئێمە بپارێزێت نەك بۆ ئەوە بێت گەل ئاسایشی دەسەڵات و حیزب بپارێزێت.

ئەم ئەنجومەنەو ئەوی تری کە ناوی (دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان) ی لێنراوە دەگەڕێنەوە بۆ هەمان پرەنسیپی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان دوو حیزبە دەسەڵاتدراکەدا. ئەم دیاردەیەش دووبارە واقعی سیستەمی دوو ئیدارەیی دەخاتەوە ڕوو. دەوترێ ئەنجومەنە هەواڵگریەکە بۆ پارتی دەبێت و ئەوەی تر بۆ یەکێتی. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە لەئایندەدا سەرۆکی دەزگای پاراستن دەبێتە سەرۆکی حکومەت ئەوا لەئێستەوە نیەتەکە بەدی دەکرێت ودەکرێ بوترێ کە هەردوو ئەنجومەن و دەزگا هەواڵگری و ئاسایشەکە دەچنە ژێر کۆنترۆڵی تەنیا یەك بنەماڵەوە. ئایا کامیان ئەولەویەتی هەیە، ئاسایشی نەتەوەیی، یان ئاسایشی حیزب و خاوەنەکانی؟ یان کار بۆ بەنێودەوڵەتی کردنی جینۆساید بکرێ کە لەدەستوری عێراقدا وشەیەك نیە بەم ناوەوە کە وەك چەکێکی سیاسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بەکاربهێنرێت کە دەسەڵات هەتا ئێستە ئەنجامی نەداوە، یان کارکردن بۆ دروستکردنی دەزگاو کۆمەڵگەیەکی موخابەراتی و بەئەفسانە کردنی سەرۆك؟

### ئاسایشی هەرێم لەسایەی دەوڵەتی عێراقدا

سیاسەتی دەوڵەتی عێراق هەمیشە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە دەوڵەت دەوڵەتێکی ناوەندی بێت و لەم دیدەوە کۆنترۆڵی سەرجەم عێراق بکات، هەربۆیە هەموو بزووتنەوەیەکی تری وەك ئەوەی کورد لەعێراقدا وەك هەڕەشەو مەترسی وەرگرتوە بۆ سەر ئاسایشی عێراق و خودی دەسەڵاتەکەی ناوەند. ئەم سیاسەت و بیرکردنەوەیە لە سالی ١٩٢١ وە هەتا ئێستە بەم شێوەیە بووە. شێوەی پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق هەر لەسەرەتاوە هەڵە بوو. پشتگیری لەکەمینەیەکی سیاسی کرا بۆ سەر دەسەڵات و لایەنەکانی تر پشت گوێ خران. بەڵام ئەوەی بایەخی پێدرا بەرژەوەندی ئابوری و جیۆپۆلەتیك بوو بۆ کۆلۆنیالیزمی بەریتانی. هەڵەیەك، یان سیاسەتێکی بە ئەنقەست کەهەتا ئەمڕۆکە ئەنجامی سەخت و قورسی لێ کەوتۆتەوە بۆ عێراق بەگشتی. کورد لە هەست و ناسنامەو بیرکردنەوەی کوردایەتی خۆیدا هەرگیز خۆی بە بەشێك لەعێراق دانەناوەو هیچ کات هەستی بەعێراقیبونی تێدا نەبووە، بەڵکو خۆی بە بەشێك لە نەتەوەی کورد دادەنێت کە وڵات وگەلەکەی لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ناوچەو ئەوروپیەوە بەزۆر و بەپێی بەرژەوەندی ئەو لایەنانە دابەش کراوە. دیارە نەبوونی هەستی عێراقیبوونی کورد بێ هۆ نیە. عەرەبی سوونە لەعێراقدا ناسنامەی خۆی لە نەتەوەی عەرەب زۆر زیاتر بەئاڕاستەیەکی ناسیۆنالیستیدا دەبینێتەوە. نەتەوەیەك و وڵاتێك کە بەواقع و لەدیدی ئەمیشدا لەلایەن کۆلۆنیالیزمی ئەوروپیەوە کۆلۆنیزەو دابەش کراوەو بەم شێوەیە نوێنەرایەتی پان عەرەبیزم دەکات، بەتایبەت لە ناوچەکانی وەك عێراق و سوریا و لوبناندا هەست و بزووتنەوەی پان عەرەبیزم بەهێزترە، گەرنا بەعسیزم دروست نەدەبوو. نوێنەرەکانی ناو سوونە لە پەرلەمانی عێراق لەگەڵ دروستبوونی عێراقێکی فیدرال نین، لەم دیدەوە بوونی هەرێمێکی کوردستان وەك سەرەتایەك دەبینن بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی، ئەو دیدەی کەعێراق بە بەشێك لەنیشتمانی عەرەب دەبینێت.

### ئاسایشی حیزبی و ئاسایشی نەتەوەیی

هەتا ئەوکاتەی کورد لە قۆناخی خەباتی شاخ بوو هەموو سیاسەت کردنێکی تەنیا بەڕێگای حیزبەوە بووە، چونکە خاوەنی کیانێکی سیاسی سەربەخۆی خۆی نەبوە وەك ئەوەی ئەمڕۆی ئیدارەی هەرێم. ئاسایشی نەتەوەیی کورد لەعێراقدا دەچوە ئەستۆی حکومەتی ناوەندەوە کە حکومەتی بەعس بوو. پاراستنی ئەم ئاسایشەش لەڕوانگەی بەعسەوە چۆن بوو بینیمان. حکومەتێك بەکیمیایی هاوڵاتی ناو دەوڵەتەکەی خۆی بخنکینێت و جینۆسایدی بکات لەبری پاراستنی و دابین کردنی ئاسایش بۆی لەهەمان کاتیشدا ئەندامی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بێت و یاساکانی مافەکانی مرۆڤی لەم رێکخراوەدا ئیمزا کردبێت.

لە دوای راپەرینەوە بۆ یەکەمجار کورد لەم هەرێمەدا بووە خاوەنی شێوەیەك لە کیانی سیاسی، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەرەوە مرۆڤ نەدەکرا وەك پێویست لەم قۆناخەدا باسی لەپرۆژەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی لەهەرێمی کوردستان بکردایە. بەڵام گرنگترین قۆناخ ئەوەی دوای ٢٠٠٣ بوو، دوای رووخانی رژێمی بەعس. ئەگەر هەتا ئێستە لەهەرێمی کوردستان ئاسایشی نەتەوەیی بریتی بوبێت لەئاسایشی حیزب ئەوا دەبێت ئێستە ئاسایشی حیزب و ئاسایشی نەتەوە بەشێوەیەکی دامەزراوەیی لەیەکتر جودا بکرێنەوەو دوور کەوتنەوە لەفکری تێکەڵ کردنی ئاسایشی حیزب و ئاسایشی نەتەوە بەیەکتر، ئاسایشی نەتەوە ئاسایشی حیزبیش لەخۆدەگرێت. ئەنجامەکەی زیان بەخش دەبێت ئەگەر ئاسایشی نەتەوەیی بۆ پاراستنی ئاسایشی حیزب و دەسەڵاتی تاك بەکار بهێنیرێت. ئەگەر کار لەسەر پرۆژەی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بکەین ئەوا یەکێك لەرێگرە خراپەکان کەدێتە بەردەممان بریتیە لەبوونی دوو دەزگای ئاسایش کە هەردوکیان دەزگای حیزبین و لەژێر کۆنترۆڵی حیزبدان. هەربەم شێوەیە بوونی دوو دەزگای هەواڵگری سەر بە دوو حیزبی جیاواز کە بریتین لە دەزگای پاراستن سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و دەزگای زانیاری سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەردووکیان بەناوی یەك پەرلەمان و یەك حکومەتەوە دەدوێن. پرۆژەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ هەرێمی کوردستان لەژێر ئەم شێوازی سیستەمی کارکردنەدا سەرکەوتو نابێت. ناکرێت دوو دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی هەبێت بۆ یەك نەتەوە کە یەك سەرۆکی هەرێمی هەیە، یەك پەرلەمان و یەك حکومەت. ئەم دیاردەیە بۆشایی دروست دەکات لەنێوان کۆمەڵ و ئاسایشە نەتەوەییەکەیدا، دەزگایەکی ئاسایش کە متمانەی خەڵکی بباتەوە. ئایا هاوڵاتی زانیاری بە کام دەزگا بدات سەبارەت بە ئاسایشی کۆمەڵ، چ هاوڵاتیەك دەپارێزێت ئەگەر لە پێناوی ئاسایشی نەتەوەکەیدا هاوکاری دەزگای هەواڵگری یان ئاسایشە نەتەوەییەکە بکات بۆ نمونە بەرامبەر بەهەڕەشەی تیرۆر. بێ ئەم هەنگاوە باس کردن لە سیستەمێکی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان کارێکی گرانە.



وێنەیەکی کاریکاتێری هێما بۆ ئازادی رادەربڕین دەکا

# گەنجی کورد لە رۆحیەتی شۆڕشگێڕییەوە بۆ هەرەسی فیکری



ئازادیی کۆمەڵگە

بڕوا ستارخۆشناو

گەنج وەک داینەمۆی شۆڕش لە هەر کۆمەڵگەیەکی شارستانی مۆدێرندا سەیردەکرێت، بەو پێیەی گەنج لەم قۆناخەی تەمەنی خۆیدا بە گڕوتینێکی زۆرەوە هەوڵ بۆ ئەو ئامانجانە دەدات کە بیری لێ دەکاتەوە و لە خەیاڵی خۆیدا نەخشاندوویەتی، بۆیە لە کۆمەڵگەی شارستانی پێشکەوتوودا هەمیشە بۆ کارە قورس و گرانەکان و ئامانجە چارەنوس سازەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگەوە پشت بە توانا و سەلیقەی گەنج دەبەسترێت بۆ ئەوەی ئەم هەولانەی کۆمەڵگە دەیدات هەم لە دیدگای گەنجەوە مۆدێرن بێت، هەم هەولەکە بە رێکی و بە قورسایی زۆرەوە بە ئامانج بگات، بۆیە هەمیشە گەنج پێشڕەوی رەوتی شۆڕش و بەرخۆدان بووە و هەمیشە لەسەر دەست و بازووی گەنج کۆمەڵگەی مۆدێرن ئاوا دەکرێت، بێگومان ئەمەش دوای پەروەردە و هۆشیارکردنەوە دێت کە گەنج لە سەرچاوەیەکی تەندروست وەریدەگرێت و لەسەری پەروەردە دەکرێت، بۆیە هەر کۆمەڵگەیەکی شارستانی مۆدێرن گەنج بە کۆڵەکەی هەڵسوڕان و پێشکەوتنی خۆی دەزانێت، لەم روانگەیەوە گەنج لەسەر کۆمەڵێک بنەمای زانستی پەروەردە دەکەن بۆ نموونە هۆشیارکردنەوە لە رێگەی زانکۆ و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و بەشداری پێکردنیان لە کایەی سیاسیدا، بەم شێوازە دەتوانین

> **گەنج لە هەرێمی کوردستان کاڵایەکی بێ نرخ و گەوهەرێکی بەتاڵ سەیرکراوە**

گەنج بە بناخەی کۆمەڵگەیەکی بەهێز و پێشکەوتوو دابنێین، بەو پێیەی گەنج هەم لە رووی توانای فیکریەوە هەم لە رووی وزەی جەستەیەوە ئامادەگی زۆری تێدایە و دەتوانێت بەبێ ماندووبوون زاڵ بێت بەسەر ئەو لەمپەرانەی کە لە رێگایدا دروست دەبێت و رێگەی لێ دەگرێت، بۆیە هەر لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین هەر کۆمەڵگەیەک پشت لە تواناکانی گەنج بکات و سوود لە وزە و توانای وەرنگرێت ئەوا بێگومان ئەم کۆمەڵگەیە تووشی هەرەس دێت و لە بناخەوە هەڵدەتەکێت، لەبەر ئەوەی کۆڵەکەی هەر کۆمەڵگەیەکی شارستانی گەنجە و هەر گەنجیش رابەرایەتی رەوتی پێشکەوتنی دەکات، بەبنەمای ئەوەی گەنج نەوەی بنیاتنەری دوارۆژە و هەرچی بابەتی چارەنووس سازە دەکەوێتەوە ژێر دەستی و هەر ئەویش سەرپشک دەبێت لە هەڵسوڕانیدا، بۆیە پێشکەوتووترین کۆمەڵگە، ئەو کۆمەڵگایانەن کە گرنگی بە توانای گەنج دەدەن و گەنج دەکەن بە بنیاتنەر و پەروەردەیان دەکەن لەسەر بنەمای خزمەتکردن و گەشپێدانی کۆمەڵگە.

گەنج لە کۆمەڵگەی باشووری کوردستاندا هەر لە سەرەتای ئەو خۆبەڕێوەبەریەی کە لەم بەشەدا هاتۆتە ئاراوە وەک کاڵایەکی بێ نرخ و گەوهەرێکی بەتاڵ سەیرکراوە و لە هەموو کایەکانی کۆمەڵگە خراوەتە دەرەوە و سەرەڕای ئەوەی بەهیچ جۆرێک رێگەیان بە گەنج نەداوە کە



وێنەی گەنجێکی خۆپیشاندەر

بەشداری کایەی سیاسی بکات هەمیشە بەربەستیان لەبەردەم گەنج دروست کردووە بۆ ئەوەی لە رووی مەعریفیەوە دوا بکەوێت، لێرەدا گومان لەوەدا نییە بڵێین سەد دەرە سەدی پێکهێنانی ئەم هەرێمە لەسەر دەست و بازووی گەنج بووە لە رابردوودا، هەر گەنجیش بنەمای شۆڕش و بەرخۆدانی ئەم بەشەی کوردستان بووە، سەرەڕای ئەوە ئەم دەسەڵاتە هیچ هەلی کارکردنی نە رەخساندووە بۆ ئەوەی گەنج لە باشووری کوردستاندا بتوانێت ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی بەڕێ بکات و لە تەنگ و چەڵەمەی ژیان گیرفان بەتاڵی و کەم دەرامەتی رزگاری بێت و بتوانێت ماڵ پێکەوە بنێت و پرۆسەی هاوسەرگیری پێک بهێنێت بە سەرکەوتوویی و لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا سەرکەوتووبێت، ئەمە جگە لەوەی کە بەپێی ئامارە فەرمییەکانی تایبەت بە دیاریکردنی رێژەی بێ کاری و دەستی کار و هەلی کارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە رێژەی بێ کاری لە هەرێمی باشووری کوردستاندا روو لە هەڵکشانە و رۆژ دوای رۆژ بێ کاری زیاتر دەبێت بەپێی ئەم داتا و ئامارانە رێژەی بێ کاری گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا لە بەرزترین ئاستدایە کە ٣٥٪ ئەمە لە کاتێکدایە کە دانیشتوانی

> **لە باشووردا هەر لە سەرەتاوە رۆڵی گەنج بەبنەما نەگیراوە و تەنها بۆ مەرامی سیاسی و تایبەتی بووە**

باشووری کوردستان بەشی هەرە زۆری گەنجە و بە پێی ئاماری فەرمی ٦٠٪ گەنج پێکی دەهێنێت و چاوەڕێ دەکرێت ئەگەر ئەم دۆخە سیاسی و قەیراناویەی کە ئەم دەسەڵاتە خۆی دروستی کردووە بۆ برسی کردنی گەل و راوەدونانی گەنجان و چۆڵکردنی وڵات لە دەنگی ئازادیخواز بەم چەشنە بەردەوام بێت تا ساڵی ٢٠١٨ دا رێژەی بێکاری گەنجان لە باشووری کوردستاندا بگاتە نزیکەی ٤٠٪ کە ئەمەش دەکاتە نزیکەی نیوەی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان، ئەمە جگە لەوەی ساڵانە بە دەیان هەزار گەنج زانکۆ تەواو دەکات و چاوەڕێی دامەزراندنە، بەڵام لەم ژمارەیەدا تەنها ئەوانە دادەمزرێن کە دەستی حیزبیان لە پشتەوەیە و بە واسیتە دایاندەمەزرێنن و بەشە زۆرەکەش هەر لە چاوەڕێی دامەزراندنن چ لە کەرتی تایبەت چ لە کەرتی گشتی بێت، بۆیە لە ئێستادا خوێندکاران بە لێشاو زانکۆ و پەیمانگاکان جێ دەهێڵن و روو لە کار و کەسابەت دەکەن یان دەچنە دەرەوەی وڵات لەبەر ئەوەی هیچ هیوایەکیان بە خوێندن نییە و نایانەوێت لە چاوەڕوانیدا تەمەن بەفیڕۆ بدەن، بە دڵنیایەوە بۆ ئەوەی چۆنیان دەوێت ئاوا بۆیان هەڵسوڕێت، کە ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ لە ناوچوونی سیمای شارستانیەتی هەر کۆمەڵگەیەک. لە باشووردا هەر لە سەرەتاوە رۆڵی گەنج بەبنەما نەگیراوە و تەنها بۆ (مەرامی سیاسی و تایبەتی و شەخسی ...هتد) بەکارهێنراوە، کە ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پاشخانە فیکری و سیاسی و فیوداڵیەی، کە دەسەڵاتی باشوور بەڕێوەدەبات، هەر بۆیەشە ئەم جۆرە سیاسەتە ئەرستۆکراسی و تۆتالیتاریە، بۆتە مایەی بێ ئیرادەکردن و بێ هیوا کردنی گەنج و زەوتکردنی ئازادیەکانی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا، لە ماوەی ئەم چارەگە سەدەیەی کە باشووری کوردستان کەوتۆتە دەستی

ئەم دەسەڵاتەوە بە سەدان هەزار گەنج لەم وڵات و دەسەڵاتە رایان کردووە بۆ وڵاتانی رۆژئاوا و هەزاران گەنج لە رێگەی قاچاخدا لە ئاوەکاندا خنکاون و هەزارانی تر بێ سەر و شوێن بوون، بە پێی چەندین ئامار و داتا کە لەلایەن فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق تۆمار کراوە، تەنها لە دوو ساڵی رابردوودا (٢٠١٦-٢٠١٧) نزیکەی ٥٠ هەزار گەنج هەرێمی کوردستانیان بەجێهێشتووە و زیاتر لە ٣ هەزار گەنج لە ئاوەکانی ئیجە و دەریای (سپی) ناوەڕاست خنکاون و بە هەزارانی تر بێ سەروشوێن بوون، ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت کە پێویستە گەنجان ئیتر پشت بەخۆیان ببەستن و ئیرادەیان بەرزبەکەنەوە و ئەو بەربەستانە تێکبشکێنن کە دەبنە هۆی بێ ئیرادەکردنیان و هەستی شۆڕشگێڕی خۆیان زیندووبکەنەوە و رووبەڕووی ئەم پاوانخوازیە ببنەوە، دەبێت ئیتر هەوڵی راکردن لە وڵات لە گۆڕ بنێن و ئەم وڵاتە بکەن بەو شوێنەی کە دەتوانن توانا و ئارەزوو و خواستەکانیان تێدا بەدیبێنن، ئیتر دەبێت بیری راکردن لە واقیعی وڵات بگۆڕن بۆ بیرکردنەوە لە واقیعێکی شایستە بۆ ژیانی خۆیان و ببنە ئەو هێزە لە بن نەهاتووەی کە هەمیشە دەتوانێت کۆمەڵگە بکاتە کۆمەڵگەیەکی شارستانی مۆدێرن و دەسەڵات ملکەچ بە خواست و داخوازی گەل بکات، بۆیە لەم روانگەیەوە گەنجان چۆن لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هەڵگیرسێنەر و خولقێنەری کۆمەڵگەی ئازاد و دەسەڵاتی دیموکراسی بوون، دەبێت لێرەش پێشەنگی ئەم کاروانە بگرن و پێش بە چەوسانەوە و زوڵم و ستەمی دەسەڵات بگرن و ببنە توێژێک کە کاریگەری بخەنە سەر بارودۆخی وڵات و وڵات بەرەو کەناری ئارام و کۆمەڵگەی شارستانی مۆدێرن ببەن.



وێنەی گەنجێکی تووشبووی هەرەسی فکری

# لە ئورفاشوێنەواری گوندی خرابە رەش «گۆبەکلی تەپە»

ئازادیی کۆمەڵگە
و.ئامادەکردنی: ئازادی کۆمەڵگە

گردی خرابە رەش «گۆبەکلی تەپە»ی شاری ئورفا کۆنترین پەرستگای مرۆڤایەتیە کە بونیادنراوە». شوێنەوارناس کلاوس شمیت

گردی خرابە رەش شوێنەوارێکی سەردەمی نیۆلۆتیکە، دەکەوێتە نزیك گوندی «ئۆرە نجیك»ی باکوری رۆژهەڵاتی شاری ئورفا و بەرزترین شوێنی ئەو گرد و تەپۆلکانەیە کە بوونەتە سنوری دەشتی حەڕان. شوێنەواری خرابە رەش کەوتۆتە سەر تەپۆلکەیەکی بەرز و تەنانەت لە دوورەوە بەچاویش دەبینرێت «شوێنگەیەکی شاخاوی پیرۆزە» کە پەرستگاکان لە بەرزاییەکەی هەڵکەوتووە.

بەگوێرەی ئەو کنەو پشکنینانەی تا رۆژی ئەمڕۆمان ئەنجامدراون، دەرکەوتووە کە گردی خرابە رەش « گۆبەکلی تەپە» پاشماوەو ئاسەوارێکی سەردەمی نیۆلۆتیکە و تەنیا پێدراوەکانی قۆناخی ئاکیرامیك ی نیۆلۆتیك لەخۆوە دەگرێت « ئاکیرامیك، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا مرۆڤەکان لە دۆخێکدا نەبوون دەفرو دیزە دروست بکەن، مانای سەردەمی نیۆلۆتیکی بێ دەفرو دیزە دەبەخشێت»، ئەو شوێنەوارە، مێژووەکەی بۆ یازدە هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەو گردو بەرزاییە پیرۆزە چەندین شوێن «تەلار»ی



وینەی شوێنەواری خرابە رەش

پەرستگای تێدایە، لەبواری بیناسازی و ئاسەوارە دۆزراوەکان سەبارەت بەشێوەی ژیان و هونەرەکانیان زانیاریمان پێدەبەخشێت. ئەو شوێنەوارناسانەی لە گردی خرابە رەش کاروخەباتی کنەوپشکنینیان بەڕێوەبردووە، لەمیانەی ئەو پێدراو و شتانەی دۆزیویانەتەوە، بەو ئەنجامە گەیشتوون کە بۆ یەکەمین جار لەو پەرستگایانە رێورەسمە ئایینیەکان ژمارەیەکی زۆرو قەرەباڵغی مرۆڤی هێناوەتە لای یەکتر. بەتایبەتیش مەیدانی پەرستگاکە، بیناسازی و شێوازەکانی ناوەوەی، هەروەها هەڵکۆڵین و وێنەکان ئەو تێزە دەسەلمێنن.

کنەکردن و هەڵکۆڵینەکانی گردی خرابە رەش لە ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن کلاوس شمیتەوە دەستی پێکردووە، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی لەلایەن خۆیەوە

بەڕێوە چووە. پرۆفیسۆر کلاوس شمیت کە لە زانکۆی ئێرلانگەن«Erlangen» مامۆستایە لەساڵی ١٩٩٤ لە کاتی سەردانێکیدا گرنگی گردی خراپە رەشی بۆ دەرکەوتووە و لەو چوارچێوەیەشدا پرۆژەیەکی بۆ لێکۆلینەوەو کنەکردن پێشکەش کردووە.

هەرچی هارلد هاپتمان یشە کە کنەو لێکۆلینەوەکانی نەوالی چۆری» کەئێستا ژێر ئاو بووە« ئەنجامداوە، بەسیفەتی بەڕێوەبەری پەیمانگای شوێنەوارناسی ئەڵمانی پشتگیری لەو پرۆژەیە کردووە و وەك ئەندامێکی گرووپەکەش ناوی تۆمارکراوە، بەڵام بەشێوەیەکی چالاك جێگای خۆی لە پرۆژەی گردی خرابە رەش «گۆبەکلی تەپە«دا نەگرتووە. کنەکردن و پشکنینەکانی گردی خرابە رەش لەساڵی ١٩٩٥ تا ساڵی ٢٠٠٦ وەك کاروخەباتێکی هاوبەشی پەیمانگای شوێنەوارناسی ئەڵمانی و مۆزەخانەی ئورفا لەلایەن کلاوس شمیتەوە بەڕێوەبراوە. شمیت سەبارەت بە خرابە رەش ئەو هەڵسەنگاندنانەی کردووە:

«خرابە رەش شوێنگەیەکی پیرۆزی بەرزاییە«شاخە« کە بۆ سەردەمی بەردین دەگەڕێتەوە. باسی ئەو قۆناخ و پرۆسەیە دەکات کە لە کولتووری نێچیروانی و کۆکردنەوەی بەروبوومەوە گوزەرکردنی بۆ کولتووری جوتیاری «کشتوکاڵی» جێگای باسە. لەئەنجامی ئەو هەڵکۆلین و کنەکردنانەی ئەنجامدراون ئیتر ئەو ناوچەیە دەڤەرێکی ناسراوە لەلایەن گشت جیهانەوە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە خرابە رەش خاوەن بیناسازیەکی رەسەن و تایبەتە، لەوەش گرنگتر تەپۆلکە و گردێکی پیرۆزی بێ هاوتایە. بەرلەوەی ئەو شوێنەوارە بدۆزینەوە، ئەو شوێنە دەڤەرێك بوو کە چاوەڕوانیەکی بەمجۆرەمان لێی نەبوو. خرابە رەش تەنیا لەو چینانە پێکهاتووە کە بۆ سەردەمی ئاکارماتیك دەگەڕێتەوە. هەڵبەتە ئەمانە بۆ دوو سەردەم ریزبەند کراون. سەردەمی یەکەم بۆ ناوەڕاستەکانی دەیەمین هەزارەی پێش زایین دەگەڕێتەوە، هەرچی سەردەمی دووەمە، سەر بە نۆیەمین هەزارەی پێش زایینە. چینەکانی سەردەمی دواتر بوونیان نییە. واتە چینەکانی دوای سەردەمی نیۆلۆتیکی بێ دەفرو دیزە نەدۆزاوەتەوە، نەبووە. پێشتر بەشداری سەرجەم هەڵکۆلین و کنەکردنی شوێنەواری نەوالی چۆرێ م کردووە، نەوالی چۆرێ زۆر باش دەناسم و ئاشنام. ئێرە شوێنێکی نیشتەجێبوون بووە کە خاوەن پێکهاتە «بیناسازی»ی ئایینی بووە و دەکەوێتە شاری سامساتی «کۆن» نزیك رووباری فورات. نەوالی چۆرێ دەڤەرێکی نیشتەجێبوونی گرووپێکی نێچیروانی و کۆکەرەوەی بەروبووم بووە، ئەو پێدراوە نوێیە، لەهەمانکاتدا دۆزینەوەیەکی نوێ بوو، شوێنگەی نیشتەجێبوونی گرووپگەلێکی نێچیروانی و کۆکەرەوەی بەروبووم بوو کە پێکهاتەو شوێنی پەرستشی هەبوو. بەڵام پەرستگاکەی ئێرە، لەگەڵ ئەوەی خودی بونیادەکەی لەگەڵ ماڵەکانی دیکەی شوێنی نیشتەجێبوون جیاوازی هەبوو، بەڵام لەبواری گەورەییەوە سادەبوو، هەرچی خرابە رەشە بە بەراورد لەگەڵ ئەمە هەم شوێنی نیشتەجێبوونی نییە، شوێنێکی کۆتەڵی یە کە تەنیا بونیادی پەرستگای هەیە. واتە تەنیا شوێنێکی پیرۆزە. دەکرێ بەمجۆرە دەرکی پێ بکەین: لەکاتێکدا نەوالی چۆرێ شوێنێکی نیشتەجێبوونە، هەرچی خرابە رەشە بە تەواوی مەیدانێکی ئایینی پیرۆزە. ئەوەی منی بردە خرابە رەشیش پەیوەندی بە نەوالی چۆرێ وە هەیە. نزیکەی بۆ ماوەی دە ساڵ کارم لە هەڵکۆلین و کنەکردنەکانی نەوالێ چۆریدا کرد، بەڵام لەو خەباتەدا چەندین پرسیار لە مێشکمدا دروست بوو. ئەو وەڵامەی لە رێگای ئەو پرسیارانەوە بەدوایدا دەگەڕام، لە دۆزینەوەی خرابە رەش «گۆبەکلی تەپە«دا دۆزیمەوە. بەڵام ئەوە کەشف و دۆزینەوەیەکی بە رێکەوت نەبوو. ئەو شتەی منی بەرەو خرابە رەش راکێش کرد دەتوانم بڵێم میوەو بەرهەمی کاروخەباتی لە پێشینەکەی ساڵانی پێشوو بوو. یەکسەر تێگەیشتم کە ئەو دەڤەرە لە شوێنەکانی دیکەی پەرستن زۆر گەورە و بایەخدارترە. لەو سۆنگەوە سەرجەم کار و چالاکییە زانستیەکانی لێتوێژینەوەم بۆ ئێرە گواستەوە و بەو دەڤەرە قاڵبوومەوە.

هەڵبەتە لە ئورفا و دەوروبەری شوێنی دیکەی نیۆلۆتیك هەن، چەند دانەیەکی ناسراویان هەیە. لەوانەیە ئەوانەش هەبن کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە. من کار و خەباتی خۆم سەبارەت بە خرابە رەش چڕ کردەوە و لەشوێنی دیکە لێکۆلینەوەم نەکرد. لەو بڕوایەدام کە ئەم بابەتە کاری هاوپیشەکانی ترمە. چونکە ئێمە کاروخەباتێکی بەرفراوان و بەردەواممان لە خرابە رەش هەیە. ئێرە ئەو دەڤەرەیە کە بۆ یەکەمین جار گۆڕین و وەرچەرخانی کولتووری کۆکردنەوەی بەروبووم و نێچیروانی بۆ کولتووری جوتیاری «کشتوکاڵی» تێدا بینراوە. ئەو قۆناخ و پرۆسەیەش رێکەوتی ١٠٠٠٠ – ٩٠٠٠

پێش زایینە. ئەو دەڤەرە رۆڵی کلیلێکی گەورە بۆ جیهانی کۆن دەبینێت. هەر لەبەر ئەوەشە سەبارەت بە مێژووی جیهانی کۆن ئەو ناوچەیە تا دواڕادە گرنگە. لەگەڵ دۆزینەوەی خرابە رەش شتی نوێ و جیاوازتر دەردەکەوێتە مەیدان.

جاکۆس کۆفیای کۆچکردوو کە هاوپیشەیەکی فەرەنسیم بوو «کەخۆی ئاشنای خرابە رەش نەبوو» بەو رادەیەی کە ئێمە پێشتر بیرمان لێ نەکردبوویەوە دەرکی بەوە کردبوو کە لە قۆناخ و پرۆسەی گوزەرکردن لەکۆمەڵگەی نێچیروانیەوە بۆ کولتووری جوتیاری – کشتوکاڵی ئایین و بوویەرە ئایینیەکان رۆڵێکی زۆر گەورەی بینیوە. هەر ئەو ئەنجامەشە کە تا ئێستا ئێمە بینیومانە.

پێویستە جەخت لەسەر گرنگی ئەو رۆڵە بکرێتەوە کە لەو گۆڕانکاریەدا بە خرابە رەش «گۆبەکلی تەپە« دراوە. کاروخەباتمان سەبارەت بە وردەکاریەکان بەردەوامە. بەشێوەیەکی تایبەت بینینی ئەنجامەکان بنەمای لێتوێژینەکانی ئێستامانە. کۆبوونەوەی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر لە خۆپاراستن زیاتر هۆکارەکەی بۆ ئامانجی باوەڕی و پەرستش دەگەڕێتەوە. فاکتەرەکانی پاراستن دواتر دەرکەوتوون، لەو سەردەمانەش شەڕ سەریهەڵدا، خۆ پاراستنی مرۆڤ بەرامبەر بەگەلان و هێزەکانی دیکە پێکهاتووە. بەڵام وەك دەبینرێت لە سەردەمی نێچیروانی و کۆکردنەوەی بەروبووم، واتە لە سەردەمی بەردینی کۆن ئەمجۆرە بەرگری و پاراستنانە نەبوون. مرۆڤی ئەو سەردەمە خاوەن ئەو دۆخ و سۆز – هەستە نییە کە خۆی بەرامبەر دراوسێکەی و مرۆڤی تر بپارێزێت، زیاتر پێویستی بە خۆپاراستن لە ئاژەڵە دڕندەکان بوو. لە رێگەی گرووپی بچووکەوە دەیانتوانی خۆیان لەو جۆرە ئاژەڵانە بپارێزن. هەروەها لەڕێگەی ئەو چەکانەی دروستی کردن لەبەرامبەر ئاژەڵان دەیتوانی باڵابوون بەدەست بێنێت. واتە بەیەکگەیشتنی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە «بەردینی کۆن» بە ئامانجی بەرگری و خۆپاراستن نییە. زیاتر ئامانجیان ئەوە بوو لە ئاهەنگە نا ئاساییەکان بەیەکتر بگەن. هۆکاری پشت ئەو ئاهەنگانەش ناوەڕۆکە ئایینیەکە بوو. دەکرێ دۆخەکە بەمجۆرە ببینین. دەتوانین ئەو راستیە ببینین کە ئەمجۆرە بەیەکگەیشتنانە لە یەکەمین کۆمەڵگەکاندا تەنیا لەپێناو دڵخۆشی و شادومانی نەبووە، بەڵکو زیاتر هۆکارەکەی ئایینی بووە. پێناسەی چاخی نیۆلۆتیك، مانای «کۆمەڵگەی بەرهەمهێنەری خۆراك» دەبەخشێت. ئەمەش یەکێك لە سەرەکیترین ئەو فاکتەرانەیە کە کۆمەڵگەیەك دەکات بە کۆمەڵگەی نیۆلۆتیك. هەرچی بابەتەکانی نیشتەجێبوون و خانوون ، لەپاڵ ئەو فاکتەرەوە بەڕێوە دەچن. ئەمانە دیاردەکانی ئەو قۆناخەی نیۆلۆتیکن، بەڵام سەردەمی نیۆلۆتیك پێناسە ناکەن. ئەوەی ئێستا ئێمە دەیبینین دامەزراندنی شوێنی نیشتەجێبوونی کۆمەڵگەی نێچیروانی و کۆکەرەوەی بەروبوومە لە دەوروبەری دیجلە و فورات. چونکە لێرەدا دەستیان کردووە بە پێشخستنی ئاوایيەکانیان. هەرچی ئەو بیناسازیەیە کە لێرەدا سەریهەڵداوەو پەرەی سەندووە، لە رەهەندی ئایینیەوە ئاواکراوە، هەروەها خۆراکەکەشی لەئایینەوە وەرگرتووە. پێکهاتنی بیناسازیەکان هێزی کۆمەڵایەتی و بەرهەمداریشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، لەئاکامی ئەوەشداماڵیکردنی ئاژەڵ و دۆزینەوەی رووەکەکانیان ئەنجامداوە. چونکە ئەو فاکتەرانە بۆ درێژەدان بە سەرچاوەی ژیانی جڤاتی مرۆڤ پێویستن. خرابە رەش کۆنترین پەرستگای بونیادنراوی مرۆڤایەتییە. لەمیانەی ئەو پێدراوانەی لەو هەڵکۆلین و کنەکردن و پشکنینانە دەرکەوتوون لە ساڵی ١٩٩٥ وە بەبێ هیچ دابڕانێك بەردەوامە، بۆمان دەرکەوتووە کە خرابە رەش ناوەندی باوەڕیەکە، مرۆڤی سەردەمی نێچیروانی و کۆکردنەوەی بەروبووم دوازدە هەزار ساڵ پێش ئێستا ئافراندوویەتی. ئەو کێوەی شوێنگەی پەرستگاکان کە دەکرێ وەك ناوەندی کۆبوونەوەو بەیەکگەیشتنی دوا نێچیروانەکان پێناسە بکرێن، پێدراوێکی بە رۆژی ئەمڕۆمان گەیاندووە کە ئەو مۆدێل و تیۆڕانە سەراوبن دەکات کە تائێستا سەبارەت بە سەردەمی نیۆلۆتیك لە مێژووی لێکۆلینەوەی شوێنەوارناسیدا بیری لێکراوەتەوە. کولتوورێکی دواترین گرووپەکانی نێچیروانیمان پێشکەش دەکات کە لە گوزەرکردنی بۆ قۆناخی بەرهەمهێنان نزیکن و لەو قۆناخەدا بیناسازی ئایینی و جیهانی سیمبۆلییان بەئاستێکی چاوەڕوان نەکراو گەیشتووە. گردی خرابە رەش «گۆبەکلی تەپە« پەرستگاکە رووبەرەکەی نزیکەی ٣٠ مەترە و شێوەیەکی بازنەیی هەیە و نزیکەی ٣٠ پەیکەر لەخۆوە دەگرێت. شەش دانە لەوانە لەکاتی ئەنجامدانی هەڵکۆلینەکان دەرکەوتوون، ئەوانی تریش لەمیانەی ئەو پێودانگانەی بەشێوازەکانی جیۆمانیاتیك و جیۆرادار ئەنجامدراون و دەست نیشان کراون.

ئەو ئەنجامانەی لە رێگای ئەو پێوانەکردنانەوە بەدەست هێنراون پشتگیری لەو بۆچوونە دەکەن کە گردی خرابە رەش دوازدە هەزار ساڵ پێش ئێستا ناوەندێکی مەزنی دۆزینەوە بووە، شوێنگەی بابەتەکانی ژیانی رۆژانە نەبووە، بەڵکو بە پەیکەرگەلێکی ئایینی داخراوە کە بەئامانجی ئەنجامدانی رێورەسمی ئایینەوە دروستکراون. دوو بەرد «پەیکەر» ی شێوەی پیتی «T» لاتینی لە ناوەڕاستی رووبەرە بازنەییەکەی ئەو پەیکەرانە دانراون کە شێوەیەکی سەربەستیان هەیە و بەرزاییەکەیان نزیکەی پێنج مەتر دەبێ. هەرچی ئەو بەرد «پەیکەر»ە چەقێنراوانەی ترن کە لەهەمان شێوەن، بەڵام لەو دووانەیە بچووکترن، بەجۆرێك لەناو دیوارەکانی ناوەوەی ئەو پەرستگایە جێگیرکراون کە بەرەو دوو پەیکەرەکەی ناوەڕاست ئاراستەکراون. هەرچی ئەو سیمبۆلە ئەبستراکت(مجرد) و وێنەی ئاژەڵانن کە بەشێوازی کۆڵین و داتاشینەوە دروستکراون دۆزینەوەو پێدراوێکن کە یادگاو پەیامەکانی دونیای سیمبۆلی دوازدە هەزار ساڵ پێش ئێستای پاشماوەکانی سیستەمی جۆرێکی هەواڵ گەیاندنی بە رۆژی ئەمڕۆمان گەیاندووە. پەیکەر و بونیادە ئایینیەکەی گردی خرابە رەش، بەمەبەست لەلایەن مرۆڤی سەردەمی نیۆلۆتیك پڕکراوەتەوە کە خۆشیان دروستیان کردوە. ئەگەرێکی بەهێزە کە ئەو پەرستگایە ناوەندی کۆبوونەوەو شوێنی بەیەکگەیشتنی گرووپە نێچیروانیە نیشتەجێکانە کە لە شوێن و ناوچەی جیاوازەوە هاتوون. لێرەدا بەیەکگەیشتوون و ئاهەنگ و مەراسیمی گەورەیان ئەنجامداوە، ئەمانەش نەك تەنیا رۆژێك، ئەگەرێکی بەهێزە بەدرێژایی چەندین هەفتە بەردەوامبوون. ئەگەر ژمارەی بەشداربووەکان رەچاوبکەین، ئەوا ئەگەری بەهێزە کە ئەم بەیەکگەیشتنانە، واتە ئەو ئاهەنگانە لەناو دۆخێکی هاوکاری و بەیەکەوە ژیاندا ئەنجامگیربوون. دروستکردنی ئەو بەرد «پەیکەر» انەی بارستایەکەیان چەندین تەن دەبێت، گواستنەوەیان و چەقاندنیان بەشێوەیەکی بازنەیی، ئەو ئەگەرە بەهێزتر دەکات.

- **گردی خرابە رەش شوێنێکی پیرۆزە**

بەشێوەیەکی گشتی لەئاست مێژووی لێکۆلینەوەشدا بەمجۆرەیە. ئەگەر ئەو بوویەرە بە ئەنسکلۆپیدیایەك مەزەندە بکەین، وا دابنێین کە مێژووی جیهان لە «٢٠» بەرگ پێکدێت ئەوا دەکرێ قۆناخی نێوان چاخی بەردینی کۆن و چاخی بەردینی نوێ «نیۆلۆتیك» وەك بەرگی «٢١» بیست و یەکەمین جێگیربکەین. گرنگی شوێنەواری گردی خرابەرەش لەوەدایە، لەکاتێکدا چاوەڕوانمان نەدەکرد و لەو بەرگەی بیست و یەکەمین بێ ئاگابووین، ئەو قۆناخەی گوزەرکردنی بەشێوەیەکی زۆر دەوڵەمەندو هەمەڕەنگ گواستۆتەوە. ئێستا بەشێوەیەکی گشتی حەپەسانێکی ناوچەکە سەبارەت بەپێکهاتەی ئایینی جێگای باسە. هەروەها ئەو زانیاریانەی لە ئاکامی پشکنینەکانی ئەو دەڤەرە دەرکەوتوون، دەستپێکردنێکی نوێ بۆ تیۆڕی، مۆدێل و بۆچوونی هاوپیشەکانم دەڕەخسێت. خەباتێکی دیکەی هاوشێوەی لێکۆلینەوەکانی گردی خرابە رەش بوونی نییە کە بەم قۆناخەوە سەرقاڵ بێت.

رۆڵی گردی خرابە رەش ئاشکرایە و لەبەرچاوانە. لە پەرتوکێکمدا بەناوی « بونیادنەری کۆنترین پەرستگا» گردی خرابە رەش پێناسە کراوە کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن بڵاوکراوەکانی هونەرو شوێنەواری تورکیاش لەژێر ناوی « گردی خرابە رەش دەڤەری ئەفسوونی و پیرۆزی نێچیروانەکانی چاخی بەردین» بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لەساڵی ٢٠٠٩دا پەرستگاکەی گردی خرابە رەش بووە بە بابەتی راگەیاندنە خۆجێیی و بیانیەکان. لەساڵی ١٩٩٥ « چیای پەرستگا پیرۆزەکان» مان دۆزیەوە. هەرکەسێکی خاوەن خولیا و پەیوەست بە بابەتەکە، بۆ بینینی ئەو پەرستگایە دێن و لەناو مەراق و حەپەسانەوە بەچاوی خۆیان ئەو کۆتەڵە سەرسوڕهێنەرانەی مێژووی مرۆڤایەتی دەبینین، ئیتر ئەو بۆشاییەی پڕکردۆتەوە کە لە قۆناخی گۆڕانکاری و گوزەرکردن لە کۆمەڵگەی نێچیروانیەوە بەرەو کولتووری جوتیاری «کشتوکاڵی» لە ئارادابوو. بەڵێ چیتر بەو رەنگە «رەش« گەیشتووە کە پێشتر هێشتا دیار نەبوو. ئێمە بەجۆرێك بیرمان دەکردەوە کە شوێنی نیشتەجێبوونی جوتیاران «کشتیاران» لەئاکامی سەرەتایەکی سادەو خاکییەوە پێکهاتووە. بەڵام نائاسایی بووە. ئەگەر تەعبیرەکەمان لەجێگای خۆیدا بێت لێرەدا دەهۆڵێك دڕاوەو تەقەی بڕاوە. بەڵام فەراهەمبوونی ئەو قۆناخەی گۆڕانکاری و شێوە گۆڕین لەمیانەی گوزەرکردنێك کە ئێمە چاوەڕوانی نەبووین و بەبیرماندا نەدەهات، وێنەیەکی نوێ و بەرگێکی نوێ بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بەدەست دێنێت.

# ناوچە دابڕێنراوەکان و پەرلەمانی کوردستان



ئازادیی کۆمەڵگە
لەتیف فاتیح فەرەج

**سەرەتا:**

پەرلەمانی کوردستان بەرپرسیارەتیەکی گەورەی بەرانبەر ئەو ناوچانە لە ئەستۆیە، کە هێشتا وەك پێویست کاری لەسەر نەکردوە، کاتێ لە ٢٥-٥-٢٠١٣ وۆرك شۆپێك سەبارەت « پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان » بە ڕێوە چوو، ئەو دەم دکتۆر یوسف محەمەد سادق بەرپرسی ژووری توێژینەوەی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان بوو کە هەرخۆیان بەو کارە هەستا بوون، ئێستا دکتۆر یوسف سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە، لەو گفتوگۆیەدا تەوەری سێیەم تەرخانکرابوو بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان لە پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا، خاڵێکی زۆر گرنگ لەو بابەتەدا پرسی بوونی کەرکوکی بوو لە پەرلەمانی کوردستان و چۆنێتی ئەو رێ و شوێنانەی دەگیرێنە بەر بۆ ئەم کارە، بۆچوونەکە وەك ئەرك و پابەندی نەتەوەیی پەرلەمان بەم ناوچانەوە بەم جۆرە دارێژرابوو « بوونی چەند کورسیەکی رەمزی لە پەرلەمانی کوردستان تایبەت بێت بە دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان، ئەم کورسیانە هێمایەك دەبێت بۆ پابەندبوونی ئەخلاقی هەرێم بە دانیشتوان و خاکی ئەم ناوچانەی دەرەوەی هەرێم و یەکێتی کوردستان، دەکرێت ئەم کورسیانە هەموو مافێکیان هەبێت جگە لە مافی دەنگدان، یان لە بری ئەوە ئەنجومەنێکی تایبەت لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەو ناوچانە دروستبکرێت، کە دەسەڵات و شێوەی دانانیان بە یاسا رێك بخرێت، ئەمە دەکرا لە دەرەوەی پەرلەمان دروستبکرێت و پەرلەمان سەرپەرشتی بکات بە مەرجێ خەڵکی ناوچە دابڕێنراوەکان بن، لە کورد و عەرەب و تورکمان و ئەوانی دیکە.

پەرلەمانی کوردستان بەکردنەوەی نوسینگەی پەرلەمان لە رۆژی ١٦-١٠-٢٠١٤ هەنگاوێکی نا بەرەو کارکردنی راستەوخۆ لەسەر ئەو ناوچانە، لێ بەتەنێ کردنەوەی نوسینگەیەك و هاوشێوەکردنی کارەکانی لەگەڵ نوسینگەکانی دیکەی پەرلەمان، رەنگە شتێکی وا لە مەسەلەکە نەگۆڕێ، هەڵبەت ئەرك و کار و بەپرسیارەتی ئەم نوسینگەیە قورسترو زیاترو جیاوازترە لە نوسینگەکانی دیکەو بەپرسیارەتی پەرلەمان و خودی سەرۆکی پەرلەمانیش کە لە وتاری کردنەوەی نوسینگەکەدا کۆمەڵێك مژدەو بەڵێنی دا زیاترە بەرانبەر بەم نوسینگەیە، لەم نوسینەدا باسی سەرەتاکانی کردنەوەو گیرو گرفتەکان ناکەم و هەڵیدەگرم بۆ کاتی خۆی، بەڵام بەباوەڕی من هێشتا ئەم خولەی پەرلەمانیش وەك پێویست بە تەنگ و بە دەنگ خواستەکانی ئەم ناوچانەوە نەهاتوەو نەیتوانیوە لانی کەم ئەو پردە پەیوەندیە دروستبکات کە ئامانجی سەرەکی لە دروستکردنی گرێدرابوو بە کردنەوەی ئەم نووسینگەیەوە.

- **دەستوری هەرێم و پرسی ئەو ناوچانە:**

لەپڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستاندا هەست بە کێماسی و بۆشاییەکی سیاسی و قانونی گەورە دەکرێت بەرامبەر ئەم ناوچانە، ئەم پڕۆژە دەستورە نەیتوانیوە یان نەویستراوە روون و رەوان لەسەر ئەم ناوچانە رابوەستێ، لە مادەی دووی ئەم دەستورەدا خاڵی یەکەم نووسراوە « کوردستان – عێراق قەوارەیەکی جوگرافی

مێژوویە پێکدێت لە پارێزگای دهۆک بە سنوری کارگێڕی ئێستایەوە و پارێزگاکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێرو قەزاکانی ............. « ئەم پەرەگرافە پڕە لە هەڵەو پەڵە کە دەکرێ بە کورتی بەم شێوەیە چارەسەر بکرێت « کوردستانی باشور – عێراق سەرجەم شارو شارۆچکەو ناوچەکانی باشوری کوردستان دەگرێتەوە « راستی ئەو جۆرە لە باسکردنی ناوچە دابڕێنراوەکان بەبێ هۆ دەسبەردانە لە چەندین شوێن بۆ نمونە بەدرەو جەسان و زرباتیەو هتد. خاڵی دووەمی هەمان مادە بۆ سنوری سیاسی هەرێمی کوردستان پشت دەبەستێ بە جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ لە کاتێکا ئەم مادەیە پڕە لە کەندو لەند و لەمپەری زۆری لەبەردەمدایە. هەرچەند ئەم خاڵەیان تارادەیەکی زۆر پاشگەزبوونەوەشە لە خاڵی یەکەم.

لە مادەی ٣٥ ی هەمان پرۆژە دەستوردا باس لە مافی پێکهاتەکانی تر کراوە، ئەم مادەیە بە ڕای من مادەیەکی گرنگە، بەڵام لەگەڵ خاڵی سێیەمی مادەی دووەمدا بەریەك کەوتنێك هەیە، لە مادەی ٣٥ دا باس لە مافی ئۆتۆنۆم بۆ پێکهاتەکان دەکرێ لێ لە خاڵی سێیەمی مادەی دووەمدا دەڵێ ناکرێ هەرێمێکی تر لە ناو هەرێمدا دروست بکرێت، گریمان ئەو ئۆتۆنۆمە تەواوی پارێزگای کەرکوک وەك پارێزگا ویستیان لە چوارچێوەی هەرێمدا هەیانبێت ئەوسا چی، چونکە لە رابردوودا کاتێك باسمان لە تایبەتمەندی کەرکوک دەکرد هەندێك دنیایان لێدەهاتەوە یەك، ئەگەر کەرکوك و زۆربەی ناوچە دابڕێنراوەکان بە تایبەتمەندی خۆیان و بە شێوەیەکی ئۆتۆنۆم لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا جێیان بکرێتەوە ئایە هیچ لەمپەرێکی دەستوری هەیە.

پەرلەمانی کوردستان لە پیاچوونەوە بە پرۆژە دەستوری هەرێمدا پێویستە ئەم درزو کەلێنانە چارەسەر بکات و لە ڕووی سیاسی و جوگرافیەوە راشکاوانەتر لەسەر ئەم ناوچانە بوەستێ دیارە بەو تایبەتمەندیانەوە کە ئەم ناوچانە هەیانە.

> ## پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا بۆ هیچ یەك لەم کێشانە پڕۆژەو بەرنامەی نیە

- **کێشەی سەرەکی ئەو ناوچانە:**

ناوچەدابڕێنراوەکان کۆمەڵێك کێشەی قورسو کەڵەکە بووی چەندین ساڵەیان هەیە، کە پێویست دەکات پەرلەمانی کوردستان بەجیاجیا قسەیان لەسەر بکات و هەر کێشەیەکیان بخاتە سەبەتەیەکی تایبەتەوە، جیاکردنەوە لە باسکردناو گەڕان بە دوای چارەسەردا وادەکات دواتر کۆی چارەسەرەکە بخرێتە سەبەتەیەکی تایبەتەوەو ئەوەش ببێتە دۆسیەو پاکێجی تایبەت بەم ناوچانە، ئەوەندەی من تێبینیم کردوە، لەو بارەیەوە هێشتا ئەو پێداگری و شێلگیریە نابینرێ، ئەمەش بەشێکی زۆری پەیوەستە بەو ململانێ ناجۆرەی نێوان خودی کورد خۆیەوە لەو ناوچانە. لێرەدا بەکورتی باس لە هەندێ لە کێشەکان دەکەین.

- **کێشەی سیاسی:**

دەکرێ ئەم کێشەیە بکەینە چەند چڵێکەوە و قسەی تایبەتیان لەسەر بکەین:

١- کێشەی حیزبایەتی و بەحیزبی کردنی دامودەزگاکان لە نێوان کورد خۆیدا.

٢- کێشەی نێوان حیزبە عەرەبیەکان و جیاوازی بیرو ڕا.

٣- کێشەی نێوان حیزبە تورکمانیەکان و کێشەی شیعە و سونەی تورکمان لەو ناوچانە.

٤- کێشەی نێوان کورد و ئەوانی تر.

٥- کێشەی نێوان تورکمان و عەرەب لەو ناوچانە.

ئەم کێشانە هەموو بوونیان هەیە و هەریەك بە جۆرێك لەمپەرن لەبەردەم پێکەوەیی لەم ناوچانە، پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا بۆ هیچ یەك لەم کێشانە پڕۆژەو بەرنامەی نیە، ئەوە جگە لەوەی تەنانەت روون و رەوان نازانێ ئەوانیش چیان دەوێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی تا ئێستا گفتوگۆی راشکاوانە لەو بارەیەوە نەبووە، جگە لە ڕێگە چاری مادەکانی ٥٨ی دەستوری کاتی و ١٤٠ دەستوری هەمیشەیی و پرۆژەکەی تاڵەبانی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و ئەو لەمپەرانەی هاتنە بەردەم جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠، ئەمە لە کاتێکا هیچ ئاسۆیەکی جێبەجێ کردنی ئەو مادەیە بەدیناکراو بەدیناکرێ.

کۆکردنەوەی ئەم هەموو نەیاریە بۆ ئەوەی کار لەسەر دۆزینەوەی ڕێگە چارێك بکرێت کارێکی ئاسان نیە، بەڵام هی ئەوەش نیە دەستی بۆ نەبرێ، بەبڕوای من لە یەکەمین هەنگاودا پێویستە پەرلەمانی کوردستان گرووپ گرووپ ئەو نەیارانە بەیەکتر کۆبکاتەوەو دیدو سەرنجی هەموو لایەنەکان وەربگرێت و دواتر کار لەسەر

ئەوە بکات کۆی خاڵە هاوبەش و ناکۆکەکان بخاتە دوو سەبەتەوە، خاڵە هاوبەشەکان بکاتە سەرەتای گەڕان بەدوای چارەسەری کێشە سیاسیەکاندا، بۆ ئەمە لام وایە دەکرێ لەگەڵ پەرلەمانتارانی عێراقی ئەو ناوچانەش گفتوگۆ بکرێت.

- **کێشەی زەوی و زار :**

## بەعس لە ناوچە دابڕێنراوەکان سیاسەتی جۆراوجۆری پیادەکردوە، لەوانە تەعریب، تەبعیس، تەرحیل، هەروەها تێکدانی نەخشەی ئیداری

لەناوچە دابڕێنراوەکان کێشەیەکی زۆری زەوی و زار هەیە سەرەڕای دەرچوونی یاسای تایبەتیش بۆ گێڕانەوەیان هێشتا وەك پێویست چارەسەر نەکراون، بەشێك لەو زەویانە بە یاسای چارەسەری کێشەی موڵکداریش چارەسەر ناکرێن بۆیە پێویستە بۆ چارەسەر کردنیان پەرلەمانی کوردستانیش قسەی خۆی هەبێت، بەتایبەت بۆ ئەو گوندانەی کە دەکەونە سەر سنورەکانی نێوان کوردو عەرەب و کاتی خۆی بەعس بەبێ گەڕانەوە بۆ خاوەنە رەسەنەکانیان داگیری کردوە و بەخشیویەتی بەخەڵکی تر، بۆ نمونە بەشێکی زۆریان تەعریب کراون، ئەمەش وای کردوە ئێستا عەرەبەکانی ئەو ناوچانە خۆیان بە خاوەنی بزانن، وەك زۆربەی زەویەکانی سنوری مەتارە کە بە تاپۆ هی تاڵەبانیەکانە عەرەب دەستی بەسەردا گرتووە، یان زەویەکانی باجوان بەنمونە، راستی سەرەڕای ئەوەی دەستەی کێشە موڵکداریەکان زۆربەی ئەو یاسایانەی هەڵوەشاوەتەوە کە بەعس بۆ تەعریب و دەسبەسەرداگرتنی ئەو زەویانە دەریکردوە، بەڵام ئەمە نەبوەتە هۆی ئەوەی ئەو زەویانە بگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان.

پەرلەمانی کوردستان لەم بابەتەدا دەتوانێ بەدواداچوون بۆ ئەو کێشانە بکات و لایەنە ناکۆکەکان بگەیەنێتە یەکتر بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ ئەو بابەتە بدۆزرێتەوە، من سەبارەت بەم پرسە قسەم لەگەڵ لقی جوتیارانی کەرکوك کرد دیار بوو ئەوان زانیاری وردیان لە بارەی کێشەکانەوە لابوو، بۆیە دەکرێت بەر لە هەر شت پەرلەمان لەگەڵ جوتیارانی کەرکوك لەو بارەیەوە گفتوگۆ بکات و زانیاریەکان وەربگرێت.

- **کێشەی رێکخستنەوەی ئیدارە:**

بەعس لە ناوچە دابڕێنراوەکان سیاسەتی جۆراوجۆری پیادەکردوە، لەوانە تەعریب، تەبعیس، تەرحیل، هەروەهاتێکدانی نەخشەی ئیداری، ئەنفال و سڕینەوە، گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی و هەتا دوای، ئەم کارانەی بەعس لە مەودای دەیان ساڵدا کراون، لانی کەم لە هەشت مانگی ساڵی ١٩٦٣ و دواتر لە ساڵی ١٩٦٨ وە بۆ ساڵی ٢٠٠٣ تەنیا ماوەی نێوان ١٩٦٨ بۆ ٢٠٠٣ دەکاتە ٣٥ ساڵ، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە هیچ هەنگاوێکی ئەرێنی نەبینرا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بەتایبەت کێشەی رێکخستنەوەی نەخشەی ئیداری، بەعس نەخشەی ئیداری زۆر پارێزگاو ناوچەی تێکداوە لەوانە:

١- لە پارێزگای کەرکوك لە ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٧ هەریەك لە قەزاکانی خورماتوو، کفری، کەلار، چەمچەماڵ لە کەرکوك دابڕێنران.

٢- دەیان گوندی پارێزگاکانی هەولێر و کەرکوك ئەمبەرو ئەو بەریان پێکراوە ئەوە جگە لە سەرگەڕان و پردێ.

٣- چەندین ناحیە هەڵوەشێنراونەتەوە بۆ نمونە بەیەك بڕیار لە ساڵی ١٩٨٧ لە سنوری پارێزگای کەرکوك ناحیەکانی « شوان، قەرەحەسەن، قەرەهەنجیر، یایچی « هەڵوەشێنرانەوە جگە لە تەختکردن و ئەنفالکردنی ناحیەکانی « قادرکەرەم، سەنگاو، ئاخجەلەر، نەوجول «.

٤- هەروەها لە دهۆك و موسڵ و بەغداو کەربەلاش ئەم دەسکاری کردنە بوونی هەیە .

لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ دا کە دەبوایە لە ٣١-١٢-٢٠٠٧ تەواوی تەواو جێبەجێ کرابا، چارەسەری کێشەی رێکخستنەوەی ئیدارە دەکەوتە نێو خانەی « ئاسایکردنەوەوە» نەکرا کەسیش لەسەر ئەو بابەتە لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکرا لە کاتێکا نوری مالکی لەکارنامەکەی خۆیدا لە خولی یەکەمی سەرەك وەزیریدا ٢٠٠٦-٢٠١٠ بەڵێنی جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ ی داو نەیکرد دەقی کارنامەکە بە واژۆی مالکی لە نێو پڕۆتۆکۆلەکانی پەرلەمانی عێراقدا هەیەو لەبەردەم پەرلەمانیش خوێندرایەوە، کورد بۆ یەکجاریش لەم

رووەوە سەرزەنشتی مالکی نەکرد.

پەرلەمانی کوردستان چەندین بەڵگەی لەبەر دەستە تا کاریان لەسەر بکات بۆ قسە لەسەرکردنی ئەو ناوچانەو هەوڵدان بۆ گێڕانەوەیان بۆ دۆخی ئاسای، بەتایبەت ئەوەی دەکەوێتە سنوری پارێزگای کەرکوکەوە، لەو بەڵگانە:

**یەکەم:** خودی مادەی ١٤٠ کە لە هەناوی مادەی ٥٨وە دەرچووە و دەبوایە لە ٣١-١٢-٢٠٠٧ جێبەجێ بکرایە.

**دووەم:** خاڵی بیست و دووی کارنامەکەی مالکی لە خولی یەکەمی سەرۆکوەزیریدا کە بەڵێنی دابوو مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکات.

**سێیەم:** هەڵوەشانەوەی کۆی یاساکانی بەعس لە سەردەمی بریمەردا ساڵی ٢٠٠٤.

چوارەم: بەجێهێشتن و راکردنی سوپای حکومەتی عێراق لە زۆربەی ناوچە دابڕێنراوەکان لە کاتی پەلاماری داعشدا بۆ نمونە لە ناوچەکانی داقوق و خورماتوو سەعدیە و جەلەولاو سلێمان بەگ و مەخمورو شەنگال و زومارو شوێنەکانی تر.

- **کێشەی خاوەندارێتی و پێکەوەیی:**

رەنگە یەکێ لە کێشە سەرەکیەکانی ئەم ناوچانە پرسی خاوەندارێتی کردن بێت، ئەمە بە بڕوای من پەیوەستە بە نەبوونی دیموکراسی و متمانە بەیەککردنەوە، راستی ئەگەر دۆخێکی دیموکراسی هەبێت و پێکهاتەکان متمانە بەیەکتر بکەن، پێداگیری خاوەندارێتی کردنیش بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت، بەڵام ناکرێ لەم بابەتەدا رۆڵی خەراپی دەرو دراوسێ لە بیر بکرێت، هەندێك دەستوەردان لە کاروباری ئەم ناوچانە وای کردوە کە هەموو بە گومانەوە سەیری یەکتربکەن و متمانەیان بە یەکتر نەبێت، لەبارەی ئەم پرسەوە وەك پێشتر باسمان کرد پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ دیدی لایەنە ناکۆکەکان وەربگرێ و دواتر لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی پێکەوەیی پڕۆژەی

> **پەرلەمانی کوردستان، دەکرێ لە رێی بایەخدان بە چەمکەکانی ئینسانی بوون و کەرکوکی بوونەوە کێشە نەتەوەیی و سیاسیەکان تا رادەیەکی زۆر کاڵبکاتەوە**

پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەو ناوچانە بونیاد بنێ، لام وایە بۆ ئەو مەبەستە، ئێستا لە هەرکات بارودۆخ لە بارترە، ئێمە دەزانین سیاسی گەلێك هەن، زیاتر لایەنی نەرێنی و رەشبینی بە سیاسەتکردنیانەوە دیارە، بۆ نمونە هەندێك هەڵوێستی ئەرشەد ساڵحی، کە زۆر جار ئەو هەڵوێستانە و شێوازی دەربڕینەکەیان رەنگە زیانی زیاتر بێت لە سود، لەگەڵ ئەوەشدا لە چوارچێوەی ئازادی بیروڕادا پێویستە رێزی لێبگیرێ، دڵنیام بۆ هەموو ئەمانە دەرچەیەك هەیە، ئەمەش هەموومان لە یەکتر نزیك دەکاتەوە، پەرلەمان دەتوانێ زەمینەکانی ئەو دەرچەیە بدۆزێتەوەو بیڕەخسێنێ، بۆ نمونە کاتێ بارزانی بڕیاری دا ناوچە دابڕێنراوەکان ناوبنرێ « ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم » ئەگەرچی ئێمە تێبینی خۆمان لەسەر شێوازی ناونانەکە هەبوو، بەتایبەت لەو رووەوە کە داننان بوو بەوەی ئەم ناوچانە لە دەرەوەی هەرێمن و ئەوەش وەك دیکۆمێنتێك لە رووی قانونیەوە دوو سەرەیە، لەگەڵ ئەوەش یەکسەر بەدوای ئەو بڕیارەدا ساڵحی بۆ مەدا پرێس باسی لەوەکرد کە ئەم ناوچانە تورکمانین، راستی کە دەگوترێ کوردستانی واتە جگە لە کورد خەڵکی دیکەشی تیایە، بەڵام کە دەگوترێ تورکمانی من لە کاك ئەرشەد ساڵحی دەپرسم ئەم ناونانە چی بیر دەخاتەوە، ئێستا ئەوە کۆتای هات و هیچیش روونەدا، ئەو بۆ کردنەوەی نوسینگەی پەرلەمانیش هەمان هەڵوێستی بوو، لە کاتێکدا ئێستا نوسینگەکە تورکمانیش رووی تێدەکەن و بە هی خۆیانی دەزانن، تەنانەت پێشوازی لە بیروڕاکانیشی دەکرێت، بەڵام کەرکوکی بوون و ئینسانی بوون کۆمان دەکاتەوە، پەرلەمانی کوردستان، دەکرێ لە رێی بایەخدان بە چەمکەکانی ئینسانی بوون و کەرکوکی بوونەوە کێشە نەتەوەیی و سیاسیەکان تا رادەیەکی زۆر کاڵبکاتەوە.

- **پەرلەمان دەتوانێ چی بکات:**

لە بڕگەکانی پێشودا هەندێ قسەمان لەسەر ئەوە کردوە پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ چی بکات، لێرەشدا بە کورتی لەسەر هەندێ خاڵی دیکە دەوەستین، هەرچەند بە بڕوای من پەرلەمان هەر لە ئێستاوە دەتوانێ زەمینە بڕەخسێنێ بۆ گفتوگۆیەکی کراوە بۆ ئەوەی

کەرکوکیەکان هەم بەشداری هەڵبژاردنی هەرێم بکەن لە ئایندەدا هەم نوێنەریان هەبێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەمە نەك هەر بۆ کورد بۆ پێکهاتەکانی تریش، پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ لە ئێستاوە ئەم کارانە بکات و دۆسیەی تایبەتیان بۆ ئامادە بکات.

**یەکەم: لەگەڵ پەرلەمانی عێراقی:**

پەرلەمانی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەی ئەو ناوچانە دەکرێ لێژنەی هاوبەش لەگەڵ پەرلەمانی عێراق دروستبکات، باشتریشە نوێنەرەکانی پەرلەمانی عێراق لە خەڵکی ئەو ناوچانە بن، پەرلەمانی عێراق کەم و کورِی زۆری بەرانبەر ئەو ناوچانە نواندوە، بەتایبەت لەو رووەوە کە لەکاتی خۆیدا نەیتوانیوە نەمادەی ١٤٠ جێبەجێ بکات نە لەوانە بپرسێتەوە کە کەمتەرخەمیان هەبووە لەو بارەیەوە.

## مادەی ١٤٠ هەر وەك مادەیەك لە دەستوردا مایەوەو کاری لەسەر نەکرا

**دووەم: لەگەڵ پێکهاتەکان:**

پەرلەمانی کوردستان سەرەڕای ئەوەی دەکرێ داوای دیدو سەرنجی پێکهاتەکان بکات بۆ ئایندەی ئەو ناوچانە، جگە لەوەش دەتوانێ لە گەڵیان دابنیشێ و پێکەوە قسە لەسەر پتەوکردنی خاڵە هاوبەشەکان بکەن، من دڵنیام لە ناوپێکهاتەکانی کەرکوك و خەڵکی ناوچە دابڕێنراوەکاندا زۆرن ئەوانەی دەیانەوێ لەبارەی چارەنوسی خۆیانەوە گفتوگۆ بکەن، زۆربەشیان دیدو سەرنجی بەجێ و گونجاویان هەیە، کە دەکرێ کاریان لەسەر بکرێت، من بۆ خۆم دیدو سەرنج و پێشنیازی زۆر جوانم لەو کەسانە بینیوە.

سێیەم: لە گەڵ حکومەتی هەرێم:

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستا بەدواوە ئەرکێکی زۆرتری بەرانبەر بەو ناوچانە دەکەوێتە ئەستۆ لەبەر ئەوەی ئیدی لێرە بە دواوە بە فەرمی نەوتی کەرکوك لەبۆریەکانی هەرێمەوە دەڕوات ئەوەش وادەخوازێ کە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی کوردستان پێکەوە کار لەسەر ئەو بابەتە بکەن، لەماوەی رابردودا پرسی ناردنی نەوت لەو بۆریانەوە کێشەو وتو وێژی زۆری بە دوی خۆیدا هێنا، دەبێت ئەمە چارەسەر بکرێت و لە بەحیزبی کردن رزگار بکرێت، لانی کەم حکومەتی هەرێم دەتوانێ نوسینگەی دایك بۆ نوسینگەی وەزارەتەکان لە کەرکوك بکاتەوە، بەتایبەت ئێستا کە نوسینگەی وەزارەتی خوێندنی باڵا کراوەتەوەو کارئاسانی بۆ خوێندکارانی ئەو ناوچانە دەکات، دەکرێ ئەمە سەرەتایەك بێت بۆ کردنەوەی نوسینگەکانی دیکەش. پەرلەمان دەتوانێ رۆڵی پاڵپشتی و هاندان لەو رووەوە ببینێ بەتایبەت لە ئێستادا کە زۆرێك لە کێشەکان دێنە بەردەم نوسینگەی کەرکوکی پەرلەمانی کوردستان.

مادەی ١٤٠:

مادەی ١٤٠ پوختەو کورتکراوەی مادەی ٥٨ ی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراقە، ئەم مادەیە لە سێ قۆناخ پێکهاتوە « ئاسایکردنەوە، سەرژمێری، راپرسی « ئەوەی جێگەی نیگەرانیە کورد سەرەڕای بوونی ئەندامی زۆری لە لێژنەکاندا، سەرەڕای رۆڵی لە نوسینەوەی دەستوری عێراق و مادەی ١٤٠ی ئەو دەستورەدا، کەچی ئەو مادەیەی بە کۆمەڵێ کەم و کورِیەوە قەبوڵ کردوە، من پێشتر هەر پاش دەرچوونی دەستوری عێراق و بوونی ئەو مادەیە تێیدا وتارێکم لەسەر ئەو مادەیە نووسی بە ناونیشانی کەرکوك لەبەردەم هەڕەشەی مادە ١٤٠ دا، لەوێ کەم و کورِیەکانم دیاری کردبوو، بەڵام هەرزوو ئەو مادەیە نەیارو دژی زۆری بۆ پەیدا بوو، کە من نامەوێ لێرەدا بچمەوە سەر ئەو باسە، بەڵام گرنگە ئێستا پەرلەمانی کوردستان دوا قسەو هەڵوێستی خۆی لەسەر ئەو مادەیە دەربڕێ.

لەو مادەیەدا دەیان پرسیاری بێوەڵام هەیە، کێ و چۆن و بە چ شێوازێك ئاسایکردنەوەو سەرژمێری و راپرسی دەکرێت، وەڵامی کۆی ئەم پرسیارانە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو لێژنە پەرلەمانیەی کە پێویستە لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەم مادەیە گفتوگۆ بکەن.

- جێگرەوەی مادەی ١٤٠:

مادەی ١٤٠ هەر وەك مادەیەك لە دەستوردا مایەوەو کاری لەسەر نەکرا، چی بکرێت، ئایە پەرلەمانی کوردستان هیچ جێگرەوەیەکی ئەو مادەیەی هەیە، ئایە هیچ بەرنامەیەکی هەیە بۆ ئەوەی هەق بگەڕێتەوە بۆ خاوەن هەق وقەرەبوی ئەو دیرۆکە پڕ ستەمکاریە بکرێتەوە، بۆ ئەمە پێویستە پەرلەمانی کوردستان بە

دوای جێگرەوەیەکی قانونیدا بگەرێ، لانی کەم لەبەر خوێنی ئەو شەهیدانەی لەم ناوچانە رژان، ناکرێ بەهەمان شێوەی جاران مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەی ئێستا بکرێت. بۆ ئەمە پێویستە پەرلەمان بەرنامەی خۆی هەبێت.

بۆ مێژوو ئەوەش دەنوسم کە ئەوانەی لە بەغدا لەو سەروبەندە نوێنەرایەتی کوردیان دەکرد و رۆڵیان لە مەجلیسی حوکم و دواتر بونیاد نانەوەی عێراق و نوسینەوەی دەستوردا هەبوو بریتی بوون لە:

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی
جەلال تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی
سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری یەکگرتوو
دارا نورەدین
مەحمود عوسمان
وەزیرەکانی کورد لەو سەردەمە: وشیار زێباری دەرەوە
لەتیف رەشید سەرچاوەکانی ئاو
نەسرین بەرواری شارەوانیەکان
محەمەد تۆفیق رەحیم پیشەسازی
عەبدولرەحمان سدیق ژینگە
لە سەردەمی عەلاویدا ٢٠٠٤
رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك كۆمار
فواد مەعسوم سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراق
وەزیرەکان
بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆك وەزیران
وشیار زێباری دەرەوە
لەتیف رەشید سەرچاوەکانی ئاو
نەسرین بەرواری شارەوانی
بەختیار ئەمین مافی مرۆڤ

ئەم ناوانە زۆربەیان بەردەوام دووبارە دەبنەوە جگە لە هاتنی ناوی تر وەك « عارف تەیفور، عەبدولباست کەریم مەولود، جوان فواد مەعسوم، هادی ئیدریس، فەوزی حەریری، بەیان دزەیی » ئەم ناوانە لانی کەم تا ٢٠٠٩ لەگەڵ شیعەو سونەی عەرەب حوکمی عێراقیان کردوە، عێراقێك کە لە دوای رووخانی سەدامەوە بۆ یەك مانگ ئارامی بە خۆیەوە نەبینیوە و کوردیش هێشتا پابەندە پێیەوە.



وێنەی چۆڵبوونی پەرلەمان بەردەوامە

# كوردێن شەبەك دناڤبەرا گێژەڤانكا كوردايەتى و عەرەب كرنێ دا



ئازادیی كۆمەڵگە
ئەكرەم خالد ئەبدولكەریم(سەید ئەكرەم)/ دهوك

بەشا ئێکێ

دەڤەرا شەبەکایەتی دکەڤیتن ناڤ سنورێ پاریزگەها میسل ل باکورێ رۆژهەلاتی عێراقێ، ل ناوچەیەکا سنوردای ل سەر رێکا دهوک – هەولێر ژ ئالیەکی و ژ ئالیەکێ دی ل سەر رێکا میسل – کەرکوک، ل سەر درێژیا روبارێ دیجلە و خازری، ل کەنارێ باژێرکێ حەمدانیە، دبیتن دەڤەرەکا ساکار و نەپویتە پێ کری ژ لایێ رژێمێن ئێک لدویف ئێکێن عیراقێ.

شەبەک خەلکێ سادەو دلپاقژن، ب مەردایەتی و حەژێ کرنا مروڤایەتێ، ناڤ و دەنگێ وان هاتیە بەلاڤبوون، مژویلن ب چاندنا کشتوکالی و خودان کرنا مەرومالاتی، ب هەبونا زور ئەگەران خاندن زوی لناڤ بەلاڤ نەبویە، گرنگترینێ وان ئەگەرا، دویراتیا وان ژ خاندنگەهـ و هەژاری و نەداریا وان و نەپویتەدانا دەولەتێ، گوندێن وان بەلاڤ بوینە برەنگەکێ نەرێک و پێک و مالێن وان بەربەلاڤ هاتینە دروست کرن، ژ ئاجورێن ئاخێ، هەردیسان ب بەرێن روی کری بئاخێ هاتنە ئاڤەدان کرن.

شەبەک کومەلگەهەکێ شولکەر و دلپاک و خزمەتکارن، دپەیوەندیێن خو یێن جڤاکی دا زور گرێدانێن رەسەن هەنە، ئەو لناڤ خەلکێ دەڤەرێ زور دخوشتڤینە، چونکی حەز ژ مروڤایەتێ دکەن و دراستگونە و خزمەتکارن ، ئەمینن بو دوست و هەڤالێن خو، هەر دیسانێ ب دینێ خوڤە زور دگرێدانە، ئیسلامیێن مەزهەب شیعی و سوننە.

ئەو بزمانەکی دئاخڤن، جودایە ژ هەمی زمانێن خەلکێ دەردورێن میسل، لەومانێ هندەک دبێژن ئەو کوردن، هندەک ژی دبێژن تورکومانن یان ژ نەسلا عەرەبن، هندەک ژی دبێژن ئەو خێلەکا بتنێیە، هاتینە پێکڤە گرێدانێ بمەزهەبێ جەعفەرێن شیعی ڤە، یێ کو پرانیا وان پێگیریێ پێ دکەن، هەرگوتنەکێ ژی ژڤان بەلگە و پشتەڤانی کرنێن خو هەنە، دڤێتن مروڤ پێ بهێن درێژ بیتن تاکو بگەهیتن راستا رەسەنیا ڤێ مللەتی.

گەروک و نڤێسەڤان ئێک دوو ناگرن ل سەر ناڤێ شەبەکا، قاموس ل سەر هندێ کوم دبن، بنیاتێ تشتێ(اصل الشئ)، یان بنێ تشتی(اسفل الشئ)، ژبەرهندێ بوزانینا رەگەزێ دروستێ وان دڤێتن لێکولین و لێ گەریان بهێنە کرن، ژ بلی کێم پەرتوک ل سەر شەبەکا هاتینە نڤێسین، دگەل هندێ دا نڤێسەر زوهێر کازم عەبود بزاڤ کرینە، لێ گەریانێ ل رەگەزێ وان بکەتن، ئەو پەرتوکێن ل سەر شەبەکا دەرچوین(کیتاب الصراف- ١٩٥٤ز، کیتاب الکاتب لمحات عن الشبک ٢٠٠٠ز، کیتابا احمد شوکت الشبک الکورد المنسیون)، هەردیسان نڤێسینێن( باحث د. رشید الخیون، ادهم عبدالعزیز، رشید البندر، اسماعیل سولتان، نڤێسەر شاخەوان، السید صافی الیاسری... )، ئەڤان لێگەر و نڤێسەران کێشا شەبەکان دایە دیار کرن، دبیتن پەیڤا شەبەک، پەیڤەکا هاڤی بیتن، چونکی ئەو وەکی مللەتە د چ نڤێسار و سەرژمێریێن دەولەتێ دا نەهاتیە دیار کرن.

د (موحیت الموحیت دا یا بوترس البستانی هاتیە، دبێتن شەبەک تشتەکە بتشتەکی کەڤتی و تێکەلی هەڤدوو بویە و ل ناڤکدا بشفتنە، عەرەب دبێژن شەبەک یانی تەڤلی هەڤبوون، چوونا تبلا بوناڤ تبلا، یانی چوونا ناڤک و تێکەلی

ئیبَکبوون، دبیتن مەرەم ژێ ئەو بیتن، تێکەلبونا خەلکەکێ جودا جودا، چونکی لوێ دەڤەرێ ژ لایێ نەتەوەیی، کورد و عەرەب و تورکومان هەنە، هەردیسانێ ژ لایێ دینی( مەسیحی، ئێزدی، بسلمان سنە و شیعە) هەنە، ئەو وەسا هزر دکەن ژ بەر ئەنجامێ ڤان دین و نەتەوان شەبەک دروست بوینە، هەردیسان وەسان ددەنە خویاکرن ژ زور ناڤلێنان دروست بوینە، وەکی شەبەکا ماسیا پێ دگرن لناڤ ئاڤێ، شەبەکا پەنجەرا دپارێزیتن، شەبەکا تەیروتەوالێ پێ دگرن، شەبەکا لسەر بوریێن ئاڤوجوکا هاتیە دروست کرن... تورا رەگەزی لنلقبەرا مروڤان، هەردیسان دەڤەرەک هەیە لسەر سنورێ سعودیە دبێژنێ(الشبکە) ژ رویێ ئیداری، سەر بپارێزگەها نەجەفێ ڤەیە، نڤیسەرێ عێراقی عەباس عەزاوی د پەرتوکا خودا(العێراق بین الاحتلالین) دا دبێژیتن، زور ژ کەڤندا تورکومانی هاتیەنە عێراقێ( بەریا مەغول و تەتارا)، ئەو لناڤ خێلێن عەرەبی و کوردی دا حەلیانە، ل سەر تیرێن تورکومانی دبێژیتن: کەڤنترینێ خێلێن وان(البیات)، ئەو خوجن ل کەرکوک و بەرەڤ پارێزگەها واست، پاشی پشکا هەرە زور لباژێران بەلاڤ بوون، تێکەلی خێلێن عەرەبی بوون، تایێ ژ هەمیان بناڤ و دەنگترێ ئەلبستملیە( بەرانکێن وان ئەلمەحمودیە، عزدینیە، یەبالیە)، پیر ئەحمەد بەرانکێن وانن: بوعەلی ئەلناصر، ئەلبوخالد، ئەڤە تێکەلەکە ژ تورک و عەرەبا، تێکەلەکێ کوردی ژی دگەل دا هەنە، روینزیت عەرەب تێدانە، اسماعیل بیکلیە سەروکێ وان فارس کورێ حاج مەحەمەد بەگێ، ئەو دبیتن سەروکێ هەمی بەیاتیا، قەرەناز، برواجلیە، حسن درلیە، ئەلئەمرالیە، مرادلیە، دەلالو، ئەلبوولی، قوشجیە( سەروکێ وان حەمید ئاغا، ژوان ئالکنە ل بەغدایێ)، یەنکیجیە(کوردتێدا هەنە)، ناڤێ ڤان بەیاتیا هاتیە گوتن د( دیوان اللوغاتدا)، د شێوەیێ(ئوسمانلی)دا یا ئەحمەد وفیق پاشا، ئەو بەربەلاڤن لعێراقێ و لدەرڤە،

> **ئەدمونس دبێژیتن، شەبەکێن میسل و کەرکویکێ هەردووک ژ رەگەز تورکومانن**

هەردیسانێ هاتیە گوتن د(تاج العروس) دا، دئەولیاچەلەبی دا، فزولیێ هوزانڤانێ ناڤدارێ عێراقی گوتن و داخویانین ل سەر هاتینە برێدا برن .

هەردیسان عەزاوی بەحسێ تیرەیێن تورکومانی دکەتن، قەراولس:ژ تیرەیێن مەنغولی، دژیتن ل نێزیک مەندەلی، ئەلخەلجیە، صارلیە(ناڤودەنگترین گوندێن وان، دەربەند سارلو، زنکل، قولەبەند، تل حەمیدیە، کەبەرلو، زارەخاتون... ). نڤیسەر کامل مستەفا ئەلشەیی دبێژیتن: شەبەک ژ خێلێن تورکومانی دروست بوینە، ئەو دچنە سەر بەکداشیان، رێگرێن تەریقەتا صوفینە برێبەریا حەیدەر کورێ جونەیدی، لدەمێ دەستپێکا دیار بونا رێکا صوفیگەریێ. رێبەرێ رێبازا وان حەیدەر جونەید یێ کو ژ تورکێن ئازەربێجانێ یە... بریاردا پارچە قوماشەکێ لێکپێچای ژ دازدە گەریا و ئالاندی د پەروکەکێ سوردا، ل سەرێ خو بکەن، وەکی ئیشارەتەکێ بو دووازدە ئیمامێن شیعی، هوسان گوتنێ(قزلباش)، بەکداشی و قزلباش هەردووک تورکومانن، پیروزی و برێداچونێن وان یێن دینی وەکی ئێکن و هەدووک رێگرێن صوفیگەریا ئیرانینە.

ئەدمونس دبێژیتن، شەبەکێن میسل و کەرکویکێ هەردووک ژ رەگەز تورکومانن، هەردیسان ئەلعومەری دپەرتوکا خویا (الحصار الاقتصادی و الدمار)دا، دبێژیتن شەبەکێن مەزهەبێ شیعی هەمی تورکومانن، ئەحمەد حامد ئەلصەراف د پەرتوکاخودا(الشبک)، دبێژیتن: شەبەک تورکێن هەلاتینە ل پێتریا بیست گوندێن دەردورێن روژهەلاتا میسل، لێسەرژمێرا وان دگەهیتن، دەهـ تاکو پازدە هزار کەسا، د. داود ئەلچەلەبی دبێژیتن شەبەکا بەریا سیە تا چل سالا بەکداشیە دکرن، ل ناڤبەرا جبلە و قونیە و ئیراشاد وەردگرت، دبێژیتن ئێک ژوان دچیتن سەردانا کەربەلایێ، دچیتن دەڤ وەکیلێ جبلە و قونیە... گرنگترینێ گوندێن وان ئەڤەنە، دەراویش، قەرەتەپە، باجربوعە، بازاویە، توپراق زیارە، خەزنەتەپە، منارە شەبەک، تبراوە، عەلی رەش، توپزاوە،کور غەریبان، کەبرلی، تیز خراب، یەکینجە، بدنە، باسخرە، شێخ ئەمیر، بەعوێزە... ل هندەک گوندێن دی ژی خوجهن وەکی باجوان، ئەو لڤێرە هەمی سنەنە،( لڤێرە ئەڤەر ئەم هویر و کویر بەرخودانێ بو بکەین، دوو بەلگێن گرنگ هەنە، شەبەک کوردن، چونکی دبێژیتن ئەو ژ جوبلە و قونیە هاتینە، ئەڤ دەڤەرە ژی دەڤەرێن

كوردی، يێن رەسەنن، هەرديسانێ ئەگەر ئەم راڤەكرنەكێ ل ناڤێن گوندێن وان بكەين، هەمی بكوردی هاتنە ناڤ كرن، يان ژی ناڤكرنا گوندێن وان ژ سەرچاڤكێن كوردی هاتنە).

ئەلصەراف دبێژيتن شەبەك، كورد و توركن: توركا باكورێ عێراقێ داگير كر، خوجە بون لدەردورێن ميسل، ل سەردەمێ سولتان توغرول بەگی سەلجوقی، يێ دگەل ژمارەيەكا زورا توركا هاتی، بو پشتەڤانيا خەليفە(قائيم بئەمر الله العباسی)، بونەهێلانا سولتانێ دەولەتا بوەيهی، بسەروكاتيا سەركردێ شورەشگێر(البساسری) ل سالا ١٠٥٥ز.

ديسان صەراف دبێژيتن شەبەك تێكەلەيەكێ، كورد، تورك، عەرەبيە و خێلا باجوان، زمانێ وان كوردی ، توركی، عەرەبی، فارسی يا تێكەلەيە.

ژپەلارتوكێن پيروزێن شەبەكا، پەرتوكا بزمانێ توركی، پێكاتيە ژ دانوستاندنەكا رێكا صوفيگەرێ، ل ناڤبەرا شێخ صەدردين و قوتب ئەلعارفين شێخ صەفيەدين ئەردەبيلی، زاهد و دانەرێ رێكا صوفيگەری، يێ وەفات كری ل سالا ١٣٢٩ز، نوكە ژی زيارەتێ وی هەيە ل ئەردەبيل وەلاتێ كورە ئازەربەيجان و خەلك دچنە زيارەتا وی.

صەراف دبێژيتن پێنج گريمان هەنە بو هەبونا رەگەزێ شەبەكا، گريمانا ئێكێ شەبەك خێلەكا كوردی يا نەديارە، ل دەڤەرا ئاكنجی بونا وان ل ميسلن، ئەڤێ گوتنێ پشتەڤانيەكا بهێز نينە، چونكی ل ناڤ شەبەكا خێلێن فارسی و عەرەبی و توركومانی ژی هەنە. گريمانا دووێ شەبەك توركن هاتينە عێراقێ لسەر دەمێ سولتان توغرل بەگێ، ديسان ڤێ گريمانێ ژی پشتەڤانيا بهێز نينە، گريمانا سێ ئەووە شەبەک ژ خێلێن گوندێن قەرەقوينلو و ئاق قوينلونە (قەرەقوينلو دەولەتەكا توركومانی بويە، ل سالا١٤١٠ز- ١٤٦٨ز دەستهەلات ل عێراقێ كريە، هەرديسان ئاق قوينلو دەولەتەكا توركومانی بويە و ل سالا ١٤٦٨ز- ١٥٠٨ز دەستهەلات ل عێراقێ گێرايە). ئەڤە ژی گريمانەكا لاوازە چونكی ڤان دەولەتا توركومانێن وان بزمانێ ئازەری دئاخفتن و زمانێ وان جودايە ژ زمانێ شەبەكا، گريمانا چارێ ئەووە شەبەک تورک بن و لسەر دەمێ سولتان مرادی هاتبن عێراقێ (ل سالا١٠٤٧ز)، ئەڤێ گوتنێ ژی چ بنيات نينە، چونكی بەريا ڤێ سەردەمی شەبەک لعێراقێ ژيانە، گريمانا پێنجێ ئەووە شەبەک هاتينە عێراقێ لديڤ عەقيدا مەزهەبێ خو لسەر دەمێ صەفەويان (بنەمالا صەفەويا دەستهەلات گێرا لئيرانێ ل ناڤبەرا سالا ١٥٠٠ز- ١٧٥٠ز )، ئەڤە ژی ديتنەكا نە




كوردانی شەبەك لە مەراسیمێكی تایبەت بە خۆیان

بەرئاقلە، چونکی زور پێشیا وان شەبەک ل عێراقێ هەبوینە.

دنامەیا دکتورایا داود چەلەبی دا، یاکو هاتیە بەلاڤ کرن ل لاپەرێ هەشتێ ژ پەرتوکا (الصراف)دا، شەبەک هاتینە ژ خاریا ئیرانێن زمانێ وان تێکەلەیەکێ زمانێ فارسی، کوردی، عەرەبیە و دگەل پیچەکا تورکێ، دەڤوکا وان نێزیکە ژ دەڤوکا (بلوش)، سەرەرای هندێ صەرافی زور گریمان بو مللەتێ شەبەک دانانە، لێ لئەنجامێ دوماهیکێ چ گریمانێن وی بەرئەنجامێ راست و دروست نەدایە دەستێ مە... ڤەکولەر رەشید خیون د پەرتوکاخودا(الادیان والمزاهب) دبێژیتن، شەبەک تێکەلەیەکە ژ گەلەک رەگەز و دینا، بەلاڤ بوینە لناڤبەرا کەرکویک و میسل، عەرەب تێدا هەنە، کورد تێدا هەنە، کلدوئاشوری تێدا هەنە، سریان و ئێزیدی تێدا هەنە، یەهودی و مەزهەبێن ئیسلامی سنی و شیعی تێدا هەنە، ئەهلێ حەق و زەرەدەشتی و روژپەرێز تێدا هەنە، ئەڤ پێکهاتەیە وەسان دروست بویە، زور دین و مەزهەب و نەتەوان بخوڤە دگرن... دیسان رەگەزێ وان دچیتن سەر خێلەکا شەبەکا کوردی، دەولەتێ وەسا داخویانی بەلاڤ دکرن، ئەو دپەرستنا خودا ئێزدینە، لێ درەسەندا ئەو ئێزدی نینن، بەلکی ئەو ژ نەسەلێ کوردانە، دزمان و دربیشتا خودا، هندەک سنێن شافعینە و هندەک شیعێن جەعفەرینە... ژمارا وان ل سالا ١٩٧٧ز کەهشتە(٨٠) هەشتێ هزار کەسا، دەولەتێ ئەو بعەرب ناڤنڤیسی کرن.

د. میشێل لیزیرک سەیدایێ پریفیسور دفەلسەفێ دا ل دانشگەها ئەمستەردام لهولەندێ لێگەریانەک دروست کر، لسەر سەرژمێریا مروڤا، و هاتە گورین ژ لایێ د. ئیسماعیل سولتانی، دبێژیتن شەبەک وەکی دیاردەیەکا تەندروستی هاتە دروست کرن، ژ بەرئەنجامێ هەڤرکیا هەی، ل ناڤبەرا صەفەوی و ئوسمانلیا، دبێژیتن نەدیاریەک هەیە د رەگەزێ شەبەکا دا و ل داهاتی دێ

> ## نڤێسەر عەونی ئەلداودی دبێژیتن شەبەک کوردن

دەینە دیار کرن... رەئیا د. داود چەلەبی، ڤی دینێ بنەوەیی دەردئێخیتن، ل دەمێ دبێژیتن شەبەک، ژ تێکەلەیەکێ(کوردی، عەرەبی، تورکومانی) دروست بویە، ئەڤ دیتنە دبیتن راست ترین دیتن... تشتێ راست مروڤ دشێتن بێژیتن، ئەڤان دیتن و گوتنا نەئارامیەک ئێخستیە ناڤ مللەتێ شەبەک، نەخاسم دەولەتێ رەفتارەکا نەماقویل هەردەم دگەل دا کریە، جارەکێ کرنە کورد، پاشی تورک، پاشی فارس، هەردیسانێ بعەرب ژمارتنە، بونا تێرکرنا رەگەزپەرێسیا خویا بکەرب و کوین، ئەڤ رەفتارێ رەوشەکا ئالوز و بارەکێ گران ئێخستیە سەرمللێن شەبەکا ، بوینە ئەگەرێ ئەزیەت دان و ئێشاندنەکا جەستەیی و دەرونی، توشی دوو سەری و لێک ئالزیانێ بوینە.

هەردیسانێ نڤێسەر عەونی ئەلداودی دبێژیتن شەبەک کوردن، ل سەر سەروکانیا نڤێنێن رەشید بەندەر ڤێ داخویانێ بەلێ دکەتن، ئەو ژ خێلا باجەلان یاکوردینە و زمانێ وان دەڤوکا ماجوگورانیە، ژ روێ دینی، ئەوان مەزهەبێ کاکائی ل سەر راست بوینە و خێلا باجەلان خێلەکا کوردیا مەزنە و بەربەلاڤە لناڤبەرا دەردورێن کەرکول و دەردورێن وێ، شەبەک کوردێن رەسەنن، بدەڤوکا باجەلان دئاخڤن و ئەڤ دەڤوکە تایەکە ژ دەڤوکا گوران یاکوری، رژێمێ ئەو بعەرەب دژمارتن و بزاڤ دکرن بخورتی بکەنە عەرەب، ل سەر ئەڤێ بنیاتی ل سالا١٩٨٨-١٩٩٨ز ئەوان بزاڤ کرن، گوندێن وان ڤەگوهێزن دەڤەرێن عەرەبی، باجەلان خێلەکا کوردیا بەربەلاڤە و خوجهن ل تورکیا، ئێران، عێراق و ل عێراقێ خوجهن ل پارێز گەهێن دیالا، کەرکوک، نەینەوا، بەشدارن دگەل ئەڤێ خێلێ، خێلا زەنگەنە، کاکائی، شەبەک( کو تایەکە ژ باجەلا)، ئێک زمان هەیە، ئەو ژی زمانێ کوردیە، بدەڤوکا ماجو گورانی، یاکو رێزمانا خویا تایبەتی هەی.

ئەڤێ خێلێ(باجەلان) بێنەکا زورفرهە هەبویە، ئەو لناڤا نەکبەتی و کارەساتادا مەزن بوینە، زور دەردەسەری دیتینە، ئەوان خوپاراست و بەرگری کرن، ئەوان شەرەکێ دویرودرێژ دگەل کیسرا (بروجەری)داکر، لدەمێ حەبس کرنا نوعمان کورێ مونزری، گەلەک خەلکێ ڤێ خێلێ ژی هاتن گرتن، ئەوان شەرێ قاجاریان کر، ئەوان تورە و هوزانێن زور هەنە، مروڤ شانازیێ پێ بکەتن، ئەو هەڤروشی دەولەتا ئوسمانلیا بوون، ئیماراتا بابانیا باجەلانی سەرێ روسیا

قەیسەری ئێشاند، هێرشێن مەغولا بپاشدا برن، بەرسنگێ هەڤپەیمان گرتن، ژبەر هندێ یاگرنگە دێروک و سەرپێهاتیێن ڤێ خێلێ بهێنە دیار کرن.

پەیڤا باجەلان هاتیە وەرگرتن

> **شەبەک نەژادەک و دینەکێ سەربخونە، دبێژیتن شەبەک پێکهاتەیەکێ هزری و دینیە**

ژ (باجروان) د یاقوت حەموی دا، یان (باجوان) سلێمان قس دبێژیتن، یان(باجروان) سەیدا ئیبراهیم شەوکەت دبێژیتن، یان(جروان) د. ئەحمەد سوسە دبێژیتنن، دوماهیکێ(باجلایا) دەڤەرەکە دکەڤیتن دولا رویبارێ خابیری لبنارا چیایێ سپی، ل نێزیکێ گوندێ کواشێ وەکی لێگەر سبایزەر دبێژیتن.

لسەر ربیشتا وان د. عەباس ئەلعەزاوی دبێژیتن: ئەصلێ وان تورکێن(کاکائینە د دێروکا- بغدادا ١٩٤٩ز ل٩٥)، مەحەمەد ئەمین زەکیپەرتوکا (خولاصە تاریخ الکوردوکوردستاندا – پشکا ئێکێ ل٢٩) دبێژیتن، باجەلان خێلەکا کوردیە و مەزهەبێ وان (عەلی ئیلاهیە)، هندەک نڤێسەر دبێژن هەمی باجەلانی شەبەکن(القس سلیمان- تاریخ الموصل ل٥٥)... عەباس ئەلعەزاوی دپەرتوکا خودا(عشائیر العێراق پشکا دووێ دبێژیتن هندیکە باجەلانن خێلەکا کوردینە دکەڤنە سەر رویبارێ دیالا، هەردیسان دبێژیتن باجەلان دکەڤیتن دەڤەرا زەهاو ل کوردستانا ئیرانێ، ل نێزیک باژێرێ خانەقین، ئەو ژ بەرئەنجامێ هەڤرکیێن ناڤخویی داجریانە کوردستانا تورکیا، عێراقێ، ل دەڤەرێن نێزیک میسل و خانەقین خوجە دبن، ئەو خێلەکا بسلمانن و زورانیا وان شیعەنە، ل میسل خوجە بونە ل گوندێ عومەرکان و جلیوخان و ئاربیجیە.

هەردیسانێ دگەل ئەڤێ خێلێ دا، خێلێن تێکەلی وان بوین، خێلا داودی، شێخ بزنی، زەنگەنە، روژبەیانی، شکاک، لەک، بەختیاری، زازا، زراری. نڤێسەر رەشید بەندەر دمەقالەکا خودا بو گوڤارا (الحیات) ب بەروارا ٢٩ئابێ ١٩٩٩ز دبێژیتن شەبەک کوردنێن عێراقینە... یێن ل سەر شەبەکا نڤێسی زورن، کورد، عەرەب، گەروکێن روژئاڤایێ، نڤێسەرێ مەزنێ کورد، ئەمین زەکی دپەرتوکاخودا(خلاصە تاریخ الکرد وکردستان)، روژئاڤایی(ستیڤن همسلی لونکریک)ئێک ژ ئەفسەرێن بەریتانی لعێراقێ دپەرتوکا خودا(العێراق الحدیس)، دایە دیارکرن، ربیشتا وان حەلیایە دناڤا پێکهاتەیێن عێراقی دا، ل ناڤ جڤاکێ عەربی، دبێژیتن شەبەک چەقەکا بچیکە، دژیتن ل سەر لێڤا رویبارێ دیجلەی، ل خاریامیسلێ، ئەو دئاخڤن بدەڤوکەکا کوردیا هەرێمی، بهزاروی، ئەو دسەرکداچونەکا دینی داینە و ژ مەزهەبێ شیعینە، هەردیسان مینورسکی دبێژیتن شەبەک چەقەێ بسلمانێن کوردنێن رەسەنن، خوجهن ل دەردورێن میسل، ئەوان گرێدانێن خورت هەنە دگەل کوردێن ئێزدی ، بەشدارێ دگەل ل خرڤەبونێن وان یێن جڤاکی و سەردانا مەزارێن وان دکەن... قەس ئینستاس ماری ئەلکرملی، گەلەک داخویانێن خەلەت ل سەر هندەک چڤێن کوردا ددەتن، د گوتارەکا خودا (الشبک) یاهاتیە بەلاڤ کرن، د گوڤارا(الموسەقف)، یامسربدا ل ١٩٢١/٥٩ دبێژیتن دیانەتا وان نەپەنیە، دبیتن ئەو بخو نەپەنی بکەن، هەردیسان دگوتارەکا دیا بەلاڤ کری ل سەر (صاریە، باجوان، شەبەک) یاهاتیە بەلاڤ کرن، د گوڤارا(المشرق اللبنانیە) دا ل ١٩٠٢/٥،( ڤەکرنا هزرا ل سەر سێ دینا)، دایە دیار کرن، ئێزیدی شەیتانی دپەرێسن و ئەڤە خەلەتیەکا مەزنە وی کری، هەردبیتن یێن وەکی ڤی بیتن، باوەری بو دەولەتا ئوسمانلیا دروست کربیتن، ئێزدی شەیتان پەرێسن.

ئامال فینوغرادوف خاندنەک دروست کریە، ل سەر شەبەکا و دگوڤارا(الاسنولوجی) یا ئەمریکی ل ١٩٧٤ دایە دیار کرن، شەبەک نەژادەک و دینەکێ سەربخونە، دبێژیتن شەبەک پێکهاتەیەکێ هزری و دینیە، ل سەر فقها ئەهل ئەلحەق، ل جهەکی دی دبێژیتن: شەبەک جهێ قزلباشایە (کولاڤ سور)، بهزرا هندێ ئەو بەرمایکێن صەفەویانە، دیتنا وێ ئەوە، هاتنە ژ ئازەربێجانێ ل چاخێ چاردێ، کەهشتنە وەڵاتێ فارسا سالا١٥٠٢ ل سەردەمێ شاە ئیسماعیلێ صەفەوی(ئەڤێ ژی چ راستی بونینە).

نڤێسەر(بەندەر) بکورتاهی دبێژیتن: شەبەک ژ خێلێن کوردینە، دبیتن ئەو کەڤتبن بن کارتێکرنا کومەکا دین و مەزهەبێن دەوروبەرێن خو، هندەک ژ وان چوینە ناڤ تەکیا و بوینە رێکرێن

رێکێن صوفیگەریێ، شیعەیێن وان عاشورا رەشی لبەر خودکەن، سەردانا جهێن پیروزێن کەربەلا و نەجەف و سامەرا دکەن، حەزژێکرنا وان بو عەلیێ کوریێ ئەبوتالبی و زوریەتا وی هەیە... ئەڤە دبیتن کارتێکرنەک ل سەر نڤێسەران وەکی تێکەلەکێ قزلباشی، بەکداشی، صاریالی و ئەهلێ حەق بەلی بکەن ، بکارلێکرنەکا لێک گورینەکا ڤان لایەنا.

شەبەک شانازیێ بکوردایەتیا خو دکەن، بزاڤێن زور ژ لایێ دەولەتێ هاتن کرن، بکەنە عەرەب، پشکەک ژ خێزانێن وان ڤەگوهاستن ل سەر ڤێ مەرەمێ ل سالا ١٩٧٥ز- ١٩٨٩ز، ل تومارا ١٩٧٧ز هاتن ژمارتن ب عەرەب، ئەو بدەڤوکەکا کوردی دئاخڤن، زور پەیڤێن کوردی یێن کەڤن دڤێ دەڤوکێ دا هاتینە پاراستن... کەواتە مادەم شەبەک کوردن، خلێن شەبەکێن بەیاتی یێن ژ رەسەنێ خلێن تورکی... گوڤارا(الثقافه الجدیده) ژمارە(١٩٩٣/١٢) ددەتن دیار کرن، شەبەک کوردن(( دبیتن شەبەک نەژادێ وان یێ نەپەنی بیتن، لێ ئەوا راستی ژی شەبەک کوردێن رەسەنن، بهەبونا گەلەک ئەگەرا، هەستێ وان یێ نەتەوایەتی، زمانێ وان یێ رەسەن(٧٠٪) زمانێ وان کوردیە، ئەو برەنگەکێ زورباش دخەلکێ هەورامان دگەهن، هەردیسان ئەو پاراستنا زور پەیڤێن کوردی یێن کەڤن دکەن، تاکو هندەک وەسان هزر دکەن زمانێ وان کوردی یا کەڤنە و هاتیە تێکەلەکرن دگەل هندەک پەیڤێن عەرەبێ فارسی، تورکی... ئەوان پێنجی گوندا هەنە، نێزیکی هزار کەسا لمیسل ژی دژین، زوربەیا گوندێن وان بناڤێن کوردی هاتینە ناڤ کرن! ئەو لگوندا کشتوکالی دکەن و گیاندارێن گەهی خودان دکەن، هەردیسانێ ل باژێرا بازرگانیێ دکەن.

شەبەک بهەمی پێکهاتێ خوڤە بسلمانن، سنە و شیعە، شیعە دوو تائیفەنە( دووازدە ئیمامی و بەکتاشی)، تەریقا دوویێ(عەلی ئیلاهی) بەرەڤ نەمانێ دچیتن، ئەڤە مەزهەبەکێ شیعیێ نەپەنیێ توندروبویە، بنەماییێن وێ هاتینە وەرگرتن ژ حاج مەحەمەد بەکداشێ فارسی، یێ کو ژیای لتورکیا و بیروهزرێن وان بتورکی هاتینە نڤێسین، ئەڤان دەستهەلاتا وان هەبویە لناڤ لەشکەریێ ئینکشاریێ ئوسمانلی دا، ئەڤێ تائیفا ئیسلامی هندەک دیتنێن نەپەنی هەبوینە، نوکە ناهێنە گوتن، دبیتن بەریا نوکە هاتبنەهـ دیار کرن، چونکی لوی دەمی تەکیاییێن بەکداشی هەبوینە ل میسل، حاج مەحەمەد هندەک بیروهزرێن بسلمانان، گورین تێدا کربون، بەرەڤ چاک کرنێ.

> **قورئانا پیروز رێڤەچونەک هەیە، و سونەتا پەیامبەری رێڤەچونەکادی هەی**

شێخ د. ئەحمەد وائیلی دبێژیتن: لێکئالزیانا ناڤبەرا جوداکاریێن سونی و شیعی وەکی دوو مەزهەبێن ئیسلامی، جوداکارێنە ژبەرئەنجامێ هندەک ئەگەران... ئەگەرا ئێکێ تێگەهشتنا خەلەتا دروشمێن سەروەریا گرێدای ب(ئیمامەتیێ)ڤە، یاکو ئێکسەر لدیڤ پەیامبەریێ هاتی، ئەریێ ئیمامەتی بهەلبژاتنێیە؟ دبێژن پەیامبەری(مەحەمەدی) پشتی خو چ خەلیفە نەدانانە و هێلایە بو بسلمانا لدویڤ خودا، بسلمانا ریا شورا هەلبژارد، قورئانا پیروز رێڤەچونەک هەیە، و سونەتا پەیامبەری رێڤەچونەکادی هەیە، دهەلبژارتنا ئیمامی(خەلیفەی) دا، ل پاش پەیامبەری، سونە دبێژن پەیامبەری رەحمەت کر و کەسەک لدویڤ خو نەدانا... تنێ وی هەڤالەکێ خو(ابابەکر)دیار کر، نڤێژێ ل جهێ وی بکەتن، عائیشایێ گوتێ تو ئەمری دکەی ئەبابەکر ل پاش تە نڤێژێ لبەری خەلکی بکەتن، ئەبابەکری ژی نڤێژ لبەری خەلکی کر، خەلکی ژی گوت پەیامبەر ژ تەرازی بۆ ددینیدا ببەری مەبکەڤی، پاچاوان ئەم رازی نابین ل دونیایێ ببیە بەراهیکێ مە، هوسان ئەبابەکر بو پاڵیوراو، پاشی هاتە هەلبژارتن بو خیلافەتێ، ئەڤە رەئیا خەلکێ سونەیە و هندەک پشتەڤانیێ دکەن بئایاتان (شاورهوم فی الامر – وامرهم شوری بینهم)، ئەڤان ئایەتا پەیوەندی دگەل دەستهەلاتێ دانینە، لێ دیتنا شیعا ئەوە خیلافەتێ گرێددەن بچەنەها ئایاتان، وەکی: (انی جاعلک اماما، یاداوود اتاجعلناک خلیفه فی الارزی)، ئەڤە ئەگەریێ بنەکیە، بونا بریدا چونێن ئیمامەتیێ، ئەگەر گنگاشە بکورتی تەمام ببایە لسەر تێگەهشتنێن فەرمانێن ئیمامەتیێ، دا ئەرک ژێک ڤاڤێر بن، لێ ئەڤ پرسە سیاسەت و فرمانێن تیرەگەریێ کەڤتنە ناڤ... لەومانێ

جوداکاری هاتن مەزن کرن، هەرتشتێ سیاسەت کەڤتە ناڤ دێ ژبەرک چیتن! هەردیسانێ جوداکاری دیار بون ل سەر پروگرام و برێدا چونێن شیعی و سونی.

> **لێ دراستی دا، ئەڤ سێ گریمانە بتنێ ڤەگێرانن، چ پشتەڤانیێن دێروکی نینن**

مەزهەبێ شیعی خو موکوم کر، ل سەر ڤیانا خەلکێ مالا پەیامبەری و ل بەراهیا وان ڤیانا عەلیێ کورێ ئەبوتالبی و زوریەتا وی، ئەوان عەلی ل بەری هەمی هەڤالێن پەیامبەری=مەحەمەدی(د) ددانا،ئەوان هزر دکر هەڤالێن پەیامبەری زوری ل وی کریە و نەکریە خەلیفێ ئێکێ، چونکی ئەو ژ هەمیا فەرتربویە ببیتن خەلیفە، لڤێرە ڤیان و حەز ژێ کرنا وان بو عەلی دزێتن، چونکی ئەو نەسەلێ پیروزە ژ روبیشتا پێغەمبەری، سمبێل مەزن کرنا وان ژی ژ هندێ دهێتن، چونکی عەلی یێ سمبێل مەزن بویە، ئەو بخەلەتی هزر دکەن و دبێژن گیانێ خودێ دارژیایە ناڤ لەشێ عەلی، هەردیسان دبێژن قورئان بو عەلی هاتیە و مەحەمەدی حیلە لێ کریە... نەپەنی و نەهێنیێن وان دبیتن ژ وان هەوا هاتبن، یێن ئوسمانلیا کرینە سەر وان، بو ڤەگەراندنا وان بو ناڤ دینێ ئیسلامێ (وەک ئەو دبێژن). د خاندنەکا هاتیە بەلاڤ کرن، دگوڤارا سەرهەلدان دا، ژلایێنڤێسەر شاخەوان، یاکو هاتیە بەلاڤ کرن، ل هەولێرێ ل سالا١٩٩٥ز ، د پشکا ئێکێ دا ددەتن دیار کرن، شەبەک سێ گریمان بونا وان هەنە:

١- شەبەک بەرماکێن لەشکەرێ نادرشاهینە، یێن کو باژێرێ میسلێ دورپێچ کری.

٢- شەبەک بەرمایکێن خێلا سماقینە ل سوریا، یێن کو لبەر بویە بچن لورستانێ.

٣- شەبەک ژ خێلاتێن لورا بچیکن، پشتی شکەستنا ئەمیرێ وان (شاوبردی) ژلایی شاە عەباسێ صەفەوی ل چونا گرتنا وان بوباژێرێ میسل.

لێ دراستی دا، ئەڤ سێ گریمانە بتنێ ڤەگێرانن، چ پشتەڤانیێن دێروکی نینن... فوئاد حەمە خورشید دگوڤارا(المجمع العلمی الکردی)، ژمارە(٢_٣ سالا ١٩٧٥) دا، دبێژیتن سولتان مراد، کەلهر ژ زەهاو دەرکرن، عەردێ وان دا باجەلان، یێن کو ژ میسل ئیناندین. هندیکە بونا شەبەک، صاریە، گورانە لدەڤەرا میسل، یێن کو لدور ئەمیرێ لری(شاوبردی) کومبوین، پاش شکەستنا وان ل سەردەستێ شاە عەباسێ صەفەوی، پاشی جارەکا دی زڤرینا وان بو شەری، جارەکی شکەستن و ڤەگەریان بو دەولەتا ئوسمانلی، وەکی مەحەمەد ئەمین زەکی بەحس لسەر دکەتن، د پەرتوکا خودا(تاریخ الدول والامارات الکردیه فی العصرالاسلامی)، یانی گەهشتنا گورانا و تاگرێن بو ناڤ دەولەتا ئوسمانلی، ل سالا (١٦٠٠ز-١٦٢٠ز)، هەلبژارتنا وان، خوجە بن لروژهەلاتێ میسل، بوهندێ دویر بکەڤن ژ بن دەستهەلاتا ئوسمانلیا، وەکی بازنەیەکێ لدور میسل خوجە کرن (الشبک من نهر الخوصر الی نهر الخازر، الگوران من الخازر جهه جبل مقلوب الی الزاب الکبیر، الصاریه شرق الشبک والی الجنوب من الگوران تجعل منهم سدا امامه هجمات الدوله الصفویه لکونهم اعداً لها)، بئەگەرا هندێ، خێلێن لر کوردن، بزمانێ کوردی دئاخڤن... نڤێسەر پێڤە دچیتن و دبێژیتن، دەڤوکا شەبەکا دەڤوکا باجەلانیە، ئەو تایەکێ گورانینە، ئەڤە ئێکە ژ چار دەڤوکێن کوردی، لڤێرە چ گومان نامینیتن کو شەبەک کوردن، دەڤوکا وان ژی تایەکێ دەڤوکا کوردیە، (الام)... لڤێرە بزاڤێن نڤسەر شاخەوان جهێ سوپاسیێنە، لێ ئەوی ژ بیر کریە، خێلێن لری بەریا سەردەمێ ئیلامی و لولو، کاشی، کوتیا، خوجهێن عێراقێ بوینە. ئەگەر شەبەک ژ لرێن بچیک باینە، دا نوکە لوان دەڤەرا بن یێن کوردێن فەیلی لێ... کورتاهیا بابەتی، پرانیا دێروک زان و ڤەکولەرێن بارێ شەبەکا راڤە کرین، ددەنە دیار کرن، شەبەک کوردێن رەسەنن، زمانێ وان کوردیە، بدەڤوکا گورانی دئاخڤن، زور پەیڤێن وان کوردیا رەسەنا کەڤن، هەردیسانێ کێمەکا بنەمالێن خێلێن(عەرەب، فارس، تورکومان) تێکەلی وان بوینە، هوسانێ بوینە تێکەلەکێ نەتەوایەتی، لناڤ وان دهێنە دیتن ژ خێلا تەی و جبور و جحێش یێن عەرەبی، خێلا بەیاتا تورکومانی، خلێن باجەلان، زەنگەنە، زازا، داوودی، روژبەیانی یێن کوردی... هەر خێلەک ژ ڤان شانازیێ برەگەزێ خۆ دکەتن، لێ دیسان ئەو دانپێدانێ دکەن، ئەو شەبەکن...... لڤێرە هەنە شەبەک دبێژن ئەم کوردین، نڤێسەر حەسەن عەکە کوردەکێ شەبەکە، د تورا بەحزان یا ئەنترنێتێ دا

گوتارەکێ بەلاڤ دکەتن و دبێژیتن: هەمی شەبەک ژ لایێ نفشی و زمانی نێزیکی کوردانە، لچاڤ هەمی نەتەوێن دی یێن جیران، لوێ دەڤەرا شەبەک لێ خوجە، یاکو دبێژنێ (شبکستان)، یان عەردێ شەبەکا، دکەڤیتن باکورێ روژهەلاتێ عێراقێ و یان باشورێ روژهەلاتا کوردستانا مەزن... لێ ئەڤە وێ هندێ ناگەهینیتن بنەمالێن تورکومانی و عەرەبی تێدا نینن، بەلکی ئەڤ دوو رەگەزە لناڤ واندا هنە، لێ تێکەلی وان بوینە و لناڤدا حەلیانە، دسەر هندێ دا زمانێ وان یێ ماکێ (عەرەبی، تورکومانی) دگەلدا مایە، لێ ئەو خو بشەبەک دژمێرن، بونمونە، لگوندێ عومەرکان تورکومانێن بەیاتی هەنەن و هندەک بنەمال ژی هەنە ژ خێلاتێن عەرەبیێن(( تەیی، دلێم (الجريسات)، لێ خو بشەبەک دژمێرن و شانازیێ پێ دکەن.

شەبەک مللەتەکە ژ وان مللەتێن گیانێ لێبوریێ و حەز ژێ کرنێ لدەڤ زور بلندە، ئەو حەز ژ تێکەلیا دەروجیرانێن خودکەن، زور بنەرمی و تورەیەکێ لائبق رەفتارێ دکەن، دێ بینی ئەو تێکەلیا عەرەبی، کوردی، تورکومانی، یەزیدی و ئاسوریان دکەن، هەتا ژ رویێ مەزهەبی شەبەک توند نینن، وەکی هاتینە پەسن کرن ژ لایێ ئەحمەد حامد و عەبدلمونعم غولامی ڤە... ئەو بسلمانێن مەزهەب، سنی، شیعی، صاری (نێزیک دیانەتا ئێزیدی)... بکورتاهی ئەو تێکەلەکێ نمونەیینە، ژ هەڤگرتن و پێک گەهشتنا هەمی پێکهاتەیەکێ عێراقی، ئەرکە لسەر هەر عێراقیەکێ کوردی، عەرەبی، تورکومانی پاراستنا ڤێ کوما مروڤا، یا نمونەیی بکەتن، چونکی ئەو نومنەیەکا ژێگرتیا دەلالە ژ پێکاتەکێ جڤاکێ عێراقێ زور حەزکرنا ڤیان و لێکبورین و تێکەلی و خودا گیانێ هەڤکاریەکا پاقژ.

سالێن(١٩٧٧-١٩٨٧) ئەو شەبەکێن ناڤێن خو نڤێسین کوردن، هتانە دەرکرن و زورداری لێ دهاتە کرن، ژلایێ رژێما عەفلەقی، ئەوێن خو دنڤێسی عەرەب دمانە ل سەر جە و وارێن خو، پشتی هەرفتنا رژێما صەدامی، بو شەبەک و کێمە بەرتلکێن دی، دبیتن سەردەمێن ڤەکرن و شین بونا ئومێدێن ڤان کێمە مللەتا ل عێراقێ، چونکی ئەو هەست بئازادی و خوسەریا خودکەن.

صەواف دبێژیتن عەقیدا شەبەکا بەکداشی، قزلباشیە، تورە و رێک و رەفتارێن وان صوفیگەرینە، شێخێن وان قزلباشینە، ژ برکێن صەفەویەتێ یێن هاتینە بنیات کرن، ل ئەردەبیلێ (ئازوربێجان)، بفارسیا کەڤن دبێژنێ (روئین دز)، لڤێرە یافەرە ڤان دوو رێکێن صوفیگەری بکورتی ل سەر باخڤین: بەکتاشیە رێکەکا صوفیگەریە، هاتیە دانانانێ ژ لایێ حاج بەکداشێ وەلی ل خورەسانێ، یێ ژ نەسەل نیسابوری، ژ سەیدیێن موسەویە، یان کو ژ رەگەز نەژادێ خو دبەنە سەر ئیمام موسا کازم(د)، ئەو ل خورەسان قوتابیێ شێخ لوقمانێ صوفیێ بناڤ و دەنگ بویە، ئەوی لسەر دەستێ ئەحمەد بوەیری دخاند، ئەوی وەفات کری، ل سەر دەمێ سولتان خوزا وندکاران (سالا٧٣٨ھ)، ل گوندێ قیرشەهر، ئەو ل جەهەکی هاتیە ڤەشارتن بناڤێ(حاجی بەکتاش)، تاکو نوکە ژی لڤی جهی خەلک سەردانا گورا وی دکەن، دبێژن دانەرێ دروستێ ڤێ رێکا بەکداشی (بالم بابا)یە، یێ وەفات کری، ل سالا٩٢٢ھ، لێ دبەیان ئەلئەولیادا نڤێسیە، ئەو پیرێ دووێیە، لڤێرە حاج بەکداش دبیتن بیرێ ئێکێ ( البير الاول)، بەکتاشی کەڤتیە بن کارتێکرنا حروڤی، بکارتێکرنەکا مەزن، ژ بەر هندێ فەزلاهێ حروڤی و پەرتوکا وی(الجاويدان)، مەزنزلگەهەکا پیروز هەیە لدەڤ بەکتاشیان، ئەڤ رێکا هاتیە بەلاڤ کرن ل ئەنادول و بەلقانێ، ئەلبانێ زورپێڤە هاتن گرێدان، لدەمێ ئەوان دان و ستاندن دگەلدا کری، ئەو بونە رێبەرێن وان (الائمە لهم)، بەلکی زورجاران دکوتنە ئینکشاریا بەکتاشی(لایەنگرێن حاج بەکتاشی)، صەراف دبینیتن بەکتاشی خەلوەگەرێن ئیسلامینە، ئەو زور حەز ژ ئیمامێ عەلی دکەن، هەردیسان وان دوازدە ئیمام دڤێن، و زور خو بو دچەمینن، ئەو بحەژێ کرنەکا دینەکانە حەز ژ ئیمام جەعفەر ئەلصادق دکەن، ئەوا باوەری بسیاتیا، ئڵاە، مەحەمەد، عەلی هەیە و هەردەم دگەل خو ڤان سێ گوتنا دبێژن، وەکی دنەصرانیێ دا دبیتن جهگرێ(سالوسیا، الاب، الابن، روح القدس)... لدەمێ ئەو خەلەتیەکێ دکەن، یەکسەر دچن دەڤ (بابای) و خەلەتیا خو بو ددەن دیار کرن، یەکسەردانپێدانا خو دکەن، داخازا لێبوریێ دکەن... لدوماهیکێ بەکتاشی رێکەکا صوفیگەریە، بساناهی نینە ئێک بچیتن ناڤ رێزێن وان، بتنێ لدەمێ هزار شەڤا لسەرک رێورەسمێن پەرستنێن وان برێدا ببەتن... پرانیا رێورەسمێن شەبەکا وەکی یێن بەکتاشیانە، دکومبونێن خودا پەیڤا (اللە، مەحەمەد، عەلی) هزار جاران بەردەوام ل سەرک دبێژن، لهەمی بیرهاتن و جەژنێن خودا. .......

# شەنگال بۆ ئێزیدیەکان و ریفراندۆمیش بۆ ئێوە



ئازادیی کۆمەڵگە
سەردار ستار

وەك ئەزانرێت رۆژی ٢٠١٧/٣/٣ هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق بەناوی «پێشمەرگەی رۆژ» گوایە سەربە وەزارەتی پێشمەرگەن، بەڵام لەڕاستیدا سەربە هێزەکانی زێرەڤانین کە هێزی تایبەتی پ د ك/عێراقە و سەربە وەزارەتی ناوخۆیە، لەئەنجامی هێرش و پەلاماریان بۆ سەر خەڵك و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی ئێزیدی هەشت کەس شەهیدبوون کە یەکیان رۆژنامە نووس، دوو ئەندامی ئاسایش و پێنج ئەندامی یەبەشە، هەروەها بریندارابوونی سێ رۆژنامەنووس و ١٥ هاوڵاتی و هێزەکانی یەبەشە.

پێکهاتەی ئەو هێزی هێرشی کردوە: بەناو ئەو هێزە پێکهاتوە لەخەڵکی رۆژئاوای کوردستان، بەڵام بەگوێرەی زانیاریەکانی ئێمە ئەو هێزە بەشێکی کەمی خەڵکی رۆژئاواو ئەندامانی پ د ك/عێراقن، بەشێك لەو هێزانە ئەو کەسانەی کوردی باکورن کە لەرابردوو لەناو شۆڕشی باکور رایانکردوەو لەلایەن دەوڵەتی تورکیا بەرێکخستن کراون و مووچەکەیان لەلایەن دەوڵەتی تورکیا لەسەر بوودجەی هەرێمی کوردستان بۆ دابین دەکرێت، بەڵگەش؛ لەکاتی دروست کردنی ئەو هێزە سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی تورکیا «ئەحمەد داود ئۆغلو» سەردانی کردن و مەیدانی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکردن، لەلایەکیتر ئەو هێزانە لەتەنیشت

> **هێزە شۆڤینیستە و جیهادیە توندڕەوەکان دەیانویست دەسکەوتی شۆڕشی رۆژئاوا لەناوبەرن**

هێزەکانی تورکیا لە باشیك بەجێکرابوون و بەدەستی ئەفسەرانی تورکیا راهێنانیان پێکراوە. لەلایەکیتر ئەو هێزانە ئەگەر خەڵکی رۆژئاوان و دەیانەوێ بگەڕێنەوە رۆژئاوا بۆچی لەخانەسۆر بگەڕێنەوە، لەڕاستیدا هیچ پەیوەندیان بە رۆژئاواوە نیە، بەڵکو دواین سەردانی سەرۆکی پارتی بۆ تورکیا و رێکەوتنیان لەگەڵ دەوڵەتی تورك بڕیاریاندا ئۆپەراسیۆن و هێرشی سەر هەرێمی شەنگال بکەن، بۆ ئەوەی شۆڕشی رۆژئاوا بخنکێنن، چونکە دەوڵەتی تورکیاش بە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات لە هەرێمی باب و مەنبج دەیویست لەگەڵ هێزە شۆڤینیستە و جیهادیە توندڕەوەکان دەسکەوتی شۆڕشی رۆژئاوا لەناوبەرن. ئەو هێزانە لەکاتی هێرشیان بۆسەر خانەسۆر خەڵکی سنونی شایەتی ئەوەدەدەن دەڵێن، چەند کەسێکیان بەکوردی قسەیان ناکرد، هەمانکات ئەو رۆژە شەبەکەی مۆبایلی تورك سێل لە هەرێمی شەنگال کراوەبووە، لەگەڵ ئەوەش بریندارەکانی ئەو شەڕە یەکسەر رەوانەی تورکیا کراوەن، بۆیە ئەو بەڵگانە ئەوە دەسلمێنن کە ئەو هێزانە هیچ پەیوەندیان بەخەڵکی کوردستان و رۆژئاواو شەنگال وە نیە، پێچەوانە ئەوانە کۆمەڵێکن لە چەتە و مورتەزیقە. ئەو هێزانەی چەکەکانیان لەلایەن دەوڵەتی تورك و پ د ك/ع ئەو چەکانەی لەهاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی وەریان گرتبوون بەتایبەت چەکی ئەڵمانی و فەرەنسی لەدژی ئەو هێزهەی شەڕی




وێنەی پەرستگایەکی ئێزیدیەکان

دژی داعش کرد «یەبەشە» بەکاریانهێنا.

لەلایەکیتر خەڵکی شەنگال پێویستیان بەو هێزانەوە نیە کەبێن بۆ شەنگال، پێچەوانە لەساڵی ٢٠١٤وە هێزێکی خۆجێیان لەخەڵکی شەنگال دروست کردوە، بەگوێرەی یاسایی عێراق بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، لەسەر ئەو بنەمایە لەساڵی ٢٠١٤وە دوای ئەوەی هێزەکانی پ د ک/ عێراق ئەو هەرێمەیان تەسلیمی چەتەکانی داعش کرد، یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال»یەبەشە« و یەکینەکانی ژنانی شەنگال»یەژەشە« لەگەڵ ئەوەی دەرفەت و ئیمکانیان زۆر کەم بوو، بەڵام ئەرکی نیشتمانی و وڵاتپارێزی خۆیان جێبەجێکرد و سەنگەریان لە چەتەکان گرت و ٢٤٤ شەرڤانیشیان شەهید بووە، لەئەنجام شەنگالیشیان ئازاد کرد و پارێزگاریشیان لێکرد تا رۆژی ئەمڕۆ، لەئێستا ئەو هێزانە بەئەرکی خۆیان هەڵساون.

لەلایەکتر دوای ئازادبوونی شەنگال هێزی ئاسایش سازکران و ئاسایشی خەڵك پارێزراوە، لەسەر ئەو بنەمایەش هیچ کەس و لایەن و هێزێك ناتوانێ مرۆڤێك بچەوسێنێتەوە یان دەستدرێژیەك بکات سەر، بەهەمانشێوە هێزەکانی یەبەشە و یەژەشەش لەدەرەوەی شار و شوێنە مەدەنیەکان نین و لەبەرەکانی شەڕن و لەسەنگەرەکانی پێشەوەن، بۆیە کاتێك هێزەکانی پ د ک/عێراق هێرشی خانەسۆریان کرد دوو لەو کەسانەی

> **کۆمیتەی پەروەردە کە ئەرکی پەروەردە کردنی منداڵانی شەنگال و نەهێشتنی نەخوێندەواریە لەناو خەڵکی شەنگال**

شەهیدبوونە ئەندامی ئاسایشی شەنگالن.

لەلایەنی بەڕێوەبردنی خەڵکەوە: ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردن هەیە بەناوی» ئەنجومەنی دامەزرێنەری خۆبەڕێوەبردنی شەنگال» کە لە٢٠١٥/١/١٥ وە دروست بووە لەلایەن خەڵکی شەنگال، کە ژمارەیان ٢١ کەس و پێك هاتوە لە ژن و پیاو و گەنج و چین و توێژی جیاجیاکان، لەسەر ئەو بنەمایە ئەو ئەنجومەنە چەندین کۆمیتەی بۆ خزمەت کردن دروست کردوە، کۆمیتەی پەروەردە کە ئەرکی پەروەردە کردنی منداڵانی شەنگال و نەهێشتنی نەخوێندەواریە لەناو خەڵکی شەنگال، بەهەمانشێوە کۆمیتەی خزمەتگوزاری و پاکردنەوە هەیە، هەروەها کۆمیتەی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و دادی کۆمەڵایەتی هەیە، هەمانکات کۆمیتەی تەندروستی و ژینگەپارێزی و کردنەوەی چەند بنکەیەکی تەندروستی.

ئەمەش بۆتە هۆکار کە خەڵکی شەنگال پێویستیان بە دامودەزگاکانی مەنفای پارتی نەماوە، لەلایەك ئەوانەی پ د ک/ع بەناوی قائیمقام و بەرپرسی ئیداری دایناون ئەوکەسانە لە ٢٠١٤/٨/٣ لەگەڵ هێزەکانی پ د ک/ع رایانکرد و خەڵکی ئێزیدیان خستە دەست چەتەکانی داعش، بۆیە خەڵکی شەنگال ناتوانن ئەو جۆرە کەسانە وەك بەرپرسی ئیداری خۆیان قبوڵ بکەنەوە.

لەلایەنی سیاسیەو جڤاکیەوە: وەکوتر

خەڵکی ئێزیدی لەدوای کۆمەڵکوژی شەنگال پارتیەکی سیاسیان بۆ خۆیان دروست کردوە بەناوی پارتی ئازادی و دیموکراتی ئێزیدیان، تائێستا وەك پێویست نەیتوانیوە رۆڵ ببینێ، چونکە پ د ك/ عێراق رێگا نادات بەئازادی لەناو خەڵکی ئێزیدی لە هەرێمی دهۆك كاربكات و دەنگی خۆی بگێنیتە رای گشتی جیهانی، بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی بەگوێرەی فەرمیەتی یاسایی عێراق دروست بووە.

ژنانی شەنگالیش وەك رێکخستنێك بۆ خاوەندەرکەوتن لە ژنانی شەنگال خۆیان بەرێکخستن کردوە، بەناوی «تەڤگەری ئازادی ژنانی ئێزیدیە» تائێستا کارێکی بەرچاویان کردوە بەتایبەت بۆ ئەو ژنانەی کە لەدەستی داعش رزگاریان بووە، ئیدی ژنانی شەنگال لەئێستادا دەتوانن خاوەنداریەتی لەخۆیان بکەن.

لەلایەنی ئاوەدانکردنەوەدا: بێگومان ئەوە ئەزانرێت کە پێویستە شەنگال لەلایەن حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری بکرێن، حکومەتی بەغدا لەبەر داگیرکردنی موسڵ و شەڕی موسڵ نەیتوانیوە هاوکاربێ، هەمانکات فشاریشی نەخستە سەر حکومەتی هەولێر بۆ ئاوەدانکردنەوە، لەلایەکیتر پ د ك/ عێراق بەهەموو شێوەیەك رێگای گرتووە لە گەڕانەوەی خەڵك و ئاوەدانکردنەوەی شەنگال، بەهەمانشێوە رێگا نادات ئەو رێکخراو و دەوڵەتانەش کە دەیانەوێ هاوکاریەکانیان بگێنە شەنگال کۆسپ دروست دەکات و یارمەتیەکانیان ناگات بەشەنگال، لەبنەڕتدا پ د ك /ع رێگری یەکەمینە بۆ گەڕانەوەو ئاوەدانکردنەوەی شەنگال.

بۆ سەلماندنی ئەو قسانەی سەرەوەمان خەڵکی شەنگال رۆژ ٢٠١٧/٣/١٤ خۆپیشاندانێکی مەدەنیانەیان کرد بۆ ئەوەی هێزە چەکدارەکانی پ د ك/ عێراق لەو سنورانە بکشێنەوە، پێچەوانە ئەو هێزانە چەکیان بەکارهێنا و ئەندامێکی بەڕێوەبەرایەتی تەڤگەری ئازادی ژنانی ئێزیدیان بەناوی نازێ نایف قەوال کوشت کە یەکێك بوو لەو ژنانەی یەبەشە لەدەستی چەتەکانی داعش رزگاریان کردبوو، بەڵام بەدەستی چەکدارەکانی پ د ك/عێراق شەهیدکرا.

- بۆ ئەوەی برینی خانەسۆر و شەنگال سارێژبێ پێویستە ئەو خاڵانە جێبەجێبن:

١- پێویستە ئەوانەی فەرمانیان بەو هێزانە داوەو هێرشیان کردۆتە سەر کۆمەڵگەی خانەسۆر لە رۆژی ٢٠١٧/٣/٤بدرێنە دادگا، ئەوانیش، فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان، فەرماندەی هێزەکانی زێرەڤانی، وەزیری پێشمەرگەی بەوەکالەت.

٢- پێویستە ئەو هێزانەی رەوانەی خانەسۆر کراون بەبۆنەی داگیرکردنی، پ د ك/ع ئەو هێزانە بکێشێتەوە.

٣- ئەو هێزانە لەبەر ئەوەی بەدەستی دەوڵەتی تورکیا دروست بوونەوەو یەکەم گولە شیان لەبەرامبەر ئەو هێزانەی ئێزیدی تەقاند کە چوار ساڵە شەڕی داعش دەکەن، بۆیە پێویستە ئەو هێزانە هەڵبوەشێنەوە.

٤- پێویستە ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتی عێراقی، ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبردنی شەنگال بەفەرمی بناسێت.

٥- پێویستە فشار بخرێتە سەر حکومەتی هەرێم بۆ ئاوەدانکردنەوەی شەنگال.

٦- هاوکاری هێزەکانی یەبەشە و یەژەشە بکرێت بۆ ئازادکردنی هەموو ئەو گوند و ناوچانەی ئێزیدی کە لەدەستی چەتەکانی داعشدا ماون.

٧- پێویستە حکومەتی هەرێم بەفەرمی دان بە ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبردنی شەنگال بنێت. رێگری و بازگەکانی دانراون لەو سنورە «سەحێلا» هەڵبگیردرێن بۆ ئەوەی کارئاسانی بکرێ بۆ گەڕانەوەی خەڵك و ئاوەدانکردنەوەی شەنگال.

٨- یارمەتی چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی زیاتر بدرێتە هێزەکانی یەبەشە و یەژەشە و ئاسایش، پێویستە گەرەنتی پاراستنی کۆمەڵگەی ئێزیدی لەشەنگال و هەموو دەڤەرەکانی تری ئێزیدیایەتی بکرێت.

بۆیە ئەڵێم با ریفراندۆم بۆ ئەوان بێ و شەنگالیش بۆ ئێزیدیە ئازادیخوازەکانێ کە بەگیانی خۆیان خاکی پیرۆزی ئێزیدیخانیان پاراست و ئازادیان کرد. من گۆڕانکاری و بەرەوپێش چوونی باشوری کوردستان لە شەنگالەوە دەبینم، نەك لە ریفراندۆمێك تەنها بۆ قۆرخکاری زیاتر و رەواکردنی بەتاڵانبردن و دزینی سامانی نەوت و سامانەکانیتری سەر زەوی و ژێر زەوی، بێگومان ئەنجامەکەشی لەئێستاوە دیارە، هەرچەندە دەنگی من بە «نا» یەو هیچ کات پەسند ناکەم دەنگێك بدەم کە ئەنجامەکەی دیکتاتۆریەت بەرهەم بێنێت.

# گۆڕانی ئامانجی بزووتنەوەی کوردی لە رزگاریی نیشتمانییەوە بۆ خۆسەری دیموکراتی، گرنگترین بەرەوپێشچوونە



مایکڵ هارت (Michael Hardt)، فەیلەسوفێکی سیاسی و تیۆرسێنی ئەدەبییە

پێشەکی:

لەم گفتوگۆیەدا مایکڵ هارت دەبارەی ئەو پرۆژە فیکری و سیاسییە دەدوێت کە ئەنتۆنیۆ نێگری هاورێی لە کارە هاوبەشەکانیاندا دایرشتوون، هەروەها دەربارەی ئاڵای بزووتنەوە گۆڕانخوازەکان دەدوێت کە لەمرۆدا بەنێو جیهاندا تێدەپەڕن، هەر لە گۆڕەپانی تەحریر و مەیدانە عەرەبییەکانی دیکەوە بۆ ئەو بزووتنەوانەی لە ئەوروپا دژ بە سیاسەتی دەستپێوەرگرتن (تەقەشوف) سەریانهەڵداوە، تا دەگات بە پارکی غازی و بۆیرتا دیل سۆل و زۆکۆتی و هەرێمی فیدراڵی لە باکوری سوریا «رۆژئاڤا»

دەقی گفتوگۆکە:

**پ: چۆن بە تێپەڕینی کات تێگەیشتن و روانینت بۆ جیهان گۆڕا، چی (یان کێ) بووە پاڵنەری گۆڕانی گەورە لە بیرکردنەوەتدا؟**

هارت: رەنگە دەلالەتی شتی گرنگتر لای من ئەوەبێت کە هێشتا نەگۆڕاوە. لەگەڵ کاتێک لە کۆتایی نەوەدەکاندا، لەگەڵ "ئەنتۆنیۆ نێگری"دا خەریکی نووسینی کتێبی "ئیمپراتۆریەت" (Empire) بووین، هەر لە سەرەتاوە سۆسەی ئەوەمان کرد ویلایەتە یەکگرتووەکان هەر بەم زووانە ناتوانێت کاروباری جیهان بەڕێوەبەرێت، واتە ناتوانێت ئەم کارە بە تەنیا و تاکلایەنە ئەنجام بدات، بەڵام لەو کاتەدا بیرمان لەوە نەدەکردەوە کە دەوڵە-نەتەوەیەکی دیکەی وەکو چین ئەو پێگەیە داگیر دەکات، یان تەنانەت دەتوانێت هاوپەیمانێتی چەندلایەنە (multilateral alliance) لەنێوان دەوڵەت-نەتەوە باڵادەستەکاندا بۆ کۆنترۆڵکردنی کاروباری جیهان، دروست دەکات. گریمانەکەی ئێمە ئەوەبوو کە تۆرێکی بەهێز لە سەروەختی پەیدابووندایە و خەریکە گەشە دەکات، ئەوەیش دەوڵەت-نەتەوە باڵادەستەکان دەگرێتەوە بە پاڵ دامەزراوە سەروو-نیشتمانییەکان (supranational institutions)ی وەکو کۆمپانیاکان و رێکخراوە نا-حکومییەکان (NGOs) و لایەنە چالاکە نا-دەوڵەتییەکان (non-state)ی دیکە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دەستاودەست و بەرێکەوتن کۆنترۆڵی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکەن.

پێمانوابوو ئەمە تەحەدایەکە بۆ ئەو گریمانە "واقیعیگەرا" ("realist")(hypothesis)یەی کە دەڵێت: دەوڵەتان بکەری سەنتراڵن لە سیاسەتی جیهانیدا. بێگومان دەوڵەت هەر بە گرنگی دەمێنێتەوە، بەڵام بۆچوونەکەمان دەیگوت ئەگەر تەنیا سەرنج لە کردەوەی دەوڵەتان بدرێت ئەوا ئەو شتانە فەرامۆش دەکرێن کە بە راستی دەگوزەرێن.

ئەم پێشەکییە لۆژیکییە هێشتایش نەگۆڕاوە. بەڵام پێکهاتەی ئیمپراتۆرییەت، واتە پێکهاتەی بونیادی هێزی جیهانی لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە. بە پاڵ لایەن و هۆکارەکانی دیکەوە، دەبێت بەردەوام بەدواداچوون بۆ ریزبەندییەکان و کارلێکەکانی نێوان دەوڵەتان و پێگەی بکەرە نا-دەوڵەتییەکان و کۆنترۆڵی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی، بکەینەوە و هەڵیان بسەنگێنینەوە.

**پ: تۆ بە زۆری پەیوەستبوون بە مارکسیزمی سەربەخۆ (autonomist Marxism)وە، لەم دواییانەدا ئەو خەڵکانەی پەیوەستن بەم رێبازەوە پشتیوانیان لەو دروشمە کرد کە تۆماس مانتزەر (Thomas Muntzer) لە سەدەی شازدەدا دایڕشتووە، دروشمەکە دەڵێت: "دەبێت هەموو شتێک هاوبەش بێت" "omnia sunt communia". بۆچوونت چییە لەبارەی ئەم گوزارەیەوە و چۆن دەتوانیت دەلالەتەکەی شرۆڤە بکەیت؟**



لە ڕاستەوە مایکڵ هارت و ئانتۆنیۆ نیگری

هارت: دەبینم لەمڕۆدا لە چەند ناوەندێکی بەفراواندا داوای هاوبەشبوون (common) دەکرێت. هاوبەشبوونیش لە پێناسە سەرەکییەکەیدا واتە شێوازەکانی سامان کە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە دابەشیان دەکەین و بەڕێوەیان دەبەین.

## مەڵتیتیود پرۆژەیەکی فرەچەشنە بۆ رێکخستنی سیاسی

ئەمەیش وا لە هاوبەشبوون دەکات، لەلایەک بەشێوەیەکی سەرەکی دژ بە موڵکایەتی تاکەکەسی بێت، لەلایەکی دیکەیشەوە دژ بە موڵکایەتی گشتی (واتە موڵکایەتی دەوڵەت) بێت. یەکێک لە بوارە هەرە گرنگەکانی داواکارییەکان بۆ هاوبەشبوون، بۆ نموونە، فۆرمە نا-ماتریالییەکانی سامانە (immaterial forms of wealth)، وەکو مەعریفە زانستییەکان و زانیارییەکان و بەرهەمە کلتورییەکان و کۆد و شتی لەم بابەتە. بوارێکی دیکەی گرنگی داواکاری، پەیوەندیدارە بە زەوی و سیستەمە ئیکۆلۆژییەکەیەوە، ئەم لایەنە تەنیا دەشێت بەشێوەیەکی دیموکراسی چارەسەری کارلێکە هاوبەشەکانمان لەگەڵ دەوروبەردا بکات. دواجار، بوارێکی دیکە، پێموایە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دواییەن کە مانگرتنە شارنشینییەکان (urban encampments) و پرۆسەکانی داگیرکردنی سەرا گشتییەکانی گرتەوە، هەر لە گۆڕەپانی تەحریرەوە تا دەگات بە پارکی گازی»لەتورکیا« و پیورتا دێل سۆل (Puerta del sol) و پارکی زۆکۆتی (Zuccotti Park)، (بەشێوەیەکی رێژەیی) ئامانجە سەرەکییەکەیان ئەوەبوو شار بکەنە شتێکی هاوبەش.




کتێبی "ئیمپراتۆرییەت" لەنوسینی مایکڵ هارت و ئەنتینیۆ

واتە فەزای شارنشینی بکەنە فەزایەکی کراوە بۆ هەمووان و بخرێتە ژێر رکێفی فۆرمەکانی بەڕێوەبردنی دیموکراسییانەوە.

لەهەموو ئەم مشتومڕانەدا دەربارەی هاوبەشبوون، دەبێت وەک شتێکی بنچینەیی جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە پێویستمان بە بڕیاردانێکی دیموکراسییانەیە. سیستەمی دەستپێڕاگەیشتنی ئازاد و میکانیزمەکانی هاوبەشبوون لە ساماندا بێ سەروبەر و هەڕەمەکییانە ( spontaneous) نییە، بە مانایەکی دیکە، دەبێت بە حیکمەتەوە بەڕێوەببرێت بۆ ئەوەی بمێنێتەوە و بەردەوام بێت. جا لە کاتێکدا مۆڵکایەتی تاکەکەسی تەنیا دەبێتە مایەی مۆنۆپۆلکردنی بڕیاردانەکان، ئەوا هاوبەشبوون پێویستی بە میکانیزمە دیموکراسییەکان هەیە.

**پ: لە کاتی بڵاوکردنەوەی کتێبی "ئیمپراتۆرییەت"ەوە، بە تێپەڕینی کات ئەو مانایە گۆڕانی بەسەرداهات کە تۆ**

## دەبێت بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکاندا پۆدیمۆس بگەیەنن بەدەسەڵات

**و ئەنتۆنیۆ نێگری داتانە پاڵ چەمکی مەڵتیتیود (multitude)، دەتوانیت بە کورتی شرۆڤەی ئەوەمان بۆ بکەیت مەبەستتان چییە لە مەڵتیتیود و پەرەسەندنی ئەم چەمکەکان لە فیکری خۆتدا بۆ باس بکەیت؟**

هارت: مەبەستمان لە مەڵتیتیود پرۆژەیەکی فرەچەشنە بۆ ڕێکخستنی سیاسی ( plural project of political organization). دەکرێت وەها لەم چەمکە تێبگەن کە بەفراوانکردنی سێ چەمکی نەریتییە -یان لە ڕاستیدا پێدانی پلورالیزەکردنی ئەو سێ چەمکەیە-: گەل، چین، حزب. مەڵتیتیود دژ بەم چەمکانە نییە، بەڵام نوسخەی فرەچەشن و ڤێرژنە ناهاوشێوە ناوەکییەکان (internally heterogeneous versions) بۆ هەریەکێکیان دادەمەزرێنێت. بۆ نموونە، چەمکی "گەل" (the people) زۆربەی جار بۆ ئاماژەدان بە حەشیمەتێکی مرۆیی بەکارهێنراوە کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەگەڵ یەکدیدا ئامێزان و هۆمۆژینن؛ ئەمەیش بە مەبەستی سەرکوتکردنی ئەوانیتر بووە. بەڵام بۆ نموونە تێرمی "گەلی ئینگلیزی" (English people) کە لە گوتارە سیاسییەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەزۆری، بە شاراوە یان بەئاشکرا، مەبەست لێی کۆمەڵێکی مرۆیی سپیپێستە. هەروەها تێرمی "چینی کرێکار" زۆربەی جار بۆ وەسفکردنی هەموو کرێکاران بەکارناهێنرێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا بۆ وەسفکردنی کرێکارە نێرینەکانی بواری پیشەسازی بەکاردەهێنرێت. دواجار، زۆربەی کات حزبیش فۆڕمێکی سەنتراڵی یەک شێوە و هیرارشییانەی ڕێکخستنی سیاسییە. لێرەدا، مەبەست لە چەمکی مەڵتیتیود، دووبارە وێناکردنەوەی ئەم تێرمانەیە بەشێوەیەکی فرەیی و دیموکراسی: گەل لەناوەوە نا-هۆمۆژینە و کراوەیە بۆ ئەوانەیش کە لە دەرەوەی هەن؛ چین هەموو فۆڕمەکانی کار دەگرێتەوە، کرێگرتە و ناکرێگرتە، حزبیش فۆڕمی حزبی دیموکراسیی و ئاسۆییە.

ئەو بزووتنەوانەی کە لەم چەند ساڵە کەمەی دواییدا دەرکەوتن، واتە ئەو بزووتنەوانەی کە وەها وەسف دەکرێن بزووتنەوەی بێ سەرکردە (leaderless)ن نییە، بێگومان دەکەونە نێو ئەم کایەوە، بەڵام هێشتا هیچیان نەگەیشتوونەتە ئاستی خوڵقاندنی



موسا ی کوبانی قەناس بەدەست؛ سەیری وێرانەیی کۆبانی دەکات لەکاتی شەڕی داعشدا

فۆرمە ڕێکخستنە بەردەوام و چالاکەکان. مەڵتیتیود شتێکی هەڕەمەکی نییە، تێرمەکە بۆ ئەوە دانەنراوە ناو لە شتێک بنێت کە بە کردەیی هەیە، بەڵکو زیاتر هێڵە گشتییەکانی پرۆژەیەکی بیناکردنە.

**پ: لەم ساڵانەی دواییدا بینیمان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و حزبە سیاسییەکان لە سەرانسەری ئەوروپادا کارلێکی زیاتریان لەگەڵ یەکتردا کردووە، بۆ نموونە "پۆدیمۆس" (Podemos) لە ئیسپانیا. چۆن پەرەسەندنی ساڵانی داهاتووی بزووتنەوە-حزبێکی وەکو پۆدیمۆس دەبینیت؟**

هارت: پێموایە پۆدیمۆس گرەوێکە یان ئەزموونێکە بۆ پێوانەکردنی ئەو ڕادەیەی کە داخۆ پرۆژە هەڵبژێردراوەکان (electoral projects) تا چ ڕادەیەک دەتوانن هاوکار بن بۆ گەشەکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ڕاستە پۆدیمۆس لە زۆر لایەنەوە نەوەی بزووتنەوەی ١٥ی ئایارە (١٥ M movement)، واتە ئەو مانگرتنانەی کە لە هاوینی ٢٠١١ دا لە شارە گەورەکانی ئیسپانیا ڕوویاندا، هەروەها لێکەوتەی فۆڕمەکانی چەندین چالاکیی دیکەیە کە بەدوای بزووتنەوەی ١٥ی ئایاردا هاتن، وەکو خۆپیشاندانەکان دژ بە دەستپێوەگرتن (تەقەشوف) لە هەردوو کەرتی فێرکردن و تەندروستیدا کە بە "ماریاس" (mareas) ناسرا بوو (سەرکەوتنە هەڵبژاردنییەکانی بەرشەلۆنەی هاوبەش (Barcelona en comú) و ئێستای مەدرید (Ahora Madrid) لە هەڵبژاردنی حکومەتە خۆجێیەکانی ساڵی ٢٠١٥دا، بەڵگەی بەهێز و گرنگن لەسەر هێزی ئەم بزووتنەوانەی لە سیاسەتی هەڵبژاردندا). بەڵام لەلایەکی دیکەوە، بزووتنەوەی پۆدیمۆس هەندێک بونیادی سەنتراڵی حیزبە سیاسییە تەقلیدییەکانی تێدایە.

لێرەدا، گرەوەکە دوولایەنەیە. لەبەرئەوەی لەلایەک دەبێت بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکاندا پۆدیمۆس بگەیەنن

بەدەسەڵات، لەلایەکی دیکە دەبێت پۆدیمۆسیش فەزایەک بۆ بزووتنەوەکان بخوڵقێنێت تاوەکو تێیدا گەشە بکەن، بەو بزووتنەوانەیشەوە کە ناتوانێت بەشێوەیەکی گشتی بیانوێنێتەوە. ئەگەرچی ئەم دوو بەرەنجامە هێشتا ساغ نەبوونەتەوە و بە تەواوی جێگای دڵنیایی نین، بەڵام بەلای منەوە گرەوەکە شایەنی ریسکە.

**پ: بۆچوونت چییە لەسەر حزبی یەکێتیی دیموکراتی (PYD)ی کوردی و ئەو کۆمەڵگەیەی کە لە باکوری سوریا دروستی کردووە؟ ئەمانە گروپێکی سیاسیین کە پشتیوانی لە زمانی سەربەخۆیی و دیموکراسیەتی راستەوخۆ دەکەن لە کاتێکدا لە باکگراوندێکی سیاسیی مارکسیست-لینینیستی هەرە تەقلیدییشەوە هاتوون.**

هارت: وەکو زۆر کەسی دیکە، لە ساڵانی ١٤-٠٥-٢٠١٥دا بەرگریکردن لە کۆبانێ لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە دژ بە رێکخستنی دەوڵەتی ئیسلامی، ئیلهامی پێبەخشیم. بەڵام بەلای منەوە ئەوەندەی تازەبوونەوەی سیاسی لە تورکیا و رۆژئاڤا (Rojava) گرنگە، ئەوەندە لێهاتوویی بەرزی سەربازی و پاڵەوانبازی گرنگ نییە. بە بۆچوونی من یەکێک لە گرنگترین پەرەسەندنەکان ئەو بەرەوپێشچوونەیە کە ماوەی دەیەیەکە لەسەر ئاستی تیۆری لە بزووتنەوەی کوردیدا روویداوە، ئەویش کاتێک بزووتنەوەی کوردی ئامانجی



پۆستەرێك بۆ خۆ-سەربی دیموکراتی "(democratic autonomy).

خۆی لە "رزگاریی نیشتمانی" (national liberation)یەوە گۆڕی بە "خۆ-سەربی دیموکراتی" (democratic autonomy). گۆڕانی چەمککاری لە سەروەرێتییەوە (sovereignty) بۆ سەربەخۆیی (خۆ-سەری) (autonomy) بایەخێکی ئێجگار زۆری هەیە (رەنگە پەیوەندی لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا بابەتی توێژینەوەیەکی نایاب بێت لە تیۆری سیاسیدا)، رەنگە لەوەیش گرنگتر ئەو شێوازە وردەکارەی خۆ-سەربی دیموکراتی بێت لەسەر ئەرزی واقیع. کۆمەڵە کوردییەکان

بەشێوەیەکی راستەقینە فۆرمە دیموکراتییە نوێیەکان تاقیی دەکەنەوە. بۆ نموونە، لەپێناو بەگژداچوونەوەی جیاکاریی رەگەزیدا دەبێت هەر پۆستێک لە بونیادەکانی بەڕێوەبەرندا لە رۆژئاڤا، پیاوێک و ژنێک پێکەوە وەریبگرن، وەک پەیڕەویکردن لە سیستەمی هاوسەرۆکایەتی. ئەم جۆرە ئەزموونە، بزووتنەوەی ئەمڕۆی کوردی دەیکات یەکێک لە گرنگترین پێشەنگانی فۆرمەکانی دیموکراسیەتی نوێیە.

**پ: تۆ وەک ئەکادیمیستێک چالاکێکی تەواو سیاسیت. پەیوەندیی نێوان ئیلتیزامی ئەکادیمی و ئیلیتزامی سیاسی چۆن دەبینیت؟ ئایا ئەگەر پێگە نیمچە تایبەتییەکانی ئەکادیمییەکان لەبەرچاو بگرین، بەرپرسیارێتییەکی دیاریکراو لە ئیلتیزامەکانیاندا هەیە؟**

هارت: پێموانییە "بەرپرسیارێتی" (responsibility) چوارچێوەیەکی گونجاو بێت بۆ بیرکردنەوە لەم مەسەلەیە. جا لەبەرئەوەی ئەکادیمییەکان بە گشتی لە کەسانی دیکە شایەنتر و لێهاتووتر نین بۆ ئیلتیزامی سیاسی، ئەوا بێ سوودە بەرپرسیارێتییان بخەینە ئەستۆ.

لە راستیدا، گرنگە ئەو گریمانە پێوانەییە بشکێنرێت کە بڕوای بە لێکجیاکردنەوەی نێوان تیۆر و پراکتیک هەیە، کە بە گوێرەی ئەم پێوەرە گوایە رۆشنبیرەکان تیۆرسازن و ئەکتیڤیستەکانیش پەیوەستن بە پراکتیکەوە. بەبۆچوونی من هەندێک لە تیۆریزەکردنە هەرە تازەکان لەمڕۆدا، بەرەو ئەوە رۆیشتووە کە لەنێو بزووتنەوەکاندا ببێتە چالاکییەکی دەستەجەمعی و ئەمەیش گرنگییەکی زۆری هەیە، شتانێکی زۆر هەن کە دەبێت ئەکادیمییەکان فێری ببن؛ لە ئەکتیڤیستەکانەوە فێری ببن؛ نەک تەنیا لە کردەکانییانەوە، بەڵکو لە شێوازی بیرکردنەوە و ئەو مەعریفانەیشەوە کە بەرهەمیان دەهێنن.

---------------------------

تێبینی:

مایکڵ هارت (Michael Hardt)، فەیلەسوفێکی سیاسی و تیۆرسێنی ئەدەبییە، ساڵی ١٩٦٠ لە ئەمریکا لەدایکبووە، لە ئێستادا مامۆستای ئەدەبە لە زانکۆی دۆک و دەزگای پێگەیاندنی ئەورووپا (European Graduate Institute)، سەرنووسەری گۆڤاری وەرزیی باشوری ئەتلانتیک (the South Atlantic Quarterly)ـە. کارەکانی ئەو سەر بە رەوتی "مارکسیزمی سەربەخۆ" (autonomist Marxism).

یەکەم کتێبی فەلسەفی خۆی بە ناونیشانی "ژیل دۆلۆز، مەشق لە فەلسەفەدا"ی لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاوکردەوە؛ سێینە کتێبی "ئیمپراتۆریەت"، "مەڵتیتود"، "سامانی هاوبەش"، کە لەگەڵ هاوڕێ فەیلەسوفە ئیتالییەکەیدا "ئەنتۆنیۆ نێگری"، بەهاوبەشی نووسیوونی بە گرنگترین کتێبەکانی کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەک دادەنرێن. لەپاڵ ئەم سێینە بەناوبانگەدا، ئەم دوو هاوڕێیە پێکەوە لە ساڵی ٢٠١٢دا کتێبێکی دیکەیان بە ناونیشانی "جاڕنامە" (Declaration) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکردەوە، ئەوەیش هاوکات بوو لەگەڵ بزووتنەوەی "وۆڵ ستریت بگرن" و بزووتنەوە سەرپێچیکەرەکان و خۆپیشاندانەکان لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا؛ تێیدا لەو سیاسیەتە نوێیە دیموکراسییانەیان کۆڵییەوە کە ئەو بزووتنەوانە بۆ رێکخستن و بەرەنگاریی سیاسی و نوێنەرایەتی دایانڕشتبوو.

دەقی ئەم گفتوگۆیە لە ١١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥ لەسەر پێگەی (E-International Relations) بڵاوبۆتەوە.

لینکی وتارەکە بە زمانی ئینگلیزی:
http://www.e-ir.info/٢٠١٥/١١/١١/interview-michael-hardt







وێنەکەی سەرەوە تابلۆی کۆمەڵکوژیەکەی نسێبینە لەساڵی ٢٠١٦ گیراوە و لەلایەن زەهرا دۆغان بەشێوەی تابلۆ کێشراوەتەوە و بەهۆی ئەو وێنەیەوە تاوانبار کراوە و بڕیاری زیندانیکردنی بۆماوەی زیاتر لە دوو ساڵ دەرکراوە.




پیرۆزبێت یادی ١١٩ ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان"